
# پوختەی کتێبی لە سنوورەوە هەتا سنوور

تویژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران

*نووسەر: کامیل ئەحمەدی*



## پێڕستی بابەتەکان


| |
|---|
| وتەیەک لەگەڵ خوێنەر |
| پێشوتار |
| پێشەکی |
| ئامانج و گرنگیی توێژینەوە |
| شێوازی توێژینەوە |
| ئەدەبیاتی توێژینەوە |
| شوناس و ئێتنیکایەتی (پێناسە و چەمکەکان) |
| شوناس لە ئێران |
| فرەڕەنگیی شوناسە گشتییەکان لە ئێران |
| شوناسە ئێتنیکی و ئایینییەکان لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران |
| پێگەی جوگرافیایی و داڕشتەی ئێتنیکایەتیی ئێتنیکە دانیشتووەکانی ئێران |
| ئازەرییەکان / تورکەکان |
| بەلووچەکان |
| فارسەکان |
| کوردەکان |
| عەرەبەکان |
| شوناسخوازیی ئێتنیکی لە ئێران |
| بە سیاسیبوونی شوناسی گشتی |
| ئاشتیی بەردەوام |
| ئەنجامەکان |
| سازان یان دژایەتی: شوناسی ئایینی و شوناسی نەتەوەیی |
| سنوورە کەلتوورییەکان |
| پەیوەندیی یان لێکپسان: پێشینەی شوناسی ئێرانی |
| سەرنەکەوتنی بزاڤە شوناسخوازییەکان |
| ناکارامەیی پێکهاتە کۆمەلایەتییە چەسپاوەکانی ئێران |
| پەیوەندیی دەوڵەت و ئێتنیکەکان |
| سڕینەوەی کەلتوورەکان |

| |
|---|
| تێپەڕین لە قەیرانەکان |
| ئەنجامگرتن |
| داپەڕە پێشنیارییەکان |
| وەدیهاتنی دادپەروەریی ئابووری |
| وەدیهاتنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کەلتووری |
| وەدیهاتنی دادپەروەریی سیاسی |
| وەدیهاتنی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی |
| دەوری میدیا گشتییەکان لە هاوپەیوەندیی شوناسی (بوونی دادپەروەریی نێوانئێتنیکیی میدیایی) |
| گرنگیی زیاتر بە دەوری لێکنزیکردنەوەی ئایینزا و ئایینەکان لە ئێران |
| بە کارهێنانی دەفرایەتیی دیموکراتیکی یاسایی و جێبەجێکردنی یاسا ڕاگیراوەکانی |
| سەبارەت بە نووسەر |
| سەرچاوەکان |
| پێڕستی وێنەکان |
| وێنەی ژمارە 1: ئێلێمانەکانی شوناسی نەتەوەیی ئێرانی |
| وێنەی شمارە 2: ڕیزی نوێژخوێنانی ئەهلی سوننە لە یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری تاران و دژواری ئامادەبوون لە شوێنێکی بچووک |
| وێنەی ژمارە 3: مۆدێلی چەمکیی (GT) تاوتوێکردنی شوناسی گشتی لە ئێران بە پێداگریکردن لە سەر ئاشتی (1397 - 98) |
| پێڕستی چارتەکان |
| چارتی ژمارە 1: پەیوەندییە ئێتنیکییەکان – بلیمەتەکان |
| چارتی ژمارە 2: پەیوەندییە ئێتنیکییەکان – کەسانی ئاسایی |
| چارتی ژمارە 3: لێکپسان و هەڵاوردنی ئایینی - بلیمەتەکان |
| چارتی ژمارە 4: لێکپسان و هەڵاوردنی ئایینی – کەسانی ئاسایی |
| چارتی ژمارە 5: ڕەواداریی خوێندن بە زمانی دایکی – بلیمەتەکان |
| چارتی ژمارە 6: ڕەواداریی خوێندن بە زمانی دایکی – کەسانی ئاسایی |
| چارتی ژمارە 7: ڕادەی هەست بە هەڵاواردنی سیاسیی ئێتنیکی – بلیمەتەکان |
| چارتی ژمارە 8: ڕادەی هەست بە هەڵاواردنی سیاسیی ئێتنیکی - کەسانی ئاسایی |
| چارتی ژمارە 9: ڕادەی ڕەزامەندی لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگ – بلیمەتەکان |
| چارتی ژمارە 10: ڕادەی ڕەزامەندی لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگ – کەسانی ئاسایی |
| چارتی ژمارە 11: دەرفەتی یەکسان بۆ کارکردنی ئێتنیکەکان – بلیمەتەکان |
| چارتی ژمارە 12: دەرفەتی یەکسان بۆ کارکردنی ئێتنیکەکان - کەسانی ئاسایی |

| |
|---|
| چارتی ژماره 13: ڕێژەی بێکاری (بە گێڕانەوە لە ناوەندی ئاماری ئێران) |
| چارتی ژماره 14: ڕادەی هەستی لێکپسان و هەڵاواردنی ئابووری - بلیمەتەکان |
| چارتی ژماره 15: ڕادەی هەستی لێکپسان و هەڵاواردنی ئابووری – کەسانی ئاسایی |
| چارتی ژماره 16: سنووردارێتی لە ڕێوڕەسمەکان - بلیمەتەکان |
| چارتی ژماره 17: سنووردارێتی لە ڕێوڕەسمەکان – کەسانی ئاسایی |
| چارتی ژماره 18: بارودۆخی سیاسیی وڵات - بلیمەتەکان |
| چارتی ژماره 19: بارودۆخی سیاسیی وڵات – کەسانی ئاسایی |
| چارتی ژماره 20: ڕەزامەندی لە مافەکانی هاووڵاتی – بلیمەت |
| چارتی ژماره 21: هەست بە هەڵاواردنی مافەکانی هاووڵاتی ئێتنیکی – بلیمەتەکان |
| چارتی ژماره 22: هەست بە هەڵاواردنی مافەکانی هاووڵاتیی ئێتنیکەکان – کەسانی ئاسایی |

## وتەیەک لەگەڵ خوێنەر

ئەم بەرهەمە کورتە و پوختەی توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی (*ethnicity*) لە سەر تەوەری ئاشتییە کە لە سەر ئاستی سێزدە پارێزگای ئێران بە ڕوانینێکی خەڵک‌ناسانە ئەنجام دراوە و بەرگە تەواوەکەی لە دوو توێی کتێبێکدا دەخرێتە بەر دیدەی هۆگران. من هەمیشە هۆگری خوێندنەوەی شوناس و ئێتنیکایەتی بووم و ئەم هۆگرییە زیاتر بە هۆی کوردبوونمەوە بووە. زۆرێک لە ڕوانگە، وتە و بیستراوە ئێتنیکییەکان و بیرەوەرییەکانی جەنگ بەشێک لە ئەزموونە ژیاوەکانی من لە تافی منداڵیدا پێک دێنێت. من لە ناوچەیەکی نە زۆر دوور لە شارە سنوورییەکان و نزیک لە وڵاتی عێراق و بە مەودایەکی کەم لە سنووری تورکیا ژیاوم و گەورە بووم و ڕەنگە باشتر و ڕوونتر لە شوناس و ئێتنیکایەتی تێگەشتبێتم. هۆکارێکی تری هۆگربوونم بە توێژینەوە سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی لێکۆڵینەوە و کارە توێژینەوەییەکانم لە وڵاتانی دیکە و زیاتر لە وڵاتی ئێران و کۆمەڵگە گوندی و بێبەشەکانی؛ ئەم توێژینەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ منی گرێ دەداوە بەو ئێتنیکانەی وا لە ناوچە بەشخوراو و بێبەش لە پێشکەوتن دەژین و ئەم ڕووبەڕووبوونەوە و پەیوەندییە بووە هۆی ئەوەی ڕەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێتنیکەکان بناسم. هۆکاری سێیەمی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی ئەوە بوو کە ئەم ئێتنیکانە یەکتر و هەروەها ئەو لاوازی و کەمایەسییانە بناسن کە لە دێرزەمانەوە لە سیاسەتە ناوەندتەوەرەکانەوە بوونی هەبووە و دەبێتە هۆی دابەشبوونی نادادپەروەرانەی سامان و دەسەڵات لە ناوچە جۆراوجۆرەکان و بابەتی گرینگ و داخراوی ناوەند – دەوروبەر. هۆکارێکی گرنگی دیکە دەور و گرنگیی ئاشتی لە جوگرافیا و مێژووی ئێران بەتایبەت لە قۆناغی هەستیاری ئێستایە کە هانی دام توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی بە تەوەرایەتی ئاشتی ئەنجام بدەم. ئەم توێژینەوە کە کارە توێژینەوەییەکەی زیاتر لە سەر کەسانی چینی پسپۆڕ و بلیمەتی ئەم گرووپانە و بە ڕێژەیەکی کەمتر لە سەر گرووپی کەسانی ئاسایی و خەڵکی کووچە و بازاڕ دەستی پێکرد، لە پلەی یەکەمدا خولیای وڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بوو کە ئێتنیکەکان چە تێگەیشتنێکیان لە خۆیان و لە شووناسەکانی ئەویتری کە لەگەڵیان دووفاقیسازی دەکا، هەیە و لە پێکهاتەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵگای ئەوڕۆی ئێراندا خۆیان لە کوێدا دەبیننەوە و ڕا و بۆچوونیان سەبارەت بە یەکگرتوویی، بەشداریی سیاسی، زمانی زکماکی و ناوەند – دەوروبەر چییە.

دیاردەی بە ئێتنیکی‌بوون و بێچمگرتنی شوناسەکان و وردەکەلتوورەکانی نزمتر لە شوناسی نەتەوەیی لە سەردەمی هاوچەرخدا گرنگییەکی دووقاتی هەیە و فاکتەرگەلی وەکوو دابەشکردنی وڵاتەکان بە پێی حکوومەتی نەتەوەیی، نایەکسانی و بێبەشییەکان، ئایدۆلۆژیاکان، و کلۆنیاڵ دەورێکی گرنگیان لە بە ئێتنیکی‌بوونی کۆمەڵگاکاندا بووە. زۆرێک لە خاوەن‌بیرە جیهانییەکان پێشبینییان دەکرد کە پاش ساڵانی جەنگی جیهانیی دووهەم و لە دوای درێژەدان بە بەرنامە کەڵانەکان و لێکچوواندنی پێکهاتەیی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و سەردەمی جیهانگیری و هەروەها لەگەڵ گەشەی شارنشینی و خوێندن، ئاسانبوونی هاتوچۆ بۆ شوێنە جۆراوجۆرەکان و پانتای ڕاگەیاندن کە بۆتە هۆی بچووکتربوونەوەی قەڵەمڕەوی زمانی و شوێنی، هۆگرییە ئێتنیکییەکان لاواز دەبن و گەنجی خوێندەواری ئەوڕۆیی ئەوەندە گیرۆدەی ئەم بابەتە نابێ، بەڵام ڕەوتی سەربەخۆیی لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤییەت و لە کۆلۆنیاڵەکانی بریتانیا و درێژەی پرۆسەی

شوناسخوازیی ئێتنیکی لە ناو دڵی ئەورووپا و وڵاتانی پێشکەوتوو و دەیان حاڵەتی دیکە گوزارشتە لەوەی کە سەرەڕای ئەم ڕوانگانە، لە دنیادا ئەم هۆگرییە ئێتنیکییانە هێشتا زیندوون. ئەم حاڵەتانە پیشان دەدەن ڕەوتی شوناسدۆزیی ئێتنیکی نابێ تایبەت بە جیهانی سێیەم و وڵاتانی پێشنەکەوتوو بزانین.
گرنگیی بابەتی ئێتنیکەکان بۆ ئێران کە وڵاتێکە بە فرەڕەنگیی ئێتنیکی زۆرەوە، لە چاو وڵاتانی دیکە، سەد قاتە و لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا، هۆگریی ئێتنیکی لە ناو ئێتنیکە ئێرانییەکاندا بە توندی و لاوازییەکی جیاوازەوە بوونی بووە. ئەگەرچی هەندێ لە ئێتنیکەکان لە ئێراندا خۆیان لە پێگەی نەتەوەیەکی سەربەخۆ دەزانن. شایەنی ئاماژەیە بەر لە دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێران، جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئێتنیکەکان هەر وا ئاسان نەبوو، چوونکە سەرۆک ئێتنیک و هۆزەکان لە ناو پێکهاتەی دەوڵەتدا بەشدار بوون و دەوڵەت و ئێتنیکە ئێرانییەکان بە یەکتر وابەستە بوون و ڕژیمێکی یەکگرتوویان پێک دەهێنا کە ناوی شوناسی ئێرانی بوو. دەوڵەت بۆ ئامادەکردنی سوپا و وەرگرتنی باج و دەستەبەریی ئاسایشی سنوورەکان پشتی بە گرووپە ئێتنیکییەکان دەبەست و گرووپە ئێتنیکییەکانیش لە دەسەڵاتدا بەشدار بوون و لێی سوودمەند دەبوون و ئەگەر هاوسەنگیی ئەم دووانە تێکچووبا، دیسان ئەم هاوسەنگییە ساز دەبووەوە. ئەم بارودۆخە، بەتایبەت لە سەدەی ڕابردوودا و لە بڕگە مێژوویییەکانی وەکوو شۆڕشی مەشرووتە، جەنگی جیهانیی یەکەم و دووهەم، دەرکرانی ڕەزاشا و هاتنە سەر کاری پەهلەویی دووهەم و هەروەها سەرکەوتنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە هەندێ لە ناوچە پەراوێزەکانی ئێران دەرکەوت، بەڵام بە دەسەڵاتدۆزیی هێزە ناوەندییەکان دەتوانین بڵێین کە تەمەنی ئەم ڕێکخراوە سیاسی – ئیدارییە خۆجێییە خۆبەڕێوەبەرانە کورت بوو.
تاوتوێی پێشینەی مێژوویی ئێتنیکەکان لە ئێران پیشان دەدا کە گرووپە ئێتنیکییەکان لە یاسا جیاکارییەکان بەتایبەت لە بواری زمان. ئایین و مافە مەدەنییەکانیان بێزار بوون. لە شۆڕشی مەشرووتە، مافی ئەم گرووپانە ڕەچاو نەکرا و لە سەردەمی پەهلەویش چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە، گۆڤار و کتێبی زمانە ئێتنیکییەکان بە توندی قەدەغە دەکرا. لە ئێستادا دەتوانین هۆکاری سەرەکی و ڕیشەیی ئەم ناڕەزایەتییانە ببەینەوە بۆ هەستی نایەکسانیە سیاسی، ئابووری، کەلتووری، زمانی، ئایینییەکان و ... ی ئێتنیکەکان و لە کاتی هەڵسەنگاندنی خۆیان گرووپە ئێتنیکییەکانی دیکە و بەتایبەت فارسزمانەکان. لە بواری سیاسیدا، کورد، تورک، عەرەب و بەلووچەکان لەو باوەڕەدان کە لە پێکهاتەی سیاسیی وڵات پێگەیەکی ئەوتۆیان نییە و لە پۆستە سەرەکییە پلە باڵاکانی وڵات، هیچ بەرپرسێک سەر بە گرووپی ئێتنیکیی ئەوانی تێدا نییە. لە بواری ئابووری، ناوچە پەراوێزەکان ئێمکانیاتی پێویستیان نییە و ئەم باوەڕە هەیە کە بەشی سەرەکیی ئیمکانیاتی وڵات لە ناوچە ناوەندنشینەکاندا چڕ بۆتەوە. لە بەشی کەلتووری، ئێتنیکە توێژینەوە لە سەرکراوەکان لەو بۆچوونەدان کە لە بەڕێوەبردنی مێهرەجان و کۆڕبەندە ناوچەییەکان، ڕێوڕەسم و داب و نەریتە خۆجێییەکانیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە و میدیا نیشتمانی و خۆجێییەکان بە شێوەی ئەوتۆ کەلتووری ئەوان پیشان نادا و لە خزمەت کەلتووری خۆماڵیدا نین و لە بەشی پەروەردە و ڕاهێنان، هیچ کتێبێکی وانەیی بە زمانی دایکی بوونی نییە و منداڵانی کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ و هتد ناچارن بە زمانی دووهەم لە قوتابخانەکانی وڵاتدا بخوێنن. لە ڕووی ئایینزاییەوە زۆربەی بەلووچەکان و هەروەها بەشێک لە کوردەکان، هۆگری ئایینزایەکی جیاواز لە ئایینزای فەرمیی وڵاتن و لەو بۆچوونەدان کە ڕوانینی ئایدۆلۆژییانەی بەرپرسان وای کردووە کە لە ڕەهەندە سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە ستەمیان لێ بکرێت.
ئەم بابەتانەی کە باس کرا تەنیا پیشاندەری بەشێک لە داخوازیی گرووپە ئێتنیکییەکان لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوو بەتایبەت لە ساڵانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییە. داخوازیگەلێک کە هەمیشە ڕووبەڕووی

ڕوانینی ئەمنییەتی بۆتەوە و بە تێکدەری یەکپارچەیی و سازانی نیشتمانی زانراوە و ئەم داخوازییانە بە شێوەی بەرەنگارانە، زەبر و توندئاژۆیانە بەرپەرچی دراوەتەوە. لە ئەنجامدا ئەمە بۆتە هۆی ڕفتاری توندئاژۆیانەی نێوان ناوەند و گرووپە ئێتنیکییەکان کە زەبرێکی قەرەبوونەکراوی لە یەکێتی و یەکپارچەیی نەتەوەیی داوە.
بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە ئێتنیکایەتی و نەتەوایەتی وەک یەکێک لە جۆرەکانی شوناسی کۆمەڵایەتیی مۆدێرن دێنە هەژمار و لە لایەکی دیکەشەوە لە سەدەی نۆزدەهەم، ئێتنیک بەو گرووپی کەسانە دەوترا کە لە دەرەوەی پۆلیسی سەرمایەداریدا دەژین و لە سەدەی بیستەمدا ئەم چەمکە بۆ ئەو گرووپی خەڵکانە بە کار دەهێنرا کە زمان و وڵات و مێژووی هاوبەشیان هەبوو کە یەکەم لە ژێر وشەی نەتەوە پێناسە دەکران و دووهەم لانیکەم زمان یان تەنانەت قەڵەمڕەوێکی جیایان لە نەتەوە هەبوو و لە دژایەتی و ڕکابەری لەگەڵ نەتەوە هەستان بە دروستکردنی مێژووی خۆیان، لێکچوواندنی فرەڕەنگیی زمانیی خۆیان و دیاریکردنی قەڵەمڕەوی خۆیان و لە لایەکی دیکەشەوە نەتەوایەتی دەرخەری شوناسێکە کە درێژە و پێشینەی مێژوویەکە کە گوزارشت لە کۆمەڵێ ئینتما و ئەرکی کۆمەڵێ خەڵکە کە سەر بە شوێنێکی جوگرافیایی تایبەتن، خەڵکانێک کە پێکەوە بڕیار دەدەن، کار دەکەن و دەگەنە ئەنجامێک، کەواتە لە ئێستادا، سەبارەت بەم بابەتە لە ناو حیزبە سیاسییەکان، ئەکتیڤەکان و چالاکڤانانی مەدەنیدا دوو ڕوانگە و شیکاریی جیاواز بەدی دەکرێت. هەروەها بە پێی ئەو ئاڵۆزییانەی کە هەڵگری بە کارهێنانی شوناسی ئێتنیکی و شوناسی نەتەوەییە و ئاگاداربوون لەوەی کە لە ناو هەندێ لە کەمینەکانی دانیشتووی وڵاتی ئێران، پێداگرییەکی زۆر لە سەر بە کارهێنانی وشەی "نەتەوە" لە بری "ئێتنیک" دەکرێ، ئەم لێکۆڵینەوە لە بە کارهێنانی وشەی "ئێتنیک" مەبەستی نزمکردنەوەی مانا و چەمک نییە و بەو پێیەی کە ئەم لێکۆڵینەوە ڕۆحی زانست ڕەچاو دەکا و بە نیاز نییە لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەدا بەها تاکایەتییەکانی خۆی ئاوێتە بکا، نووسەر بە تاوتوێی ئەم ڕوانگانە لە بەشی تیۆریی توێژینەوە، بە ئاستێک لە ناسینی پێویست و ورد گەیشتووە و وێڕای ڕێز بۆ هەر دوو ڕوانگە باوەکە، ئەم توێژینەوە لە سەر ڕوانگەیەکی خەڵکناسانە و ئێتنۆگرافانە بێچمی گرتووە و توێژەر لە هەموو بەشەکانی ئەم توێژینەوەدا، کەڵکی لە هەر دوو وشەی ئێتنیک و نەتەوە گرتووە و ڕوانگەی بێلایەنانەی خۆی پاراستووە و بە دوور لە دەمارگرژی پرسی شوناس و ئێتنیکایەتی تاوتوێ کردووە.
وەک ئاماژەی پێدرا، ئەم توێژینەوە هەوڵودای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە:

- ئێتنیکەکان چ تێگەیشتنێکیان لە خۆیان و لە شوناسەکانی دیکە هەیە کە لەگەڵیان دووفاقیسازی دەکات؟
- لە پێکهاتەی سیاسی، ئابووری، و کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا خۆیان لە کوێدا دەبیننەوە؟
- بۆچوونیان سەبارەت بە یەکگرتوویی، بەشداریی سیاسی، زمانی دایکی و ناوەند – پەراوێز چییە؟
- ئایا پانتای هزری و کردەیی بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی زێدەتر لە ناو ئێتنیکەکاندا بوونی هەیە؟

و بۆچییەتی ئەم بابەتانەی لێکداوەتەوە و بۆ گەیشتن بە وەڵام، شێوازی زانستی و ئەنجامدانی دیمانەی لەگەڵ کەسانی هەڵکەوتە و بلیمەت و لە سەر ئاستی جەماوەری و خەڵکانی ئاسایی بۆ ئەم توێژینەوە بە کار هێنا کە ئەنجامە وەدەستهاتووەکان وێڕای پیشاندانی داخوازییە هەنووکەییەکانی هەر کام لە گرووپە ئێتنیکییە توێژینەوە لە سەر کراوەکان دەتوانێ بە شێوازێکی ئاشتییانە لە پێناو چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان هاوکاریی بڕیاردەران بکا و هەروەها یارمەتی تەبایی و یەکپارچەیی نیشتمانی و نەتەوەیی بدات.
پێویستە ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە و لە ماوەی قۆناغەکانی توێژینەوەدا پشتیوانیان لێکردم، دەستخۆشی خۆم ئاراستە بکەم. سپاسی ئەندامانی بنەماڵەکەم دەکەم کە هیچکات پشتیوانی خۆیان لە من درێغ نەکرد و لە هەموو قۆناغە دژوارەکانی ئەم کارەدا لەگەڵم بوون و هەروەها سەری ڕێز نەوی دەکەم بۆ ئەو

دۆست و هاوڕێ نزیکانەی کە لەم پرۆسە توێژینەوەییەدا هانیان دام. سپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە کۆ بوونەوە و گێڕانەوەکانی ئەم کارەیان کۆ کردەوە و ئینجا شرۆڤەیان کرد بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکی گشتگیر وەدەست بهێنرێت. سپاسی تایبەتیم هەیە بۆ یاریدەدەران و هاوکارەکانم خاتوو ڕۆزا هیممەتی و بەڕێز محەمەد (جەماڵ) حسێنی کە لە قۆناغەکانی توێژینەوەدا لەگەڵم بوون و لە کۆکردنەوەی بابەت و سەرچاوە و شیکارییەکاندا یارمەتییان دام. خاتوو ساناز تەبەری بۆ پێداچوونەوەی بابەتەکان و زیادکردنی هەندێ گێڕانەوە سپاسی دەکەم. زۆر کەس و ناوەند بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوە هاوکارییان نواند. ئەم توێژینەوە بەتایبەت بەشە مەیدانییەکەی، تەنیا بە سەفەرە وەدۆزینەوکان، ڕاهێنانی مەیدانی، پشتیوانی و هاریکاریی ئەوان هاتە دی. لەم بوارەدا، سپاسی هەر کام لەم بەڕێزانە دەکەم: ڕۆزا هیممەتی، ساناز تەبەری، دکتۆر هاوڕێ سورخابی، کوردستان شاهمرادی، مۆحسین مەعڕووفی و دکتۆر موسلیم نازمی بۆ ڕاوێژ و چاودێری بە سەر ڕەوتی شیکارییەکاندا. دەستی ماندووبوونی بەڕێز سەید محەمەد (جەماڵ) حسێنی و بەڕێز موحسین مەعڕووفی دەگووشم بۆ ئەوەی شیکاریی چەندایەتییەکانی توێژینەوەیان ئەنجام دا و بۆ هەڵێنجاندنی داتا مەیدانییەکان و ڕێکوپێک کردنی خشتە و چارتەکان هاوکارییان نواند. سپاسی خاتوو مەرزییە نکووکار دەکەم کە ئەرکی پێداهەڵچوونەوە و وردبینییان بەتایبەت لە پێداچوونەوەی ناوەڕۆکیی ئەم بەرهەمەیان گرتە ئەستۆ. سپاسی تایبەتیم هەیە بۆ بەڕێز دکتۆر حەسەن ڕەشیدی کە بە دەقی کۆتایی کتێبەکدا چوونەوە و بە ڕاوێژ و هۆشداریی سەبارەت بە ڕاستکردنەوە پێویستەکان بوونە هۆی ئەوەی ئەم بەرهەمە یەکدەستتر و وردتر بێت. سپاسی خاتوو شەفەق ڕەحمانی دەکەم کە ئەرکی پێداهەڵچوونەوەی ئەدەبیاتی تیۆریی دەقەکەیان گرتە ئەستۆ. دەستخۆشی و سپاسێکی یەکجار زۆرم بۆ پرۆفیسۆر عەباس وەلی هەیە کە سەبارەت بە دەق و سەرچەشنی سەرەتایی ئەم کتێبە تەگبیر و ڕاوێژم لەگەڵ کرد.
خۆم بە قەرزداری پشتیوانی، میوانگری، ڕا و بۆچوونە هزرمەندانە و پێشنیارەکانی دۆستان و هاوکارانم لە سێزدە پارێزگا و شارەکانی تاران، ئیسفەهان، ئازەربایجانی ڕۆژاوا و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، زەنجان، ئەردەبێل، کوردستان، کرماشان، ئیلام، خوزستان، بووشێر، سیمنان و سیستان و بەلووچستان دەزانم؛ چاوی ئەو خۆشەویستانە ماچ دەکەم کە بۆ وەرگرتنی دیمانە بووم بە میوانیان و زۆر کەسی دیکە کە لە هاوئاهەنگی و پەیوەندییە مەیدانییەکاندا هاوکارییان کردم بۆ ئەوەی قۆناغەکانی ئەم توێژینەوە ئاسان ببێتەوە کە بە هۆی ئەوەی ژمارەیان زۆرە ناتوانم ناویان بێنم و هەروەها دەستخۆشیم هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە نەیانویست لەم بەرهەمەدا ناویان بهێنرێت. هەروەها سەری ڕێز نەوی دەکەم بۆ زانایانی ئایینی، ناوەندە ئایینییەکان و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە لەم لێکۆڵینەوەدا هاوکارییان نواند. بەتایبەتی پێزانینی خۆم ئاراستەی کەسانی دیمانە لەگەڵکراو و بنەماڵەکانیان، بۆ وێنە کەسانی بەرپرس لە ئیدارە و ناوەندەکانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، تەندروستی و زانکۆ جۆراوجۆرەکانی سەرتاسەری وڵات، زانکۆی ئازادی ئیسلامی و پەیامی نوور (کە زانکۆی ئەلزەهرا یەکیانە) و زانکۆی تەورێز دەکەم، چوونکە بۆ تەواوکردنی ئەم بەرهەمە ئێمەیان لە زانست و زانیارییەکانیان بێبەش نەکرد.

***کامیل ئەحمەدی***
1399ـی هەتاوی
kameelahmady.com

## پێشوتار

لە تایبەتمەندییەکانی دنیای نوێ، ڕزگاربوونی مرۆڤ لە کۆت و بەندە سنووردارەکانی نەریتە کە بە پێی ئەوە، لە جیاتی ئەوەی مرۆڤەکان دەروەست و پابەند بە قبووڵکردنی گریمانەکان، بەهاکان، بنەما و نۆرمە نەریتییەکانی باب و باپیرانیان بن، خۆیان بە شێوەی سەربەخۆ ئەمانە پێناسە و سەر لەنوێ پێناسە دەکەنەوە. چەمکی شوناس[1] و ئەوەی کە تاکەکان لە کام گرووپدا بن، یەکێک لەو چەمکانەیە کە لە دنیای ئەوڕۆدا تاکەکان بە شێوەی سەربەخۆ دەیانهەوێ وەدەستی بێنن. هەڵبەت زۆرێک لە خاوەن تیۆرییەکان پێش‌بینییان دەکرد کە پاش ساڵانی جەنگی جیهانیی دووهەم و لە دوای گرتنەبەری بەرنامەی کەلان و یەکدەستی پێکهاتەیی لە سەر ئاستی نەتەوەکان و سەردەمی جیهانگیری[2] و هەروەها لەگەڵ گەشەی شارنشینی و خوێندەواری، ئاسانتربوونی هاتووچۆ بۆ شوێنە جۆراوجۆرەکان و پانتای میدیایی کە بۆتە هۆی بچووکتربوونی قەڵەمڕەوی کاتی و شوێنی، هۆگرییە ئێتنیکییەکان لاواز دەبنەوە و گەنجی خوێندکاری ئەوڕۆیی ئەوەندە دەروەستی ئەم بابەتە نابێ؛ بەڵام ڕەوتی سەربەخۆیی لە کۆمارییەکانی سۆڤییەتی پێشوو و کۆلۆنیاڵەکانی بریتانیا و بەردەوامبوونی ڕەوتی شوناسخوازیی ئێتنیکی لە ناو دڵی ئوروپا و وڵاتانی پێشکەوتووی وەکوو بریتانیا (سکۆتلەند، ئیرلەندی باکووری، وێڵز)، ئیسپانیا (کاتالۆنیا، باسک)، ئیتالیا (باکوور و باشووری ئیتالیا و ڤێنتۆ لە ڤێنیز)، پۆڵندا (سیلسیای خواروو)، سوویسرا (ژۆرا)، بەلژیکا (فلاندێری باکووری)، فەڕەنسە (بریتانی)، قوبرس (بەشی تورک‌نشینی باکووری قوبرس) و دەیان حاڵەتی تر کە گوزارشتە لەوەی کە بە پێچەوانەی هەموو ڕوانگەکان لە دنیای مۆدێرندا هۆگریی ئێتنیکی زیندووە.

لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا، هۆگریی ئێتنیکی لە ناو ئێتنیکە ئێرانییەکانیشدا بە زۆری و کەمیی جۆراوجۆرەوە خۆی پیشان داوە؛ لە ساڵە سەرەتاییەکانی حکوومەتی محەمەدڕەزا شا لە ئازەربایجان تاقمی دیموکڕات توانی نزیکەی ساڵێک سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ و ئیدارەی هەندێ لە ناوچەکانی ئازەربایجان بگرێتە دەست. لە هەمان کات و لە کوردستانیشدا حیزبی دیموکڕاتی کوردستان توانی کۆنترۆڵی هەندێ لە شارە کوردنشینەکان بگرێتە دەست. لە ساڵانی پاش شۆڕشی کۆماری ئیسلامیش زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان گیرۆدەی جەنگگەلێک هاوپەیوەست بە شوناسخوازیی ئێتنیکی بوون[3]. ناوچە بەلووچنشینەکانیش لە سەردەمی ڕەزاشا و محەمەدڕەزاشادا شایەدی ڕووداوگەلێک لەم بوارەدا بوون کە پاش ماوەیەک بە داپەڕی بەرەنگارانەی حکوومەتی ناوەندی سەرکوت کرا. لە ناو عەرەب زمانەکانیشدا هۆگریی شوناسخوازانەی ئێتنیکی لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا هەمیشە بوونی هەبووە و وەک دوایین چالاکیان لەم بوارەدا دەتوانین ئاماژە بە چالاکییەکانی گرووپی ئەلئەهوازییە بکەین و ئەمە پیشاندەری ناڕەزایەتی لە چەشنی ئێتنیکییە کە هۆکاری سەرەکی و بناغەی ئەم ناڕەزایەتییانە دەتوانین لە هەستی نایەکسانییە سیاسی، ئابووری، کەلتووری، زمانی، ئایینزایی و فاکتەرەکانی دیکە بزانین کە لە ناو ئێتنیکەکاندا بەدی دەکرێ، بە جۆرێک کە لە کاتی بەراوردکردنی خۆیان لەگەڵ دیکەی گرووپە ئێتنیکییەکان و بەتایبەت فارس زمانەکان گەیشتووەتە ئەو پەڕی خۆی. لە بواری سیاسیدا ئێتنیکەکانی کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ لەو باوەڕەدان

---

[1] - **Identity**

[2] - **Globalization**

[3] - **بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە**

**L. Cameron (2008), Growth with or without Equity: The Distributional Impact of Indonesian Development, Asian-pacific Economic Literature, 16 (2), PP. 1-17**

کە لە پێکهاتەی وڵاتدا پێگەیەکی ئەوتۆیان نییە و لە پۆستە سەرەکییەکانی وەزارەتخانە، پارێزگاری، باڵوێزخانە و دیکەی بەرپرسان و دەسەڵاتداران کەسێکی تێدا نییە کە سەر بە گرووپی ئێتنیکیی ئەوان بێت.
لە بواری ئابووریشدا ئەم باوەڕە هەیە کە بەشی سەرەکیی ئیمکانیاتی وڵات لە پارێزگا ناوەندنشینەکاندا چڕ بۆتەوە و ناوچەگەلێکی وەکوو ئازەربایجانیش ئەگەر ئەوڕۆ خاوەن ئیمکانیاتە، ئەوە زیاتر بەرهەمی تێکۆشانی خەڵکەکە خۆیانە و یان پیشە کارخانەییە چێکراوەکان هی سەردەمی بەر لە شۆڕشی ئیسلامییە. لە بەشی کەلتووریدا ئێتنیکە توێژینەوە لە سەر کراوەکان باوەڕیان وایە کە سنووردارییەک لە دژی مێهرەجان و کۆڕبەندە ناوچەییەکان، جەژن و داب و نەریتی خۆجێیی ئەوان هەیە و میدیا نیشتمانی و خۆجێییەکان بە شێوەی ئەوتۆ کەلتووری ئەوان پیشان نادەن و لە خزمەت کەلتووری خۆماڵیدا نین. سەبارەت بە زمانی دایکی، سەرەڕای تەمەنی چل ساڵەی شۆڕشی ئیسلامی، منداڵانی گرووپە ئێتنیکییەکان هێشتا ناچارن بە زمانی دووهەم لە قوتابخانەکانی وڵاتدا بخوێنن و بە گشتی مادەیەکی دەرسی بۆ پەروەردەی فەرمی بە زمانی زکماکی بوونی نییە. گرووپی ئێتنیکیی بەلووچ و هەروەها بەشێک لە کوردەکان، لە سۆنگەی ئایینزاییەوە سەر بە ئایینزایەکی جیاواز لە ئایینزای فەرمیی وڵاتن و لەو بۆچوونەدان کە ڕوانینی ئایدۆلۆژییانەی بەرپرسان وای کردووە کە لەم بوارەدا ستەمیان لێ بکرێت. نەبوونی مەزگەوتی تایبەت بە ئەهلی سوننە لە شاری تاران یان پێنەدانی پۆستی باڵای بەڕێوەبەری بە شوێنکەوتووانی ئەم ئایینزایە لە خواستە گرنگەکانی ئەم ئێتنیکەیە کە سەرەڕای ئەوەی بەڵێنێکی زۆر دراوە، بەڵام هەتا ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێ کردن.[1]
ئەم بابەتانەی کە باس کرا تەنیا پێشاندەری بەشێک لە داخوازیی گرووپە ئێتنیکییەکان لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوو بەتایبەت لە ساڵانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییە. داخوازیگەلێک کە هەمیشە ڕووبەڕووی ڕوانینی ئەمنییەتی بۆتەوە و بە تێکدەری یەکپارچەیی و تەبایی و سازانی نیشتمانی زانراوە و بە شێوەی بەرەنگارانە و توندئاژۆیانە بەرپەرچیان دراوەتەوە و لە کۆتاییدا بۆتە هۆی ڕفتاری توندئاژۆیانەی نێوان ناوەند و گرووپە ئێتنیکییەکان کە پاش ماوەیەک و لەگەڵ لاوازکردنی گرووپە ئێتنیکییەکان، بێدەنگییەکی نەخوازراو باڵی بە سەر خەڵکی ئەو ناوچانەدا کێشاوە. لەم سەردەمەدا بۆ وەدیهێنانی داخوازییە ئێتنیکییەکان و گەیشتن بە دادپەروەری و یەکسانیی کۆمەڵایەتی لە پێناو ڕێگری لە بێچمگرتنەوەی داپەڕی توندوتیژانە هیچ چەشنە داپەڕێکی کردەیی ئەنجام نادرێت. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کۆششی دەسەڵات هەمیشە دەبێ لەم پێناوەدا بێ تا وێڕای قبووڵکردنی فرەڕەنگیی فەرهەنگی و کەلتووری گوێ بۆ خواستی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان ڕابگرێ کە زۆریان لە چوارچێوەی یاساشدان، ڕێگری لە دروستبوونی ڕفتاری توندئاژۆیانە بگرێ و لە دەرچەی ئاشتی و پانتای گفتوگۆ و دانوستان، بە چالاککردنەوەی حیزب و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (NGO) و ئاسانکردنی پانتایەکی لەبار بۆ بلیمەتە ئێتنیکیەکان، ئەم بابەت و کێشانە چارەسەر بکات. ئەنجامی پشتگوێخستنی جیاوازییە کەلتوورییەکان و گرتنە بەری سیاسەتی لێکچوواندن و ئەنجامدانی داپەڕی ڕادیکاڵانە هەم لە لایەن ناوەند و هەم لە لایەن ئێتنیکەکانەوە لەوانەیە لە بری ئەوەی دادپەروەری و یەکسانی کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە پاش ماوەیەک لە سووچێکی دیکەوە ڕفتارێکی توندئاژۆیانە سەر هەڵبدا و ئەم پرۆسە هەمیشە بەردەوام بێت.
هەر بەم پێیە، لەم توێژینەوەدا هەوڵ درا کە وێڕای لێکدانەوەی بابەتی شوناسخوازی لە ناو پێنج ئێتنیکی

---

[1] **ـ هۆشمەند و هاوکارەکەی لەم بارەوە داتا و شیکاریی سوودمەندیان خستۆتە ڕوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**
**هوشمند، احسان و کوهشکاف، ناهید ( ۱۸۳۱ ) ، روند توسعه در مناطق کُردنشین، در حمید احمدی، *ایران هویت، ملیت، قومیت*، تهران :مؤسسه تحقیقات علوم انسانی**

فارس (یان فارس‌زمان)، تورک، بەلووچ و عەرەب، داخوازی و خواستەکانی گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان تاوتوێ بکرێ کە ئەمە دەتوانێ هۆکارێ بێ بۆ گەیشتن بە یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامدا ببێتە هۆی گەیشتن بە ئاشتیی بەردەوام لە کۆمەڵگا و ڕزگاربوون لە کێشمەکێش، جەنگ و ئاژاوە. بێگومان ئاماژە بەم بابەتانە لە ڕێگەی شێوازە زانستییەکان و بە ئەنجامدانی دیمانەی پەیتا پەیتا لەگەڵ بلیمەتەکان و هەروەها لە سەر ئاستی جەماوەری، وێڕای پێشاندانی داخوازییە هەنووکەییەکانی هەر کام لە گرووپە ئێتنیکییە توێژینەوە لە سەرکراوەکان دەتوانێ بە شێوەی ئاشتییانە هاریکاریی بڕیاردەرانی دەوڵەتی بۆ چارەسەری ئاشتییانەیان بێ و هەروەها هاوکاریی تەبایی و یەکپارچەیی نیشتمانی بکات.

پێشەکی

شـــوناس وتەزایەکی جەوهەری و نەگۆڕ نییە، بەڵکوو چەمکێکی مەلەوەرە و هەر شـــوناســـێک بەرهەمی گوتارێکی تایبەتە و بەم پێیە شـــوناس شـــتێکی نەگۆڕ نییە و دەتوانین وەکوو پرۆســـەیەک ســـەیری بکەین و ڕەواڵەتی مێژوویی و لە حاڵی گۆڕانی پێ ببەخشـــین. دیاردەی ئێتنیکایەتی – ئێتنیک‌خوازی و بێچمگرتنی شوناسەکان لە سەردەمی هاوچەرخدا گرنگییەگی دووقاتیان هەیە و فاکتەرگەلی وەکوو دابەشکردنی وڵات بە پێی دەوڵەتی نەتەوەیی، نایەکسـانی و بەشـخوراوییەکان، ئایدۆلۆژیا و سـیاسـەتە پاشمۆدێرنەکان ڕۆڵێکی گرینگیان لە ئێتنیکخوازیی کۆمەڵگای مرۆیی بووە. شوناسی ئێتنیکی[1] لە چەشنی شوناسی کۆمەڵایەتییە[2] و کۆمەڵێکی تایبەتی لە فاکتەرە ئۆبژەیی، زەینی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆژیکی و نەفسانییەکانە کە لە گرووپ و جڤاکێکی مرۆییدا خۆی دەنوێنێ و لە دیکەی گرووپەکانی جیا دەکاتەوە.

لە ڕابردوو و ئێستادا، فرەیی و فرەڕەنگیی شوناسی ڕاستییەک بووە کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە. لە سەردەمی هاوچەرخدا سەرەڕای بوونی پرۆسەی نوێکردنەوە و دامەزراندنی ڕێکخراوە مۆدێرنەکان، ئەم فرەڕەنگییە شوناسییە نەک هەر کاڵ نەبۆتەوە، بەڵکوو بۆتە بابەتێکی مشتومڕبزوێن سەبارەت بە جیاوازییە شوناسییەکان و هەمەڕەنگتر پیشان دراوەتەوە. ئێران زێدی ئێتنێتیکە هەمەجۆرەکانە و وڵاتێکی فرەئێتنیکە و لەم وڵاتەدا بابەتی یەکگرتن یان لێکبڵاویی ئێتنیکی لە پەیوەندیی لەگەڵ یەکدەستیی کۆمەڵایەتی و تەبایی کۆمەڵایەتییەکەی[3] جێی تێڕامانە. سیاسەتە ئێتنیکی و شوناسییەکان لە درێژایی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا هەمیشە بوونیان هەبووە و لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی، سیاسەتە ئێتنیکییەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بە پێچەوانەی ناساندنی فرەڕەنگیی ئێتنیکی لە یاسای بنەڕەتیدا، بە پێی هەلومەرجی زەمەن بووە و لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا واتا شوناسییەکانیان پیشان نەدراوەتەوە. حکوومەتەکانی ئێران لە درێژایی مێژووی سیاسیدا بەردەوام هەڵوەدای لێکچوواندنی ئێتنیکەکان بوون؛ واتە ڕوانگەی دەسەڵاتداران زیاتر تواندنەوەی شوناسە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی شوناسێکی یەکگرتوو و لە ژێر چەتری ئێتنیکی فارس بووە. بۆ وێنە تەنانەت پەسندکردنی سیاسەتە کەلانەکانی پەیوەست بە ئێتنیکە ئێرانییەکان لە ساڵی 1378 (حق پناه، 1382)، نەیتوانی لە هەمبەر ئێتنیکەکان ئاراستەیەکی دیاریکراو بگرێتە بەر و لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا درێژە بە سەپاندنی سەلیقە جۆراوجۆرەکان درا کە ئەم ئاراستە شوناسخوازییانە هەندێ جار بۆتە هۆی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی (لە ڕابردوودا) و هەندێ جار خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی پەیتا پەیتای ئێتنیکەکانی (لەم ساڵانەی کۆتاییدا) لێ کەوتۆتەوە.

---

**1. Ethnic identity**
**2. Social identity**
**3. Social consensus**

لەم توێژینەوەدا بە لێکدانەوەی پێشینەی تیۆریی باسەکانی شوناس و ئێتنیکایەتی، ناسینێکی بەڵگەدار لەم چەمکانە دەخرێتە ڕوو و بە پێی بەڵگەی مەیدانی و ئەنجامی دیمانە لەگەڵ کەسانی بلیمەتی کەمینە ئێتنیکییەکان، ڕا و بۆچوونی ئەوان سەبارەت بە چەمکەکانی شوناس و ئێتنیکایەتی شی دەکرێتەوە. هەروەها باس لە سەر داخوازییەکانی ئەم گرووپە دەکرێ کە زیاتر لە ئاراستەی وەدیهاتنی دادپەروەری و یەکسانیی کۆمەڵایەتییە و قسە لە سەر ئەو دەکرێ کە لە پێناو وەدیهێنانی ئەم داخوازییانە دەوڵەتەکان دەتوانن چ ڕۆڵ و دەورێکیان ببێت. هەروەها لەم توێژینەوەدا ئاماژە و سەرنج بەو داپڕانە دەدرێ کە لە پێناوی چارەسەری نایەکسانییە ئابووری، سیاسی، کەلتووری، زمانی و دیکەی بابەتەکان ئەنجام دراوە و دەتوانن یارمەتی سازدانی یەکێتی، تەبایی و یەکپارچەیی نیشتمانی و گەیشتن بە ئاشتیی بەردەوام بدەن، بە جۆرێک کە پشتگوێخستنی ئەم داخوازییانە دەتوانێ هەر هەموو ئێتنیکەکان و بە گشتی وڵات تووشی قەیران و داڕمان بکات.

**ئامانج و گرنگیی توێژینەوە**

کۆمەڵگای ئێران لە دێرزەمانەوە لەگەڵ ژیانی فرەئێتنیکی و فرەشوناسی ڕاهاتووە. هەر بەو پێیە هەر چەشنە ڕوونکردنەوەیەکی گشتییانە سەبارەت بە کۆمەڵگا فرەئێتنیکەکان بە بێ گرنگیدان و لێکدانەوەی فاکتەری ئێتنیکایەتی ناتەواو و نووقسانە. بە پێی گرنگیی ڕوو لە هەڵکشان و بەردەوامی کۆمەڵگە ئێتنیکییەکان لە پێکهێنان و پتەوکردنی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی زانستییانەی ئێتنیکەکان پتر لە جاران سەرنجڕاکێش بووە، بەتایبەت لە ئێستادا کە دیموکراتیزە بوونیان گەشەی وشیارییە شوناسییەکان و ئیمکانی نواندنەوەیانی لێ کەوتۆتەوە. هەر لەم بوارەدا، زۆرێک لە خاوەن بۆچوونەکان لەو باوەڕەدان کە هاوپەیوەندی و شوناسی نەتەوەیی ڕەگی لە کۆمەڵگە ئێتنیکییەکان و هەستی زۆر کۆنی ئێتنیک وەک نەتەوەخوازیی سەرەتاییەکانە. هاوپەیوەندیی ئێتنیکی و یەکپارچەبوونی شوناسەکان لە کۆمەڵگە فرەئێتنیک و فرەکەلتوورەکاندا دەتوانێ ئاشتی لێ بکەوێتەوە و کەلێنە ئێتنیکییەکان پڕ بکاتەوە و پانتای هزری و کردەیی بۆ سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەری ئێتنیکەکان بەدی بێنێ، هەڵبەت ئەگەر زەمینەی بڕیار و ئیرادەی گشتی بۆ هەڵبکەوێت. بابەت و پرسی سەرەکی لێرەدا چۆنیەتی و بۆچییەتی شوناسی گشتیی ئێتنیکەکان لە وڵاتی ئێرانە. شوناسی گشتی یان کۆمەڵایەتی هێمای ئەو مەڵبەندە و قەڵەمڕەوێک لە ژیانی کۆمەڵایەتییە کە تاک بە ڕاناوی ئاماژەی «ئێمە» خۆی دەروەست و پێبەستراو و قەرزدار بەو دەزانێ و لە ئاستی ئەو هەست بە پابەندی و ئەرک دەکات.

**لە زانستە مرۆییەکاندا دەوڵەت چوار بنەمای سەرەکی هەیە:**

1) وڵات یان سنوور کە قەڵەمڕەوی جوگرافیایی دەوڵەتێک پێناسە دەکا؛

2) حەشیمەت یان خەڵک کە بە واتای کەسانێک دێ کە سەر بە دەوڵەتێکن؛

3) دەسەڵات واتە لە سۆنگەی ناوخۆییەوە، نابێ دەسەڵاتێکی ڕکابەر یان هاوئاستی دەوڵەت بوونی هەبێ و لە سۆنگەی دەرەکییەوە، وڵات دەبێ لە دەسەڵات و سەروەریی هەر دەوڵەتێکی دیکە ئازاد بێت؛

4) و حکوومەت کە ئاماژە بە ڕێکخراوە سیاسی و ئیدارییەکانی وڵات و چۆنیەتی و شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتێک یان یەکەی سیاسی دەکات.

بە پێی ئەم پێناسە، نەبوونی هەر کام لەم چوار ئێلێمانە کارامەیی دەوڵەت لە ناو دەبات. وەک دەبینین، لە ناو ئەم ئێلێمانانەدا، دوو ئێلێمانی یەکەم، واتە وڵات و حەشیمەت، پتر لە هەمووان لە ژێر کاریگەریی بابەتی

ئێتنکایەتی و شوناسی ئێتنیکیدان. دەوڵەتەکان بۆ گەیشتن بە سەقامگیری و بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی و ئاسایش، کە گرنگترین ئەرکی ئەوانە، زیاتر لە هەموان پێویستە لە شوناسی نیشتمانی و شوناسە ئێتنیکییەکان، تۆڕی پەیوەندیی ئەندامانی ئێتنیکێک لەگەڵ یەکتر و دیکەی ئێتنیکەکان بە کەلتووری فەرمی و زاڵ و لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی تێگەیشتنێکی گشتگیریان هەبێت. زەروورەتی بوونی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە لە مەڕ ڕوانگەی ئێتنیکەکان سەبارەت بە خۆیان و ئەو شوناسانەی کە لەگەڵیان دووفاقیسازی دەکەن، بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕۆشنبیران، چالاکڤانانی بواری شوناس و کەلتوور و هەموو ئەو کەسانەی کە هۆگری ئاشتی و تەبایی نێوان خەڵکی ئەم وڵاتەن ئاشکرا و ڕوونە.

**شێوازی لێکۆڵینەوە**

ئەم توێژینەوە لە گۆشەنیگای شرۆڤەخوازی و شێوازناسیی چۆنایەتی بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی تیۆریی زەمینەیی[1] ئەنجام دراوە. لە هەنگاوی یەکەمدا، بە ئاراستەیەکی خەڵکناسانە لەگەڵ بلیمەتەکان[2] و لە هەنگاوی دووهەمدا، لەگەڵ کەسانی ئاسایی ئێتنیکەکانی ئێران (بە شێوەی دیاریکراو تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ و فارس) دیمانەی ساز کرد و لە پرۆسەیەکی هاوتەریب و هاوکاتدا تاوتوێی کردووە. بە پێی شوناسی چۆنایەتیی توێژینەوە، شێوازی نموونەگیریی ئامانجدار[3] بوو و شێوازی دڵنیابوونی تیۆریکی داتاکان پاش ئەنجامدانی سەد دیمانە وەدەست هات و بۆ متمانەی زیاتر، دیمانەی زیاتر لەگەڵ دووسەد و پازدە کەس ئەنجام درا بۆ ئەوەی توێژینەوە لە هەمەگیریدا جێی باوەڕ بێت. هەڵبەت لەم پێناوەدا، سوودمان لە چاودێری و ڕێنوێنی کەسانی پسپۆڕی شێوازی چۆنایەتی وەرگرت. زانیاری و داتاکانی ئەم توێژینەوە بە کەڵک وەرگرتن لە دیمانەی قووڵ و نیوەپێکهاتوو کۆ کراوەتەوە. دیمانە و داتا کۆکراوەکان بە کەڵک وەرگرتن لە ڕەزمزدانانی تیۆری (کراوە[4]، تەوەری[5] و هەڵبژاردنی[6]) لە سێ قۆناغی شیکاری و شرۆڤە کران و بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتاکان، لە پێشدا بۆ گەیشتن بە چەمک و وتەزا گرنگەکانی بەشداربووان، شێوازی دیمانەی وتووێژی نافەرمی بە کار هێنرا. لە قۆناغە دووهەمدا، بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی تیۆریی زەمینەیی، بە مەبەستی نموونەگیریی تیۆری بە دواداچوون بۆ وتەزا و چەمکە وەدەستهاتووەکانی پرۆسەی دیمانە کرا. و پاش ئەم قۆناغە کە هێڵی گشتیی دیمانەکان لە ڕێگەی چەمک و وتەزاکان بێچمیان گرت، پرسیارەکانی دیمانە بە کەڵک وەرگرتن لە دیمانەی نیوەپێکهاتوو[7] ستانداڕد کران و ئەم پرۆسە هەتا دڵنیابوونی تیۆریک بەردەوام بوو. لە درێژەدا بە جێبەجێکردنی ڕەزمزدانانی کراوە، هاوکات بە کۆکردنەوەی داتاکان، چەمک و ژێروتەزا و وتەزا سەرەکییەکان وەدەست هات. پێدانی ڕەمزدانانی تەوەری، ژێروتەزاکان بە یەکتر و بە وتەزا سەرەکییەکان پەیوەست دەبوون و جۆری وتەزاکان لە ڕووی هۆکارێتی و پرۆسەیی و لێکەوتەیی دیاری کران و لە کۆتاییدا، پاش ڕەمزدانانی بژاردەیی[8] ئەنجامی تیۆریی لێکۆڵینەوە وەدەست هات.

---

**[1] - Grounded theory (GT)**
**[2] - Elites**
**[3] - Purposive sampling**
**[4] - Open coding**
**[5] - Axial coding**
**[6] - Selective coding**
**[7] - Semi-structured interview method**
**[8] - Selective coding**

## ئەدەبیاتی توێژینەوە

### شوناس و ئێتنیک (پێناسە و چەمکەکان)

شوناسی ئێتنیکی[1] یەکێک لە فاکتەرە بێچمبەخشەکانی شوناسی کەلتووریی کۆمەڵگاکانە. شوناسی ئێتنیکی لە سەر بنیاتی ئێلێمانە کەلتوورییەکانی وەکوو زمان، ئایین، داب و نەریت، پۆشاک و پێشینەی مێژوویی پێناسە دەکەن کە بە هۆی ئەوەوە تاکەکان بە هەموو یان هەندێ لایەنی شوناسییەوە پەیوەستی گرووپێک دەبن. دی. ڕیسمەن[2] لە ساڵی 1953ـی زایینی، زاراوەی ئێتنیکایەتی لە کۆمەڵناسیدا بەدی هێنا، بەڵام لە دەیەکانی 1960 و 1970ـی زایینی بە شێوەی بەربڵاو بە کار هێنرا (Glazer and Moynihan, 1975). لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بە باوەڕی توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان هۆگری و شوناسی نەتەوەیی، ئێتنیکی و زمانی جۆرێک کۆنەپەرستی و نەشیاویی مێژووییە کە لە هەمبەر کۆمۆنیزم، کۆڵی داوە و لە ناو چووە یان تێکەڵی چوارچێوەی ناوەندە لیبراڵ دیموکڕاتەکان دەبێ و دەتوێتەوە. ئێتنیک بە پاشماوەی قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەی کۆمەڵگای مرۆیی دەهاتە هەژمار کە درەنگ یان زوو لە ناو دەچێ (گلمحمدی، 1386) و وادەزانرا لەگەڵ پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداری، دامەزرانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان، هەڵکشانی ئاستی پەیوەندیی و زانیارییەکان، گەشەی شارنشینی، بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و پەروەردە و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون، شوناسخوازییە ئێتنیکییەکان دەڕواتە ناو ئەرشیڤی مێژوو. ئەم ئیدعایە بە خستنە ڕووی تیۆرییەکانی پەیوەست بە جیهانگیری و بێچمگرتنی گوندی جیهانی، لە ڕووی تیۆرییەوە پاڵپشتییەکی بەهێز کرا. وا گومان دەکرا کە پرۆسەی جیهانگیری، بەتایبەت جیهانیبوونی کەلتوور، دەبێتە هۆی سەقامگیری و باڵادەستیی فەرهەنگ و کەلتوورێک بە سەر هەر هەموو گەردووندا و کەلتوورە خۆجێییەکان و شێوازی ژیانی وردەکەلتوورە ئێتنیکییەکان و تەنانەت زمانیشیان فەرامۆش دەکرێن (توحیدفام، 1382).

گرووپێکی تر باوەڕیان وایە کە جیهانگیری نە تەنیا نەبۆتە هۆی سڕینەوەی ئێتنیکەکان، بەڵکوو بەو ئامرازەی کە پێیان دەدا، گەشەی خۆوشیاریی ئێتنیکی دەستەبەر دەکا و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بزاڤە ئێتنیکییەکان. شوناسی نەتەوەیی چەمکێکی زۆر کلیلی و لە حاڵی گەشەی گەڕینە کە بەتایبەت لە وڵاتانێکی وەکوو ئێران، لە بێچمدانی ڕفتار و هەڵوێستگرتنی سیاسیی خەڵک و دەسەڵاتداران و لە ڕێگەی ئەوەوە سەرتاسەری وڵات دەورێکی سەرەکی هەیە.

بەشێک لە هەوراز و نشێوەکانی مێژووی ئێران بەرهەمی فرەڕەنگی ئێتنیکی بووە. کێشمەکێشە سیاسی و تێکهەڵچوونە سەربازییەکان لەگەڵ ئێتنیکی دەسەڵاتدار و ئێتنیک / نەتەوەکانی دیکە، بێچمگرتنی ڕوانگە ناسیۆنالیستییەکان سەبارەت بە کەلتووری ئێتنیکی، و ... لەو لێکەوتانەیە کە دەرەنجامی ئەم فرەڕەنگییە شوناسییەیە و هاوکات کاریگەری لە سەر شوناسە ئێتنیکی / نەتەوەییەکان داناوە.

تێگەیشتنی فریدریک بارس[3] لە جیاوازیی کەلتووری شیاوی سەرنجە. ناوبراو ئێتنیکایەتی لە دەرەوە بۆ ناوەوە پێناسە دەکا و بەم شێوە شرۆڤەی دەکا: خاوەندارێتی هەندێ تایبەتمەندیی کەلتووری نابێتە هۆی جیاوازبوونی گرووپی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دیکەی گرووپەکانە کە جیاوازی مومکین، ئاشکرا و لە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە ماناداری دەکات. بەم پێیە ئێتنیک لە پەیوەندی لەگەڵ ئەویترییەکی

---

**1. Ethnic identity**
**2. David Reisman**
**3 - Fredrik Barth**

جیاواز پێناسە دەکرێت. بە باوەڕی بارس، چەقی بنەڕەتیی لێکۆڵینەوە دەروەستبوونی هەندێ تایبەتمەندیی مادی / کەلتووری بە گرووپێکی تایبەت نییە بەڵکوو ئەوە سنووری ئێتنیکایەتییە کە گرووپ دەناسێنێ و لێکنەچوون و جیاوازی تەنیا لە پەیوەندیی لەگەڵ دیتران دروست دەبێ، گەشە دەکا و بەردەوام دەبێت. جیاوازیی کەلتووری خۆی لە خۆیدا بەدیهێنەری جڤاکە ئێتنیکییەکان نییە؛ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دیترانە کە دەبێتە هۆی پێناسەی وتەزابەندیی "ئێمە" لە هەمبەر "ئەوان". شوناسە گرووپییەکان هەمیشە دەبێ لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو شتەی کە نین، واتە لە پەیوەندیی لەگەڵ کەسانێک کە ئەندامی گرووپ نین پێناسە بکرێن (Eriksen,1993).

هەروەها، هیچ چەمکێک هێندەی شوناس[1] واتای زۆری نییە. شوێنپێی ئەم چەمکە دەتوانین لە وتووێژی ڕۆژانە تا دەگاتە باسە زانستی و زانکۆییەکان بەدی بکەین. بوونی چەمکی هاووا تا یان نزیک و پەیوەندیداری زۆر بۆ شوناس وەکوو منی بکەری[2]، منی بەرکاری[3]، ئێمە[4]، تێگەیشتنی ئێمە لە خۆ، خۆنواندنەوە، خۆوشیاری، خۆگومانی، ئێگۆ، سووپەرئێگۆ و کەسایەتیش لێرەوە سەرچاوە دەگرێت (دوران و محسنی، 1382، ل 81).

بە پێچەوانەی ڕا و بۆچوونی دەروونناسان، دەروونناسانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسان دەیانهەوێ پێداگری لە سەر ئەم ڕاستییە بکەن کە هەستی شوناسی تاکایەتی بە هۆی دیالێکتیکی نێوان تاک و کۆمەڵگا بێچم دەگرێت. ئەوان سەرەڕای ئەوەی قبووڵیان کردووە کە شوناس لە ڕوانگە و هەستی تاکەکاندا خۆی دەنوێنێ، بەڵام بەستێنی بێچمگرتنی لە ژیانی گشتیدایە. شوناسی کۆمەڵایەتیی[5] دەرکەوتوو لە کەسایەتیدا لە دەرەوەی دنیای کۆمەڵایەتیی دیکەی تاکەکان واتای نییە. تاکەکان ناوازە و بگۆڕن، بەڵام کەسایەتی بە تەواوەتی بە شێوەی کۆمەڵایەتی و لە ڕێگەی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پرۆسەی جیهانگیری و بە کۆمەڵایەتیبوون دروست دەبێت (گلمحمدی، 1381، ل 222 و 223).

شوناسی ئێتنیکی یەکێک لە جۆرەکانی شوناسی گشتییە کە بە کۆمەڵە پرەنسیپ و تایبەتمەندیگەلێک دەوترێ کە ئێتنیکێک لە دیکەی ئێتنیکەکان جیا دەکاتەوە و لە ناو ئەندامەکانیدا هەستی دەروەستبوون بە یەکتر دروست دەکا و ئەوان سەر بە ئێتنیکێکی تایبەت وێنا دەکات. ئەم چەشنە شوناسە گشتییە بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە هەڵگری فرەڕەنگیی ئێتنیکی و کەلتوورییین، گرنگییەکی تایبەتی هەیە و دەچێتە پاڵ شوناسەکانی دیکە، وەکوو شوناسی خۆجێیی، ناوچەیی، نەتەوەیی، کەلتووری و هتد و لەگەڵ چەمکگەلی وەکوو "گرووپی ئێتنیکی" و "ئێتنیکایەتی" تێهەڵکێشی یەک دەبن.

بەرهەمی پەیوەندیدار بە توێژینەوە ئێتنیکییەکان[6] لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نە تەنیا بە هۆی پێناسەی ئێتنیکی و پێوەرە لێکدژە دیاریکەرەوەکانی شوناسی گرووپە ئێتنیکییەکان تووشی کێشە دەبێ، بەڵکوو تایبەتمەندییە مێژووییەکانی جڤاکە ئێتنیکی و هۆزییەکان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەت بە هەند وەرناگرێت. هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە لەم توێژینەوانەدا، هۆز و گرووپە ئێتنیکییەکان یەک چەمکیان هەیە و تایبەتمەندیی گرووپە هۆزییەکان دەخرێتە پاڵ کۆمەڵگا هۆزییەکان. بەم شێوە، گرووپە زمانی و ئایینییەکانی خۆرهەڵاتی

---

**1. Identity**
**2. I**
**3. ME**
**4. WE**
**5. Social identity**
**6 - Ethnic study**


ناوەڕاست (کە پێشتر لە سەر بنەمای سیستەمی هۆزی بوون) وەک گرووپی جیاوازی ئێتنیکی سەیر دەکرێن کە بۆ بوونە نەتەوە بەردەوام لەگەڵ دەوڵەت لە کێشمەکێشدان. وەک بەستام تەیبی[1] دەڵێ، و شەگەلی هۆز و گرووپی ئێتنیکی ناتوانین لە چوارچێوەی توێژینەوەکانی پەیوەست بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەک دوو وشەی هاوواتا بە کار ببەین. بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە خولیای پرسەکانی خۆرهەڵاتی ناڤینن وەک ئامرازێکی شیکاری بۆ پیشاندانی دابەشکارییە کۆمەڵایەتییەکان لەو وڵاتانەی کە کۆمەڵگایەکی نەتەوەییان نییە (یەکپارچە) چەمکی ئێتنیکیان بە کار بردووە. لە توێژینەوەکانی پەیوەست بە ئێتنیکە ئێرانییەکانیش گرنگیدان بەم خاڵە واتە جیاوازیی چەمکیی نێوان گرووپی ئێتنیکی و هۆزی گرنگە.

## شوناس لە ئێران

بە هۆی فرەیی شوناسی گشتی و زمانی لە ئێران، ئەگەر بمانهەوێ باس لە شوناسێک لە چوارچێوەی چەمکی وڵاتی ئێران بکەین، پێویستە پێشتر پێناسەیەکمان لە شوناسی نەتەوەیی هەبێت. شوناسی نەتەوەیی[2] بە واتای هەستی پابەندی و ئینتما و وەفاداری بە توخم و هێما هاوبەشەکان لە کۆمەڵگای نەتەوەیی (کۆمەڵگای گشتی) و لە ناو سنوورێکی پێناسەکراوی سیاسییە. بە باوەڕی ئەحمەد ئەشرەف، شوناسی نەتەوەیی لە بری چەمکی کاراکتەری نەتەوەیی لە نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابردوو پەرەی سەندووە و لە بەر سازەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە (اشرف، 1378، ص 522). شوناسی ئێرانی بە هۆی هەڵکەوتەی تایبەتی جوگرافیاییەوە کاریگەری سێ بواری شارستانیی ئێرانی، ئیسلامی و ڕۆژاوایی لە سەرە.

ئەوەی زۆربەی توێژەرانی ئێرانی لە سەری کۆدەنگن ئەوەیە کە سێ بنەمای سەرەکی و گرنگی شوناسی نەتەوەیی لە ئێران بریتییە لە:

1. جوگرافیا و وڵات بە ڕاژانەکانی نێوان پێدەشتی ئێران لەگەڵ ناوچە کوێستانییەکانی؛
2. زمانی فارسی بە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە هۆی تێکەڵبوون لەگەڵ زمانەکانی تورکی، مەغۆلی و عەرەبی بوویەتی؛
3. ئاینی ئیسلام کە سەرەڕای هەموو ناکۆکییە تاقمییەکان، بنەما و بناغەکەی بە نەگۆڕی و پتەوی ماوەتەوە.




وێنەی ژمارە 1: ئێلێمانەکانی شوناسی نەتەوەیی ئێران

---

[1] - **Bassam Tibi**
[2] - **National identity**

دەبێ بڵێین ئەوەی بۆتە هۆی یەکپارچەیی و پێکهاتنی یەکێتیی سیاسی لە پێدەشتی ئێران پێویست بوو کە خەڵکی سەقامگیربوو لە وڵاتی ئێران بۆ بەرەنگاری لە دژی هێرشبەرانی سەقامگیرنەبووی پەراوێزی ئەم پێدەشتە بە کار بهێنرێن (دیاکونف، 1345، ص 187).
لە درێژایی مێژوودا، خەڵکی ئێران توخمە سەرەکییەکانی شوناسی خۆیان پاڵاوتووە و لەو کاتانەی کە توخمێک کارامەیی خۆی لە دەست داوە، وازیان لێ هێناوە و یان لەگەڵ ئەو توخمانە گۆڕیویانەتەوە کە کارکردیان هەبوو. توخمی ئایین لە ئێراندا قۆناغە گوورانەکانی خۆی واتە لە گرنگیدانی بە یەکتاپەرستی و ئینجا زەردەشتێتی هەتا ئایینی ئیسلام و ئایینزای شیعە تێپەڕاندووە. ئەم ڕووداوانە لە پێدەشتی جوگرافیایی ئێران لە ناو و لە پەراوێزی هەر دوو زنجیرە چیای ئەلبورز لە باکوور و زاگرۆس لە ڕۆژاوا ڕوویان داوە.
لە ئێران سەرەڕای زمانە ئێتنیکییەکانی هەر کام لەم ئێتنیکانە، پاش چوونە ناو مۆدێرنیتە و بێچمگرتنی پەروەردە و ڕاهێنانی گشتی و سیاسەتە گشتگیرە نەتەوەیی – ئێرانییەکانی، زمانی فارسی وەک ئامرازی پەیوەندیی یەکێتیبەخشی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکانی دانیشتووی پێدەشتی ئێران ڕەچاو کراوە.
نوێگەریتی و پێشکەوتنخوازیش بەشێک لە شوناسی ئێستای نەتەوەی ئێرانە و هەوڵ لە پێناوی گەیشتن بە بەرزترین پلەکانی شارستانی و نوێکردنەوەی مەزنایەتی و گەورەیی پڕفەخری شارستانییەتە کۆنەکان بووەتە چەقی هیممەتی ئێرانییەکان.
بە هۆی ئەو ئاڵۆزییەی کە بە کارهێنانی شوناسی ئێتنیکی و شوناسی نەتەوەیی لە خۆی گرتووە و هەروەها ئاگاداربوون لەوەی کە لە ناو هەندێ لە ئێتنیکە نیشتەجێبووەکانی ئێران، زیاتر پێداگری لە سەر بە کارهێنانی وشەی "نەتەوە" دەکرێ تا "ئێتنیک" ئەم لێکۆڵینەوە لە بە کارهێنانی وشەی "ئێتنیک" مەبەستی نزمکردنەوەی مانا و چەمک نییە. بە واتایەکی دیکە، لە پێناسە جۆراوجۆرەکاندا ئاماژە بە ئێتنیک و نەتەوە جیاوازە و هەر کام لە ئێتنیکە ئێرانییەکان بە خۆیان دەڵێن نەتەوە، بەڵام ڕەچاوگرتنی تایبەتمەندیی سیاسی، کە لە توخمە سەرەکییەکانی دەوڵەت – نەتەوەیە و لە سنووربەندییە سیاسی و جوگرافیاییەکاندا جێ کەوتووە، دەتوانین بە نیسبەتی شوناسە گشتییەکانی ئێران، شوناسی نەتەوەیی بۆ سەرجەم تایبەتمەندیی هاوبەشە ئاشکراکانی کەلتوور و کۆمەڵگای ئێرانی وەک شوناسی ئێرانی بە کار ببەین، بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ ئەم بابەتە لایەنگر و دژبەری خۆی هەیە و ئەم لێکۆڵینەوە ڕۆحی زانست ڕەچاو دەکا و بە نیاز نییە لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەدا بەها تاکایەتییەکانی خۆی ئاوێتە بکات. بە هۆی ئەوەی لە ئێران، شوناسە گشتییەکانی وەکوو لوڕ، بەلوچ، تورکەمەن، تورک، عەرەب، کورد و فارس نیشتەجێن و ئەوەی کە زۆرینەی ئەم ئێتنیکانە لە ناوچە سنوورییەکاندا نیشتەجێن، لەگەڵ ئێتنیکەکانی وڵاتانی دراوسێ پەیوەندیی کەلتووری و ئایینییان هەیە. بۆ وێنە، بەلووچەکان لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵات لە سنووری پاکستان، تورکەمەنەکان لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵات لە دراوسێتی تورکەمەنستان، ئازەرییەکان / تورکەکان لە باکوور و باکووری ڕۆژاوایی و هاوسنووری کۆماری ئازەربایجان و تورکیا، عەرەب لە ڕۆژاوا و باشووری ڕۆژاوایی و لە کۆتاییدا کوردەکان لە ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوایی وڵات دراوسێی عێراق و تورکیا نیشتەجێ بوون و سنوورە سیاسییەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوان تێپەڕیوە (جلالی پور، 1372). لە لایەکی تریشەوە، ئێتنیکە نزیکەکان لە وڵاتانی دراوسێ، وەکوو عەرەب و کورد لە عێراق، ئازەرییەکان لە ئازەربایجان و بەلووچ لە پاکستان، دەتوانن ناوەندی گرژی و قەیران بن (فولر، 1372). دەبێ بڵێین ئێران لە سۆنگەی پێکهاتەی

کۆمەڵایەتییەوە وڵاتێکی نایەکدەستە و شوناسی جۆراوجۆری ئێتنیکی، نژادی، زمانی و ئایینی تێیدا دەژین و هاوشێوەی هەندێ لەم گرووپە ئێتنیکییانە لە وڵاتانی دراوسێدا نیشتەجێن. لە ڕوانگەی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هەندێ لە هێزە ناوەندبێزەکانی ئێران، بەتایبەت سنوورنشینەکان هەن کە دەتوانن هەندێ جار و لە بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵایەتیدا، وەک ناوەندی قەیرانی دەربکەون. هاوشێوەبوونی ئەم گرووپە ئێتنیکییانە لەگەڵ هاوئێتنیک و یان هاونەریتەکانیان لەو دیوی سنوورەکان، لە ڕەهەندی جۆراوجۆری کەلتووری، زمانی و ئایینی و ... لەو گرووپانەی کە خاوەن شوناسی گشتیی جیاوازی وڵاتن زیاترە و هەر ئەم لێکچوونانە لە ڕابردوو و لە بارودۆخی ئێستاشدا بۆتە هۆی ئەوەی ئەم گرووپانە، لە دروستکردنی پەیوەندیی بنەماڵەیی، هۆگری ئەو دیو سنوورەکان بن. کەواتە لە نێوان ئەم گرووپانەدا و بە تایبەت لە ناو شارە سنورییەکانی هەر دوو لادا، پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە. ئەم بابەتە، لە کاتی گرژییە سیاسییە ئێتنیکییەکان و هەروەها جووڵەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێتنیکی، بۆتە هۆی پشتیوانی ئەوپەڕسنووری یان پشتیوانی لە لایەن وڵاتانی دراوسێ کە هاوبەشیی فەرهەنگی و کەلتووری – ئێتنیکییان هەیە.

شوناسە ئێتنیکی و ئایینییەکان لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

بە پێی یاسای بنەڕەتی، کەمینە ئێتنیکییەکان بۆ سەر سێ گرووپ دابەش دەبن:

1. شوناسی ئێتنیکی کە تەنیا لە سۆنگەی ئێتنیکایەتی و تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانیان، جیا لە ئایین و ئایینزا، گرووپێکی تایبەت پێک دێنن، وەکوو ئازەرییەکان؛
2. شوناسی کەمینە ئێتنیکی – ئایینزاییەکان، وەکوو کورد و بەلووچ
3. شوناسی کەمینە ئایینییەکان، وەکوو ئەرمەنییەکان و ... .

لە یاسای بنەڕەتیی ئێران، یاساکانی دوازدەهەم، سێزدەهەم، پازدەهەم و نۆزدەهەم لە مەڕ مافی یەکسانی ئێتنیکەکان، ئاینی فەرمی و فرەڕەنگیی ئایینی و ئایینزایی و هەمەچەشنیی زمانی ئێتنیک و کەمینەکانە.

هەروەها لە یاسای بنەڕەتی، وەک بنەمای دیسیپلینی کۆمەڵایەتی و بنیاتی ڕفتاری شوناسە کۆمەڵایەتی و ئێتنیکییەکان، بەدەر لەم یاسایە، لە بنەماکانی هەوتەم و شەست و چوارەم هەتا سەد و شەشەم، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە مافی ئێتنیک و کەمینەکان کراوە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە مادە نووسراوەکانی یاسای بنەڕەتی، بە پێی دۆخی یاسای گشتی و سەرەکی، پوختە و گشتین و بێگومان لە پێگەی جێبەجێکردن و دانانی ئاییننامە، خاڵی وردتریش – ئاڵۆزتریش – زیاتر دەکرێتەوە. لە لایەکی تریشەوە، جووڵەی ئێتنیکی و ئەو قەیرانانەی کە لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئیسلامی بە هۆی لێکپسانی ئایینی، زمانی و ئێتنیکییەوە لە قەڵەمڕەو و ناوچە ئێتنیکییەکانی وڵاتدا ڕووی دا بووە هۆی ئەوەی لە ڕەوتی ئامادە کردنی سیاسەتە ئێتنیکییەکاندا گۆڕانکارییەکی بەرهەست ڕوو بدا و پاراستنی یەکێتی و یەکدەستیی نیشتمانی و یەکپارچەیی وڵات بچێتە یەکەمایەتییەوە. هەر بۆیە لە پرۆسەی ئامادەکردنی یاسا و گەڵاڵە و ڕێکارەکان، پاراستنی تەبایی و هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی، گرنگیدان بە نەتەوەخوازی و فاکتەر و توخمە یەکێتیهێنەرەکان، و لایەنە هاوبەشە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان بووە هۆی ئەوەی لە لایەن یاسادانەرەوە سەرنجێکی زۆری پێ بدرێ و ببێتە گوتاری زاڵ لە ئامادە کردنی یاساکان کە لە بارەوە دەتوانین ئاماژە بە مادەکانی یەکەم، سێیەم، پێنجەم، شەشەم، هەوتەم، نۆیەم، یازدەهەم، دوازدەهەم، سێزدەهەم، پازدەهەم، شازدەهەم، نۆزدەهەم، بیستەم، بیست و دووهەم، بیست و سێهەم، بیست و چوارەم، بیست و شەشەم، سی و هەوتەم و سی و هەشتەمی یاسای بنەڕەتی بکەین.

## پێگەی جوگرافیایی و داڕشتەی ئێتنیکایەتیی ئێتنیکە دانیشتووەکانی ئێران

دۆخ و چۆنیەتی ژینگە جوگرافیاییەکان دەورێکی بنیاتی لە فرەچەشنی و نایەکسانیی کەلتووری کۆمەڵگاکاندا هەیە. ژینگە جیاوازەکان شـــوێنی ســـەرهەڵدان و پەروەردە بوونی فەرهەنگ و کەلتوورە جیاوازەکانە و توخمە پێکهێنەرەکانی لە خوو و تایبەتمەندیی ژینگەی جوگرافیایی (ڕەها و ڕێژەیی) ئەو وڵاتە هەڵقووڵاوە. بەم پێیە ئێران بە وڵاتێک ناســـراوە کە هەڵگری فرەڕەنگی و فرەیی شـــوناســـە گشـــتییەکانە کە بە هۆی پێویستییەکانی لێکۆڵینەوە و گشتێتی، پێنج شوناسی گشتیی سەرەکیی ئێران بوون بە بابەتی ئەم توێژینەوە کە بریتیین لە:

**ئازەرییەکان / تورکەکان**

ئەم گرووپە موســـڵمان و تورک زمانن کە زیاتر لە ناوچە نەریتخوازەکانی ئازەربایجان، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، قەفقاز و دیکەی ناوچە جوگرافییەکاندا بڵاو بوونەتەوە. لە پێدەشـتی ئێران سـەرەکیترین شـوێنی نیشـــتەجێبوونی خەڵکی تورک کەوتووەتە باشـــووری ڕۆژاوای ئێران، واتە ئازەربایجان و زەنجان، بەڵام پاذتای لێکبڵاویی تورکەکان لە ئێران بریتییە لە ڕۆژهەڵات و ناوچە باکوورییەکانی هەمەدان، بەشـــە ڕۆژاوایی و باشـــوورییەکانی قەزوێن لەگەڵ کۆمەڵێ کەمینە لە پارێزگاکانی گێڵان و مەرکەزی. ناوەندە پارێزگاییەکان و پڕحەشـیمەتترین پارێزگا تورکنشـینەکان بریتین لە تەورێز و ورمێ و ئەردەبێل و زەنجان. زیاترین شوێنی نیشتەجێبوونی تورکەکان کەوتوتە باکووری ڕۆژاوا و ڕۆژاوا و تا ڕادەیەک ناوەندی ئێران. ئازەرییەکان / تورکەکان بە هۆی دراوســـێتی لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان و بنچینەی زمانیی هاوبەشـــیان لەگەڵ تورکیا دۆخێکی تایبەتیان هەیە و پرس و تەنگژە سـیاسـییەکان بە توندی کاریگەری لە سـەر هەسـتی شـــو ناســـخوازانەی ئێتنیکیی ئازەرییەکانی ئێران داناوە. ئیدعای یەکگرتنی قەڵەمڕەوی هەر دوو بەری ڕووباری ئەرەس ئیدعای خەیاڵی بۆ بانگەشـــەکارانی ئەندێشـــەی پانتورکیزم بووە و ئەدەبیاتی یەکێتی هەر دوو ئازەربایجانەکە لە سەردەمی سۆڤییەتەوە باوە بۆ وێنە، دەتوانین ئاماژە بە حەیدەر عەلیۆف پیاوی ژمارە یەک بکەین. ناوبراو لە سـاڵی 1981ــــی زایینی بە ئامادە بوونی شـاندێک لە دیپلۆماتکارانی بیانی وێڕای دەربڕینی خەمخۆری بۆ ئازەربایجانی ئێران، باســـی لە ئاواتخوازیی خەڵکی ئازەربایجانی ســـۆڤییەت بۆ یەکگرتنی هەر دوو ئازەربایجانەکە کرد. (ئازەری، 1361ـی هەتاوی، ل 5 و 6).

زۆربەی خەڵکی تورکی دانیشـــتووی ئێران بە بنزاراوەی تورکیی ئازەربایجانی ئاخافتن دەکەن و هەڵبەت تورکیی خوراســـانیش لە ئێراندا قســـەکەری هەیە. زۆربەی خەڵکی ئازەری / تورک لە ئێران موســـڵمان و ئەهلی شیعەن. هەڵبەت لە ناو ئازەرییەکانیشدا شوێنکەوتەی ئایینی یارسان بەدی دەکرێت.

ئازەرییەکان / تورکەکان جیا لە پابەندبوون بە ڕێوڕەســـمە نەتەوەیی و ئایینییەکان، لە زۆر ڕووەوە داب و نەریتی تایبەت بە خۆیانیان پاراســـتووە و لە هەندێ حاڵەتدا، ڕێوڕەســـم و داب و نەریتی باویان بۆتە باســـی نیشـــتمانی، بە جۆرێک کە ڕیزەکانی ماتەمگێرانی حســـێنییەی مەزنی زەنجان، تەورێز، ورمێ و ئەردەبێل وەک بە ناوبانگترین ڕیزەکانی ماتەمینی ئەهلی بەیت لە ناو ئێرانییە ئازەرییەکان لە مانگی موحەڕەمدا دێتە هەژمار. هەروەها ڕێوڕەسمگەلی وەکوو تەشتدانان، تازیەخوێنی، شاهحسێنخوێنی، سینگ کوتان و زنجیر لێدان لە داب و نەریتە باوەکانی ئەوانە و شینگێڕی و دولکە و لاواندنەوەکان بە زمانی تورکی دەخوێنرێتەوە.

ڕێوڕەسمەکانی ماتەمگێرانی بازاڕی مێژوویی تەورێزیش تۆماری نیشتمانی کراوە. هەروەها، مۆسیقای ئازەربایجانیش وەک بەشێکی گرنگ لە شوناسی کەلتووریی ئەم ئێتنیکە دێتە هەژمار و هونەرمەندانی ئازەربایجانی بە داهێنەرایەتیی خۆیان مۆسیقایەکی ناوازەیان داهێناوە و ئەوانەی ئەم چەشنە مۆسیقایە لەگەڵ شێعرەکانی خۆیان بە زمانی تورکیی ئازەربایجانی دەچڕن پێیان دەڵێن عاشیق. عاشیقەکان لە وەسفکردنی ئازەربایجان و جوامێری گەورەکانیان، لە بۆنەی ئاهەنگ و ماتەمین، شێعری زۆر خۆش لەگەڵ مۆسیقای ئازەربایجانی دەچڕن و جێی سەرنجی هەمووانن. جلوبەرگی نەریتیی ئازەربایجانی لە سیمبۆلە تایبەتەکانی ئازەرییەکانە و لە دوای پرۆسەگەلی دوور و درێژی کەلتوور و ئایین و دیکەی فاکتەرەکانی خەڵکی ئازەری بەدی هاتوون. جلوبەرگی ئازەری لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئازەربایجاندا زۆر بە کار ناهێنرێت.

**بەلووچ**

پارێزگای سیستان و بەلووچستان کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی باشووری وڵاتی ئێران و پتر لە 11 لە سەدی کۆی ڕووبەری ئێرانی لە خۆ گرتووە و پاش پارێزگای کرمان، دووهەمین پارێزگای بەرفراوانی ئێرانە و لە باکوورەوە دەڕوانێتە پارێزگای خۆراسان، لە ڕۆژاواوە دەڕوانێتە پارێزگاکانی کرمان و هورمزگان، و لە باشوورەوە دەچێتەوە سەر دەریای عوممان و لە ڕۆژهەڵاتەوە بە وڵاتانی ئەفغانستان و پاکستان سنووردار دەبێتەوە. کێوەکانی سیستان و بەلووچستان لە زنجیرە چیاکانی ناوەندی ئێرانە؛ بڵیندترین شوێنەکەی کێوی تەفتانە کە چوار هەزار و 42 مەتر بەرزە و نزمترین ناوچەکەشی لێوارەکانی دەریای عوممانە و هەڵدێرەکانی ڕۆژهەڵاتی چاڵەی لووت و بەرزاییەکانی دیواری ڕۆژهەڵاتی و باشووری چاڵی جازمووریانی لە خۆ گرتووە. پانایی کوێستان لە باکوورەوە بۆ باشوور زیاتر دەبێ و لە مەودای ئێرانشار – کووهەک (سەراوان) بریتییە لە دوو بەشی چیاکانی سیستان و چیاکانی بەلووچستان، دەگاتە ئەو پەڕی خۆی. کەش و هەوای ئەم پارێزگایە لە چەشنی کەش و هەوای بیابانییە. ئەوپەڕی پلەی گەرمای ساڵانە 40 دەرەجەی سانتیگرادە. زاهیدان ساردترین و ئێرانشار گەرمترین شارەکانی ئەم پارێزگایەن. ڕاژانی نمی، بوونی بای وەرزی وەکوو بای ناسراو بە "سەد و بیست ڕۆژە" و "بای هەوتەم" و یان "گاکووژ" و بارین و جیاوازیی پلەی گەرما لە درێژەی بیست و چوار کاتژمێر جگە لە ناوچە فێنکەکانی دەریای عوممان، کەش و هەوای تایبەتی ناوچەیی و ڕووەکی و بوونەوەری دیمەنێکی نوێی لەم ناوچەدا بەدی هێناوە. خەڵکی بەلووچ لە درێژایی ناوچەی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران دەژین و لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ پاکستان و ئەفغانستان دراوسێن.

بەلووچ یەکێ لە ئێتنێکە ئێرانییەکانی دانیشتووی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانن و بە ڕەچەڵەک ئارییایین؛ زۆربەی بەلووچەکان هەتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە ناو سنوورەکانی وڵاتی ئێراندا دەژیان، بەڵام لەگەڵ زیاتربوونی ڕکابەری نێوان ئینگلتەرا و ڕووسیا لە سەر پانتای دەسەڵات و باڵادەستیی خۆیان لە خۆرهەڵاتی ناڤین و خستنەوەی ناکۆکی و تێکهەڵچوونی ئێتنیکی و گۆڕینی سنوورەکان، شوێنی نیشتەجێبوونیان لە نێوان ئێران و هیندستان (دواتر پاکستان و ئەفغانستان) دابەش کراوە. ئەوڕۆکە پتر لە ملوێنێک و 300 هەزار کەس لە بەلووچە ئێرانییەکان لە سەر ئاستی پارێزگای سیستان و بەلووچستان و دیکەی پارێزگاکانی ئێران ژیان بە سەر دەبەن. (عبداللهی و حسین بر، 1381 ل 104).

بەو پێیەی کە زمانی بەلووچی لە وڵاتانی جۆراوجۆردا باوە، هەر لە سەرەتای پۆلێنبەندیی ئەم زمانە، زمانناسان هیچ ڕێککەوتنێکیان لەم بارەوە نەبووە. کەواتە پۆلێنبەندیی جۆراوجۆر لە سەر زمانی بەلووچی

هەیە. بۆ وێنە، هەندێ وتوویانە "بەلووچیی باکووری و بەلووچیی باشووری" و هەندێکی دیکە وتوویانە "'بەلووچیی ڕۆژهەڵاتی و بەلووچیی ڕۆژاوایی" و هەندێکیش – کە لەم دواییانەدا ئەم بۆچوونەیان خستۆتە ڕوو – دەڵێن زمانی بەلووچی بۆ سەر سێ زمانی ڕۆژهەڵاتی، ڕۆژاوایی و باشووری دابەش دەبێت. بەڵام ئەگەر بمانهەوێ ئەم دابەشکارییە نیمچە ئاڵۆزە وەلا بنێین و ئاماژە بە گرنگترین و ناسراوترین زاراوە بەلووچییەکان بکەین، دەبێ ئاماژە بە زاراوەی ڕەخشانی بکەین کە پربێژەرترین زاراوەی بەلووچییە و لە ئێران، پاکستان، ئەڤغانستان و تورکەمەنستان ئاخافتنی پێوە دەکەن (طامە، 1396).

هەر هەموو خەڵکی بەلووچ موسڵمان یان سەر بە زۆرینە موسڵمانی سوننەی حەنەفی یان کەمینەی شێعەی دوازدە ئیمامیین و تاقم و ئایینزا و ئایینێکی دیکە لە ناویاندا بوونی نییە. چەند تایبەتمەندیی دیار خەڵکی بەلووچ لە دیکەی ئێتنیکەکان جیا دەکاتەوە بریتییە لە:

1. میارجلی (پەنابەرگری) داڵدەدان و پاراستنی ستەملێکراو بە باشترین شێوە؛
2. پابەندبوون بە بەڵێن و پەیمان، هەروەها ئەوەی کە بەلووچەکان وەک خۆیان کە وتەیەکی بەناوبانگیشیان هەیە دەڵێن بەلووچ ئامادەیە سەری بچێ بەڵام لە سەر پەیمانی بمێنێ؛
3. میوانئەوازی یەکێک لە بەناوبانگترین تایبەتمەندییەکانیانە؛
4. هاونشینی و یارمەتی و کۆمەک کردن بە دراوسێ و دۆست و غەریب بە باشترین شێوە، بە جۆرێک کە هەر هەموو خەڵکی گەڕەک کۆ دەبنەوە و بە بێ بەرامبەر کارەکەی بۆ دەکەن؛
5. بێجار واتە یارمەتیی نەختی و نانەختی بە تازەزاوا بۆ ئەوەی بتوانێ بە بێ گیر و گرفت هاوسەرگیری بکات.
6. چەنەدە واتە ئەگەر کەسێک لە ڕووی مادییەوە نەدار و هەژار بێ، هەر هەموو خەڵک کۆ دەبنەوە و یارمەتی نەختی و نانەختی بۆ کۆ دەکەنەوە. لە هەندێ لە ناوچەکاندا، وا باوە کە بیناکردنی مزگەوتەکان، ناوەندە ئایینییەکان، تێچووی فەقێکان، مووچەی مامۆستایان و دیکەی کاروبارە ئایینییەکان بە پێدانی بڕی پارەی نەختی و نانەختی (وەکوو کەرەسەی بیناسازی) لە ڕێوڕەسمی (چەنەدە) ئەنجام دەدرێت.
7. بیر یان تۆڵەکردنەوە کە زۆر بە ناوبانگە و هیچکات ڕێگە نادەن کەس غەدریان لێ بکا و ئەوان تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە؛
8. جن تەڵاق جۆرێک قەسەمە کە کەسێک بۆ سەلماندنی ئیدعاکەی بە کاری دەبا و ئەم چەشنە سوێندە ئەوپەڕی بەڵێنداری دەسەڵمێنێ کە پیاوێک بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە کارێک دەکا یان نایکا سوێند دەخوا کە ئەگەر پێچەوانەکەی ڕووی دا هاوسەرەکەی تەڵاق دەدا؛
9. دیوان کە بە پێی ئەم نەریتە، گەورە و ڕیش سپییەکانی خزم و کەس لە شوێنێکدا کۆ دەبنەوە و کێشەی خەڵک چارەسەر دەکەن و بە کۆبوونەوەیان دەڵێن "دیوان"؛
10. جلوبەرگی دەرزیدووری لە بەرهەمی کەلتووری و هونەری ئافرەتانی بەلووچە.

**فارس**

فارسەکان دەتوانین بڵێین لە ناوەندی ئێران دەژین و زیاتر دانیشتووانی شارە گەورەکانی ئێران فارسەکان پێکی دێنن. شارەکانی تاران، ئیسفەهان، سیمنان، ئەلبورز، شیراز، مەرکەزی، بەشێک لە بووشێر، کرمان، یەزد، خوراسان، بەشێک لە قەزوێن و هەمەدان هەر هەموویان فارسن. فارسەکان لە سۆنگەی جوگرافیاییەوە لەگەڵ چوار ئێتنیکەکەی دیکە دراوسێن؛ واتە لە باکوورەوە لەگەڵ گیلەکییەکان، لە ڕۆژاوا لەگەڵ کوردەکان،

لە باشوور لەگەڵ عەرەبەکان و لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ بەلووچەکان لە پەیوەندیدان. بە واتایەکی دیکە، فارسەکان لە ناوەندی ئێران و تا ڕادەیەک ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ژیان بە سەر دەبەن، ئەگەرچی لە ناوەندی ئێران، بەتایبەت تاران، ئێتنیکەکانی دیکەش نیشتەجێن کە لە هەندێ حاڵەتدا، ئەم نیشتەجێبوونە لە جۆری کۆچە و لە هەندێ حاڵەتدا، بوونی ئەم ئێتنیکانە بەرهەمی کۆچ نییە، وەکوو ئێتنیکی تات.
لە ئێستادا، فارس زمانەکان وەک ئێتنیکی زاڵ و باڵادەست دەناسرێن. زمانی فارسی زمانی هاوبەشی ئەم ئێتنیکەیە کە بە باوەڕی هەندێ لە پسپۆڕان، هۆکاری پتەوکەرەوە و گرێدەری دیکەی ئێتنیکە ئێرانییەکانە. هەندێ لەم باوەڕەدان کە شوناسی نەتەوەیی لە سای بوونی زمانی فارسی بێچمی گرتووە و ئەم زمانە لە لایەن دیکەی ئێتنیکە دانیشتووەکانی ئێران قبووڵ کراوە، بەڵام ئەمە لێرەدا کۆتایی پێ نایە. بوونی فارس زمانەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران (لە ئەفغانستان و تاجیکستان) و هەستی شوناسی هاوبەش کە زمانی فارسییە جۆرێک شوناسی ناوچەی لە نێو فارس زمانەکاندا پشتڕاست دەکاتەوە.
زمانی فارسی زمانی کۆنی ناوەندی ئێرانە کە یەکێک لە زمانە هیند و ئورووپاییەکانە و لقی زمانەکانی ئێرانی باشووری ڕۆژاواییە و وەک زمانی فەرمیی وڵات دێتە هەژمار. زۆربەی فارسەکانی ئێران سەر بە ئایینزای شێعەی دوازدە ئیمامیین، بەڵام لە هەندێ لە ناوچە سنوورییەکانی ئێراندا، شوێنکەوتووانی ئایینزاکانی سوننەش دەژین. ئەوەی لەم بارەوە خاڵێکی سەرنجڕاکێشە کە زۆرێک لەو ناوچانەی کە بە باوەڕی گشتی بە فارس دێنە هەژمار، خاوەن زمانی تایبەتیی ناوچەیی خۆیانن کە کارکردەکەی وردە وردە کەم بۆتەوە و ئەوڕۆکە بە زمانی فارسی ئاخافتن دەکەن. بەم پێیە، گومانی ئێتنیکێک بە ناوی فارس لە ناوچەکانی ناوەندی ئێران تا ڕادەیەک لە حەقیقەتی مێژوویی بە دوورە.
شایەنی ئاماژەیە کە هەندێ لە توێژەران پێیان وایە لە سۆنگەی مێژووییەوە، شتێک بە ناوی فارس لە ئێراندا بوونی نییە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ لە بنەڕەتەوە چەمکی کەمینە و بەتایبەت کەمینە ئێتنیکییەکان لەگەڵ چەمکی زۆرینەیی واتا و بابەتێتی وەدەست دێنن و لە دنیای ڕاستەقینەدا ناتوانین بە بێ بوونی زۆرینە باس لە کەمینە بکەین و دەوتری زۆرینەی دانیشتووانی ئێران فارس زمانن کە سەبارەت بە بوونی هێما شوناسی، ئێتنیکی و ئایینییە تایبەتەکانیان ڕا و بۆچوونی جیاواز لە ئارادایە و لە ئێستادا، ئەم هێما و ئێلێمانانە لە بەخشینی شوناسی نەتەوەیی / ئەوپەڕنەتەوەیی بە فارس زمانەکان لە ژێر ناوی گشتیی میوانداری "ئێرانی" ڕەنگی داوەتەوە و لە ڕووی کەلتووریشەوە توخمی کەلتووری و داب و نەریتەکانی فارس زمانەکان شوناسی نەتەوەییان گرتووەتە خۆیان و لە سەرتاسەری ئێراندا و لە ناو فارس زمانەکانی دەرەوەی ئێران بەڕێوە دەبرێن و لە ڕاستیدا، وەک ڕێوڕەسمی نەتەوەیی دێنە هەژمار، وەکوو نەورۆز، سێزدەبەدەر، شەوی یەڵدا، چوارشەممە سوورە و ...

**کورد**

کورد لە ڕۆژاوای ئێران و لە نزیک بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی عێراق نیشتەجێن. ئەوان لە بنار و پێدەشتە بەربڵاوەکانی زنجیرە چیای زاگرۆسی ناوەندیدان و سنووری نیشتەجێبوونیان بریتییە لە پارێزگای کوردستان، ئیلام، کرماشان، هەندێ بەش لە لوڕستان، و بەشە باکووری و زیاتر باشووری ئازەربایجانی ڕۆژاوا. لە باکوورەوە لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، لە ڕۆژهەڵاتەوە لە زەنجان و هەمەدان و لوڕستان، لە باشوورەوە لە خووزستان و لە ڕۆژاواوە لە وڵاتی عێراق نزیکە. بە شێوەی گشتی کوردەکان زیاتر لە ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران نیشتەجێن کە بە هۆی زاراوە و بنزاراوەی جۆراوجۆرەوە لێک جیاوازن، هەروەها کۆمەڵێ

لە کوردە دوورخراو و کۆچپێکردووەکانیش لە هەندێ بەشی خۆراسان و باکووری ئێران نیشتەجێن.
پاش عەرەب و فارس و تورک کورد گەورەترین بلووکی ئێتنیکی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە (Olson, 2003, p. 6؛ بە گێڕانەوە لە عبداللهی و قادرزادە، 1388). کوردەکان بە شێوەی گشتی لە سەر سنووری وڵاتانی ئێران، عێراق، سووریا، تورکیا، ئازەربایجان و ئەرمەنیا نیشتەجێن. بەشی هەرە زۆری کوردەکان (پتر لە نیوەیان) لە کوردستانی تورکیا دەژین. ئێران، عێراق و سووریا لە پلەکانی دواتردان. هەستی هاوپەیوەندیی گشتی لە ناو کوردەکانی ئێران و عێراق توختر لە دوو بەشەکەی دیکەی کوردستانە (تورکیا و سووریا)، بەڵام پێداگریکردن لە سەر هاوبەشییە کەلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ناو کوردەکاندا بەهێزە و هەندێکیان خۆیان بە چەمک و شوناسی "کوردایەتی" پێناسە دەکەن. کوردەکان وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت پێناسە دەکرێن.
زمانی کوردی یەکێک لە لقەکانی زمانی هیندوئووروپاییە و زۆربەی کوردەکان لە چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا نیشتەجێن کە ئەم زمانە لە هەر کام لەم ناوچانەدا بە بنزاراوەی جۆراوجۆر ئاخافتنی پێوە دەکەن و لە ئێران زیاتر بە زاراوەکان کرمانجیی سەروو، کرمانجیی ناوەڕاست (یان سۆرانی)، کرمانجیی باشووری، گۆرانی و زازایی (کۆمەڵێ لە هەورامی و زازاکان خۆیان و زمانی خۆیان لە کورد بە جیا دەزانن) ئاخافتن دەکەن. لە ناو کوردەکان، هەر دوو ئایینزای شیعە و سوننە بەدی دەکرێ و ئەگەر ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بۆ سەر دوو بەستێنی ئایینزایی دابەش بکەین، دەتوانین بڵێین زۆربەی کوردە سوننە مەزهەبەکان لە نیوەی باکووری نیشتەجێن. هەڵبەت کۆمەڵێکی دیکەی کوردەکانیش هەن کە پێیان دەڵێن یارسانەکان (کاکەیی / ئەهلی حەق) و زۆربەی شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە لە هەندێ لە شارەکانی هەرسین، کەرەند، شامات (ئیسلاماباد)، سەرپێل زەهاو و گوندەکانیان لە پارێزگای کرماشاندا ژیان بە سەر دەبەن.
کوردەکان لە سەر بەڕێوە بردنی ڕێوڕەسمە نەتەوەیی و ئایینییەکان سوورن و لەو پەڕی شکۆمەندیدا نەورۆز بەڕێوە دەبەن و بایەخێکی زۆر بە ڕێوڕەسم و جەژنە ئایینییەکانی وەکوو جەژنی قوربان و جەژن ڕەمەزان و بەتایبەت جەژنی لە دایکبوونی پێغەمبەر دەدەن و لە بۆنە ئایینییەکاندا لە هەندێ ناوچەکاندا خۆراکی نەزری وەکوو ئاشی تایبەت لێدەنن و لە ناو خەڵکدا دابەشی دەکەن و لەگەڵ ئەوە، ڕێوڕەسمی زیکری دەروێشەکان و ژەنینی دەف و زیکرخوێنی بەتایبەت مەولوودیخوێنی، حەمد و ستایشی پێغەمبەری ئیسلام و پاڕانەوە لە بەر قاپی خوداش بەڕێوە دەچێت. لە ناوچە کوردنشینەکان، جلوبەرگی جۆراوجۆر بۆ وێنە جلوبەرگی کوردی بەدی دەکەین بە جۆرێک کە بە کەمێک جیاوازی، هەر کام فۆڕم و دیمەنی جوانی خۆیانیان هەیە. جلوبەرگی نەریتیی پیاوان و ئافرەتانی کورد بریتییە لە باڵاپۆش، سەرپۆش و پێڵاو. پێکهاتە و کارکردی هەر کام لەمانە بە پێی وەرز و جۆری ئیش و بژێوی و بۆنە و جەژنەکان لێک جیاوازن. ئەگەرچی جلوبەرگی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان وەکوو هەورامان، سەقز، بانە گووگولاو، گەڕووس، سنە، مەریوان، مەهاباد و دیکەی شوێنەکان جیاوازە، بەڵام لە ڕووی داپۆشینی تەواوی لەش هەمووان هاوشێوەن.

**عەرەب**

عەرەبەکان زیاتر لە پارێزگای خووزستان و بەندەرعەباس و بووشێر و ناوچە باشوورییەکانی پارێزگای ئیلام بڵاو بوونەتەوە، لە سۆنگەی هەڵکەوتەی جوگرافیایی لە باشووری ڕۆژاوای ئێران و باکووری کەنداوی فارس نیشتەجێن. حەشیمەتی عەرەبەکانی خووزستان زیاتر لە شارەکانی ئەهواز، ئابادان، خوڕەمشار،

شادگان و دەشتی ئازادگان چڕ بۆتەوە. ئەم ناوچە لە سۆنگەی سرووشتییەوە بۆ سەر دوو ناوچەی دیاری کوێستانی و دەشتایی دابەش دەبێ کە ناوچە کوێستانییەکانی زیاتر شوێنی نیشتەجێبوونی لوڕ، بەختیاری، بێهبەهانی و عەرەبە کەمەرییەکان (جیبۆلات)ـە و ناوچە دەشتاییەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێتنیک و خەڵکانی دێزفوولی، شووشتەری، هێندیجانی و عەرەبەکانە (سیادت، 1374، ل 10 و 29).
عەرەبەکان لە باشوور و باشووری ڕۆژاوای ئێران و لە هەندێ بەشی پارێزگای خووزستان نیشتەجێن. عەرەبەکان کەمحەشیمەتترین شوناسی گشتیی ئێرانن و حەشیمەتەکەیان نزیکەی دوو لە سەدی کۆی حەشیمەتی ئێران بەراورد کراوە. (امیراحمدی، 1377، ص 32). هەندێ سەرچاوە حەشیمەتی عەرەبەکان لەوە زیاتر دەخەمڵێن. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە عەرەبەکانی ئێرانیش وەکوو تورکەکان لەگەڵ ناوەند لە ڕووی ئایینزاییەوە هاوبەشن و ئەم هاوبەشییە ئێنتیمای شوونـاسیی ئەوپەڕسنوورییان لاواز دەکاتەوە، چوونکە ئایین دەتوانێ هۆکاری پتەوکەرەوەی شوناسی نەتەوەیی و لاوازکەرەوەی هۆگریی جیاخوازانەی شوناسی – نەتەوەیی لە ناو عەرەبە خووزستانییەکان بێ کە توێژینەوە جۆراوجۆرەکانیش ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە. عەرەبەکانی دانیشتووی ئێران زیاتر بە زاراوەی عەرەبیی خووزستانی کە بنزاراوەیەکە لە عەرەبیی مزۆپۆتامیایی ئاخافتن دەکەن. عەرەبەکانی ئێران لە سەر ئاستی چوار پارێزگا بڵاو بوونەتەوە، بەڵام زۆربەیان لە پارێزگای خووزستان نیشتەجێن و زیاتر شێعەی دوازدە ئیمامین. هەڵبەت عەرەبە سوننە مەزهەبەکانیش لە ئێران هەن، بەڵام ڕێژەکەیان کەمە.
عەرەبەکانی خووزستانیش هاوشێوەی دیکەی خەڵکی ئێران خاوەن کەلتووری تایبەت بە خۆیانن و بە لاساییکردنەوەی عەرەبەکانی وڵاتانی دراوسێ، جەژنی ڕەمەزان پێگە و بایەخێکی زۆری هەیە و بە نۆڕم، ڕفتار و داب و نەریتی زۆرەوە ڕێزی لێ دەگرن. یەکێکی دیکە لە نەریتە کۆنە باوەکانی عەرەبەکانی خووزستان ڕێوڕەسمی گۆرگیعانە کە هەموو ساڵێک لە ڕۆژی پازدەی مانگی ڕەمەزان لە ئەهواز بەڕێوە دەچێت. یەکێکی دیکە لە ڕێوڕەسم و بۆنە هەرە گرنگ و باوەکانی نەتەوەی عەرەب، دەتوانین ئاماژە بە ڕێوڕەسمی قاوەخۆری و دەلەخۆری بکەین کە بە داب و نەریتێکی زۆرەوە بەڕێوە دەچێت.

**شوناسخوازیی ئێتنیکی لە ئێران**

پێناسەی پاوانەکراوی شـوناسـی ئێتنیکیی فارس بە شـێوەی شـوناسـی نەتەوەیی ئێرانی بووەتە هۆی ئەوەی پێناسـەیەکی تایبەت لە شـوناسـە گشـتییە نافارسـەکان بخرێتە ڕوو کە بە تەواوەتی لە ژێر کاریگەریی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پەیوەندییەکی ناهاوسەنگدایە. تێگەیشتنی تایبەتیی ناسیۆنالیزمی ئێرانی ئەم دواییە لە فارسزمانەکان و نکۆڵی شـوناسـی بۆ ئەوان بە شـێوەی دیاریکراو بۆتە هۆی دانانی شـوناسـی نەتەوەیی پاوانەکراو بۆ پرەنسیپی ئێتنیکیی ئەوان. بەم شێوە شوناسی نەتەوەیی ئێرانی بۆ سەر شوناسی فارسی تەسک بۆتەوە و زمانی فەرمی، ئایینی فەرمی، ئایینزای فەرمی، کەلتووری فەرمی و بە کورتی شوناسی فەرمی و ڕەوای لێ وەدەست دێت. لە ئەنجامی وەها پرۆسەیەکدا، شوناسی ناهاوشێوەی لانیکەم نیوەی دانیشتووانی ئەم وڵاتە (تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکەمەن و ...) بە پشـتگوێ خسـتنی پێگەیان لە بێچمگرتنی شوناسی نیشتمانیی ئێرانی نکۆڵی لێ کراوە و قبووڵکردنی شوناسی فارسی لە ژێر ئاڵای شوناسی نیشتمانیی ئێران بە بەڵگەنەویست و سرووشتی پیشان دەدات.
فارسەکان سەرەکیترین شوناسی گشتی لە ئێرانن کە بە تەنیا خۆیان نزیکەی 50 لە سەدی کۆی حەشیمەتی وڵات پێک دێنن. هەڵبەت زۆرێک لە ناوچەکان کە بە فارس لە قەڵەم دەدرێن زمان و کەلتووری تایبەت بە

خۆیانیان هەیە. کەواتە باشتر وایە ئاماژە بەم پرسە بکرێ کە لە گومان لە فارسەکانیشدا ئەم مەسەلە هەیە و زۆرێک لە ناوچەکان بە هەڵە بە فارس دەزانرێن. زۆرێک لە ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان لە پێناسەی ئێران، کەڵک لە وشەگەلی وەکوو فارسی و نەتەوەی فارس و ... وەردەگرن. هەندێکیشیان هەر کات باس لە فارسەکان دەکەن، فارسەکان بە هاوواتای فارس بە کار دەبەن. لەم چەشنە پۆلێنبەندییانە ئەنجامی ئێران = فارس وەدەست دێت. یەکێک لە نوێترین نموونەکانی ئەم گوتارە، لێدوانی یاریدەدەری سەرۆک کۆماری لە کاروباری ئێتنیکەکان واتە (عەلی یۆنسی)یە کە لە یەکەمی مانگی گوڵانی 1397ـی هەتاوی، لە ڕۆژنامەی قانوندا چاپ کراوە. لەم لێدوانەدا، یۆنسی ڕاشکاوانە ئاماژە بە فارسبوونی تورکەکان دەکا و دەڵێ: "ئازەری / تورکەکان هەم زمانی فارسی و هەم ڕەچەڵەکی فارسییان هەیە." بە هەند وەرنەگرتنی شوناسی ئێتنیکیی 50 لە سەدی دانیشتووانی نافارسزمانی ئەم وڵاتە و پێبەخشینی شوناسی نیشتمانیی ئەوپەڕئێتنیکی بەوان لە ژێر ناوی گشتی "ئێرانی" ڕێگەی بۆ بە سارانشین، خێڵەکی و پەراوێز ناساندنی دیکەی شوناسە ئێتنیکییەکان خۆش کردووە و قبووڵکردنی شوناسی فارسی لە ژێر ئاڵای شوناسی نیشتمانیی ئێرانی بە ئاشکرا و پێویست پیشان داوە.

پاش فارسەکان، تورکەکان پڕحەشیمەتترین ئێتنیکی ئێرانن. پێشینەی داخوازییە ئێتنیکییەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ کەمتر لە سەدەیەک و دیارترین نموونەکەی سەربەخۆییخوازیی کۆماری ئازەربایجانە کە بە ڕێبەرایەتی جەعفەر پیشەوەری بوو و ئەم کۆمارە تەمەنێکی ئەوتۆی نەبوو. لەم چەند ساڵەی دواییدا، بزاڤی شوناسخوازی لە ئازەربایجان کۆمەڵە ڕەهەندێکی نوێی لە خۆ گرتووە و بە پەرەسەندنی لە ناو خەڵکدا، بێچمی هەمەچەشنیشی بە خۆوە گرتووە؛ ئەو کەسانەی کە سنووری شوناسخوازییەکەیان بە خوێندن بە زمانی دایکی لە قوتابخانەکان و پەرەپێدانی داب و نەریتی خۆماڵی کۆتایی پێ دێ، گرووپەکانی دیکە کە بە پەنابردنە بەر فیدڕالیزم، شوناسی خۆیان پێناسە دەکەن و لە کۆتاییدا ئاراستەی سێیەم شوناسخوازەکانن کە سەربەخۆیی تەواو و جیابوونەوە لە وڵات بە بژاردەیەکی باش دەزانن. بەڵام ئەوەی زیاتر هێمای ڕاستەقینەی هەیە داخوازییە شوناسخوازانەی تورکەکانی ئێرانە کە زیاتر داخوازییەکی کۆمەڵایەتی و دادتەوەرە کە لە ڕێگەی کەناڵی داخوازییە مەدەنییەکان دەخرێتە ڕوو.

داخوازییە شوناسییەکانی کورد بە هۆی حەشیمەتی زۆریان لە خۆرهەڵاتی ناڤین و حەشیمەتێکی نزیک لە 10 لە سەدیان لە ئێران، کەمێ جیاواز و ئاڵۆزە. کوردەکان خۆیان وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە قەڵەم دەدەن و داخوازییە شوناسخوازییەکەیان لە وڵاتی ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە سەدەیەک. ئەگەرچی لە وڵاتانی تورکیا، سووریا و عێراق داخوازیی ئێتنیکی و شوناسخوازانەی کوردەکان بە شێوەی ناوە ناوە بەدی کراوە بەڵام ئەوەی بووە هۆی ڕەوتێکی مێژووساز، لە ساڵی 1324ـی هەتاوی و لەگەڵ دامەزرانی کۆماری سەربەخۆی کوردستان (بە ناوەندێتی مەهاباد و ڕێبەرایەتی قازی محەمەد) دروست بوو. لەگەڵ دەستپێکردنی ناڕەزایەتییەکان و بێچمگرتنی بڵێسەی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دیموکڕات سەر لە نوێ خۆی ڕێک خستەوە و حیزبگەلی دیکەی وەکوو کۆمەڵە، ڕێکخراوی خەبات دروست بوون، بەڵام پاش چەند ساڵ تێکهەڵچوون و ڕاوەدوونان و ڕاکردن، ئەم بزاڤە سیاسییانە سەرکوت کران و ئەم گرووپانە بەرەو کوردستانی عێراق ڕاو نران. ئێستا داخوازیی شوناسخوازیی کوردەکانی ئێران فۆڕم و بێچمێکی نوێی لە خۆ گرتووە. شوناسخوازیی ئەوڕۆیی کوردەکان فۆڕمی ڕێکخراوی مەدەنی و چالاکییە کەلتووری و هونەرییەکانی گرتۆتە خۆی، ئەگەرچی حیزبە سیاسییە چەکدارە شوناسخوازەکان لە دەرەوەی وڵات هێشتا چالاکن و هەڵبەت لێکدابڕانیش کەوتۆتە نێوانیان.

عەرەبەکانیش هەمیشە کێشە و چالنجە شوناسخوازانەی خۆیانیان هەبووە. عەرەبەکان لە باشووری ئێرانن و زیاتر لە پارێزگای خووزستان نیشتەجێن و داخوازیی سیستماتیکی شوناسخوازانەیان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 70 ساڵ بەر لە ئێستا. لە ساڵی 1324ـی هەتاوی، گرووپەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەب، جیبهەتولتەحریری خووزستان، فیداییانی گەلی عەرەب و پارتی کرێکارانی عەرەب دروست بوون. ئەم گرووپانە لە قۆناغە جیاجیا مێژووییەکاندا و هەروەها پاش شۆڕشی 1357ـی هەتاوی، هەستان بە بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیا و ئامانجەکانیان و تەنانەت داپەڕی سەربازیشیان ئەنجام داوە. بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی ئێران و عێراق لە ساڵی 1359ـی هەتاوی، پرسە ئێتنیکییەکانی خووزستان چووە ژێر کاریگەریی بارودۆخی جەنگیی ناوچەکە و ڕادەی چالاکییەکانی ئەم گرووپە شوناسخوازە کەم بووەوە و بە شێوەی پەنامەکی و شاراوە دەرکەوت.
بەلووچەکان هەڵبەت زیاتر، کوردەکانیش هەم لە سۆنگەی زمانی و هەم لە سۆنگەی ئایینزاییەوە لەگەڵ ئێتنیکی زاڵ (فارس) جیاوازیی شووناسییان هەیە. بەلووچەکان خاوەن زمانی بەلووچی و ئایینزای سوننەی حەنەفین. دابەشبوونی بەلووچستان لە ساڵی 1879 زایینی لە نێوان ئێران و هیندستان (پاکستانی ئەوڕۆیی) سنوورێکی سیاسی لە نێوان ئەم ئێتنیکە یەکپارچە بەدی هێنا و بوونی هەڵاواردنی ئێتنیکانە لە لە لایەن هەر دوو وڵاتی ئێران و پاکستانەوە بۆتە هۆی وروژانی هەستی ئێتنیکخوازانە و خستنە ڕووی داخوازیی ئێتنیکی لە لایەن بەلووچەکانەوە. بەڵام کەلێنی ئایینی، هەڵاواردنی ئابووری و بوونی پەیوەندیی ناوەند – پەراوێز ئەم داخوازییانەی تۆختر کردۆتەوە. بە جۆرێک کە لە دەیەکانی ڕابردوودا، حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر ساز بوون کە لە هەندێ حاڵەتدا داپەڕ و چالاکیی سەربازی و ڕووخێنەری لێ کەوتۆتەوە.
لە ئێران شوناسخوازی و داخوازییە شوناسخوازییەکان لە سەر بناغەی ئایینزا و ئێتنیک (بە تەوەرایەتی زمان)ـە. جیاوازیی داخوازییەکانی عەرەب و ئازەرییەکان / تورکەکان بە داخوازیی هاوشێوەی ناوچە کوردنشین و بەلووچنشینەکان لەوەدایە کە خواستە ئایینی و زمانییەکانی کورد و بەلووچ ڕەنگ و ڕوخسارێکی ئایدۆلۆژیک و سیاسی بە بزووتنەوەکانیان داوە و داخوازییەکانیان لایەنی پێکهاتەشکێنی و گۆڕینی مادەکانی یاسای بنەڕەتی هەیە. ئەگەرچی عەرەبەکان لە سۆنگەی ئایینییەوە لەگەڵ ئایینزای زۆرینەی خەڵکی ئێران هاوبەشن، بەڵام داخوازییەکانیان لە چاو داخوازییە ئێتنیکییەکانی ئازەرییەکان / تورکەکان کەمێ توندتر و ڕادیکاڵیترە و لە سۆنگەی گرنگینەدان بە گەشەی ئابووریشەوە خۆیان بە بەشخوراوتر دەزانن.

**بە سیاسیبوونی شوناسی گشتی**

بزاڤە ئێتنیکی یان نەتەوەییەکان و کارکردە سیاسییەکەیان بەرهەمی سەردەمی مۆدێرن و پاش دەرکەوتنی دەوڵەت – نەتەوەی مۆدێرنە. ڕەوتە ئێتنیکییەکان دیاردەیەکی زۆر کۆنن و جیابوونەوەی هەر ئێتنیکێک لە دیکەی ئێتنیکەکان لە سای تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانیان، خۆی لە خۆیدا پرسێکی مێژووییە، بەڵام ئیدعای سیاسیی ئێتنیکەکان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات بابەتێکی نوێیە. دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم بە شێوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی – سیاسی بە دامەزرانی یەکەم شەپۆلی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم هاوکاتە، بەڵام ڕەچاوکردنی وەک بابەتێکی چالنجبزوێن، دەگەڕێتەوە بۆ دەیەکانی 1920 -30 (نوز کریملی، ل 11). هەر کات توخمە ئێتنیکییەکان دەبنە بنەمای داخوازییە

سیاسییەکان، شوناسخوازی و بە سیاسیبوونی ئێتنیکەکان (ئێتنیکخوازیی سیاسی) دەردەکەوێت. ئەم شێوە ئێتنیکخوازییە سنووری نەتەوە لەگەڵ سنووری گرووپێکی ئێتنیکی و تایبەت دیاری و جیا دەکاتەوە (ماتیل، 1383، ل 1411).

تیۆرییە سیاسییەکان لە پرسەکانی پەیوەست بە شوناسی گشتی ڕۆڵی توخمی دەسەڵاتداری و بێدەسەڵاتی لە ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردە لێک دەداتەوە. بە پێی ئەم تیۆرییانە، ئەگەر لە کۆمەڵگا، هەلی دەستگەیشتن بە سەرچاوەی دەسەڵات بۆ ئێتنیکێک کەم بووبێتەوە، ئەم ئێتنیکە لەوانەیە وەک کاردانەوە بەرامبەر بەم دۆخە، شوناسخوازیی سەربەخۆی ئێتنیکی بگرێتە بەر.

بە دوو هۆکار، پرۆسەی بە جیهانیبوون[1] و لە سای ئەودا، کۆمەڵگای تۆڕی دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی پەیوەست بەو. لەم پرۆسەدا دەوڵەتی نەتەوەیی باڵادەستیی و هەژموونی قۆرخکراو و تا ڕادەیەک دەسەڵاتی خۆی بە ئامرازی زۆرەملێ دەپارێزێت. لەگەڵ جیهانیبوونی ئابووری و سەرمایە، دەوڵەت تا ڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی خۆی بە سەر ئابووریی نەتەوەیی خۆی لە دەست دەدا. لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی میدیا گشتییەکان، کەلتوور لە ژێر ڕکێفی دەستیوەردان و هەژموونیی دەوڵەت دێتە دەرەوە و لەگەڵ بێچمگرتنی حاشاهەڵنەگرانەی تۆڕ و ڕێکخراوە جیهانییەکان و سەندیکا ناوچەییەکان، زۆرێک لە سنوورەکانی سەربەخۆیی دەوڵەت لە بواری سیاسەتدانانی ناوخۆیی و دەرەکی لە ناو دەچێ و هەروەها بە زەقبوونەوەی هەندێ لە شوناسە تایبەتەکان لە ناوەوەی وڵات، باڵادەستیی و ڕۆڵی دەوڵەت لە پێناسەی شوناسی نەتەوەیی بە چالنج کێشرا. نموونەکانی ئەم شوناسانە شوناسی ئێتنیکی و ئایینین. ڕەوتە جیهانییەکانی سەرمایە، کاڵا، خزمەتگوزاری، تەکنەلۆژیا، میدیا و ڕاگەیاندن و زانیارییەکان بە شێوەی ڕوو لە هەڵکشان کۆنترۆڵی دەوڵەتیان بە سەر زەمەن و شوێندا لاواز کردووە و بە بۆچوونی ئانتۆنی سمیت، ئێتنیکایەتی لە ڕێگەی بە سیاسیکردنی گرووپە ئێتنیکییەکان دەبێتە هۆی ڕکابەری. ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی تایبەتمەندییەکی گرنگ و زەینی هەیە؛ ئەمە زەینییەتە ئەو فاکتەرە ئێتنیکییانە دەستنیشان دەکا کە بۆ بە سیاسیبوون گونجاون. ئەم پارادایمە پێداگری لە سەر توخمە زەینییەکان دەکا کە بوونی فاکتەرە ئۆبژەییەکان بە ناگرنگ نازانێ یا لە بازنەی شیکارییەکانی خۆی دەری ناکا، بەڵکوو لەم پارادایمەدا، زیاتر گرنگی بە توخمە زەینییەکانی بیرەوەری، بەهاکان، هەست، ئوستوورە، و هێما دەدرێ و لەم ڕێگەوە، هەوڵ دەدرێ بچێتە ناو دنیای ناوەوەی ئێتنیکایەتی و لێیان تێبگات (اسمیت، 1383، ل 86)

شوناسدۆزیی ئێتنیکی، وەک بناغەی داپەڕی گشتی، ئەو کاتە بەدی دێ و دەپارێزرێ کە ئیمتیازی ئاشکرا بوونی هەبێ کە بە پشتبەستن بە شوناسی ئێتنیکی، بتوانرێ بۆ وەدەستهێنانیان لەگەڵ دیتران ڕکابەری بکرێت.

ئاشتیی بەردەوام

ئاشتیی بەردەوام بە بارودۆخێک دەوترێ کە ئاشتی بۆ هەمیشە لە ناوچەیەکدا بەرقەرار بکرێت. ئاشتیی بەردەوام بە تەوەرایەتی دادپەروەری هەمان ئاشتیی دادپەروەرانەیە و بۆ وەدیهێنانی دەبێ بە دیپلۆماسیی شۆڕشی، بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان شێوازی دادپەروەرانە بدۆزرێتەوە و پێداگری لە سەر جێبەجێکردنیان بکرێت. چەمکی ئاشتیی بەردەوام لە سەدەی هەژدەهەمی زایینیدا لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "گەڵاڵەیەک بۆ ئاشتیی بەردەوام" خرایە ڕوو. ئەم وتارە بە شێوەی بێناو بڵاو بووەوە. سەرەڕای ئەمە، ئەم چەمکە هەتا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم گرنگی پێ نەدرا. چەمکی "ئاشتیی بەردەوام" پاش بڵاوبوونەوەی

[1] - **Globalization**

ناميلکەی ئاشتيی بەردەوامی ئيمانوێل کانت[1] لە ئەورووپا ناسرا.

| *پەيمانە ڕەوشەن زادە، پزيشکی پسپۆڕی ژنان و نووسەر خەڵکی سيمنان* |
|---|
| *ئەو چەترەی کە دەبێ باڵ بە سەر ئێراندا بکێشێ ئێرانێتييە و هەموو کەس لە ئايينی خۆی دەبێ سەربەست بێت. ئێمە بۆمان نييە بڵێين سەرترين. هيچ ئێتنيکێک ناتوانێ ئەمە بڵێ.* |

ئاشتيی بەردەوام بە بێ دامەزراندنی سيستەمی کۆماری، کە تێيدا هەر سێ هێزی جێبەجێکار و ياسادانەر و داد سەربەخۆن، نايەتە دی، بەڵام مەرجی دامەزراندنی وەها سيستەمێک، خۆی، بەستراوەتەوە بە عەقڵانييەت، دادپەروەرتەوەری، پێگەيشتنی هزری، ڕێبازی ئەخلاقی و دەسەڵاتداری بە پێی ياسا. بە بۆچوونی کانت ئاشتيی بەردەوام وەکوو منداڵێکە کە لە چرکەساتێکدا لە دايک دەبێ، بەڵام چەندين ساڵ دەخايێنێ هەتا ئەم منداڵە بە چاودێری و پەروەردە پێ بگات. زنجيرە قۆناغێک کە کانت وەک بناغە زەرووريیەکان بۆ هێنانە دی ئاشتيی بەردەوام باسی دەکا گوزارشتە لەوەی کە ناوبراو لە پێشدا لە "ماڵ" و ئينجا لە "ئەوپەڕ سنوورەکان"دا پەيجووری ئاشتييە. کانت پێی وايە مانەوەی دەوڵەتەکان لە بارودۆخی سرووشتی، بێياسايی و دژايەتی بەرژەوەندييەکاندا جەنگی لێ دەبێتەوە. ڕێگە چارەش لە مانەوە و لکان بە فيدراسيۆنی جيهانی دەزانێت (ميرمحمدی. 1390، ل 124).
لەم توێژينەوەدا، کۆمەڵێ کەسی بليمەتيش باوەڕيان بە يەکگرتنی شوناسەکانی خەڵکی ئێران بوو. لەم ڕوانگەوە ئەم کەسانە، شوناسخوازييان بە دژايەتی کردنی ئاشتی و بيرۆکەی جيهاننيشتمانی دەزانی.

| *ئەکبەر يادگاری، شێوەکار، نووسەر و دەرهێنەری شانۆ خەڵکی سيمنان* |
|---|
| *چ فەرقێک دەکا، مرۆڤ لە بازنەيەکی گەورەی وەکوو جيهان دەژی و هەر ڕووداوێ کە بکەوێتەوە بۆ هەموو دنيا دەکەوێتەوە. هەر بۆيە من نابێ بە ناوی شوناسەوە خۆم لە شوێنێکی ديکە جيا بکەمەوە.* |

**ئەنجامەکان**

داتاکانی ئەم توێژينەوە زياتر سەبارەت بە چەمکەکانی شوناس و ئێتنيکايەتی وەدەست هاتووە و لە سەر ڕەواڵەتی داخوازانەی گرووپە ئێتنيکييەکان، کە زياتر لە ئاراستەی وەديهاتنی دادپەروەری و يەکسانيی کۆمەڵايەتی و دەوری دەوڵەتەکان لە پێناو وەديهاتنی ئەم داخوازييە قسە دەکات. ئەنجامەکانی لێکۆڵينەوەش گوزارشت لە هەوڵی دەوڵەت بۆ نەهێشتنی نايەکسانييە ئابووری، سياسی، کەلتووری و زمانييەکان لە پێناو بێچمگرتنی يەکێتی و تەبايی و يەکپارەچيی نيشتمانی و گەيشتن بە ئاشتيی بەردەوام دەکەن. بەم پێيە، لە ئەنجامە وەدەستهاتووەکان هەوت تەوەر بێچمی گرت کە لە درێژەدا تاوتوێيان دەکەين.
سازان يان دژايەتی: شوناسی ئايينی و شوناسی نەتەوەيی
هۆگريی سياسيی ناوخۆی وڵات هەميشە يەکێک لە دوو ڕەواڵەتی نەتەوەيی يان ئايينی بووە. لە مێژووی ئێران و بە تايبەت لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو کە هۆگرييە ناسيۆناليستييەکان گرنگ بوون، بليمەتەکانی ئەم گوتارە کەمتر نيگەرانيی ئايينييان بووە و زياتر تێکۆشاون بۆ ئەوەی ناسيۆناليستيی خۆيان لەگەڵ نوێگەرێتيی

[1] - **Immanuel Kant**

ڕۆژاوا هاوئاراستە بکەن و لە ئایین کە هەمیشە هۆگریی بۆ نەریت و ڕابردووی مێژوویی وەبیر دێنێتەوە، خۆ بە دوور بگرن. لە لایەکی تریشەوە، هەتا نزیکەی پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا، زانایانی ئایینی لە سیاسەتدا ڕۆڵێکی ئەتۆیان نەبووە و زیاترین چالاکییەکانیان دژایەتیکردنی نوێگەرێتی و نەتەوەخوازی بووە، بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی و دەسەڵاتداریی ڕوانگەی ئیمامەتی ئایینی لە چوارچێوەی ڕژیمی نەتەوەیی ئێران، زانایانی ئایینی بوون بە خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و پاش دەسەڵاتدۆزی، زیاتر بە ئاراستەی پێکهێنانی ئەندێشە ئایینییەکاندا هەنگاویان ناوە و هەڵی دەسەڵاتدۆزیی نەتەوەخوازییەکی هاوشێوەی سەردەمی کۆن لە ناو چوو. ئەنجامە وەدەستهاتووەکان لە دیمانە لەگەڵ هەر دوو تاقمی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان (بلیمەتەکان و کەسانی ئاسایی)ـی لێکۆڵینەوە هۆگریی خەڵک بۆ یەکێک لە هەر دوو بەرەی نەتەوەیی یان ئایینی پیشان دەدا و ئەو چەمکەی کە پێی دەڵێن نەتەوەیی – ئایینی کە مەبەست کۆکردنەوەی هەر دوو هۆگریی نەتەوەیی و ئایینی لە کەسەکان یان گرووپەکان و حیزبەکانە، جگە لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن نەبێ، لە ناو هەموو کەسانی دیمانە لەگەڵکراو بەدی نەدەکرا.



*شاهین سێپێنتا، چالاکی فەرهەنگی خەڵکی ئیسفەهان*

زمان و داب و نەریتی نەتەوەیی بە سەر دوو بەشی نەتەوەیی و ئایینی دابەش دەبێ: بەشە نەتەوەییەکەی کە من لایەنگر و بانگەشەکار و بەرگریم و نزیکەی بیست ساڵە لە بواری داب و نەریتە نیشتمانییەکاندا چالاکی دەکەم و کتێبێکیشم خەریکە چاپ دەکرێ بە ناوی جەژنە ئێرانییەکان (جشنهای ایرانی) ... سەبارەت بە نەریتە ئایینییەکانیش دەبێ بڵێم من دژی نیم، بەهەر حاڵ بەشێک لە کۆمەڵگای ئێمە ئایینپەروەرن و ئەگەر ئێمە باوەڕمان بە ئازادیی ئەندێشە و دیمۆکراسی هەبێ، ئەوانیش جێی ڕێزن و ئێمە بۆمان نییە بەرهەڵستییان بکەین بەڵام من بانگەشەکار و پەرەپێدەری نیم.

ئەنجامی وەها سیاسەتێک لە بری ئەوەی ببێتە هۆی لاوازی و سڕانەوەی بیری نەتەوەیی، ئەندێشە ئایینییەکان لاوازتر دەکا و بەڵگەی ئەم ئیدعایە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی یەکەم ساڵەکانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی کە پانتایەکی توندی ئایینی باڵی بە سەر سەرتاسەری وڵاتدا کێشا بوو و مزگەوت و شوێنە گشتییەکان لەو گەنجە پرجۆشانە جمەی دەهات کە تامەزرۆی بەڕێوە بردنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بوون، ئێستا شتی وا بەدی ناکرێ

و مزگەوت و دیکەی شوێنە ئاینییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ چۆڵتر دەبێ و گەنجان کەمتر لەم شوێنانە ئامادە دەبن. لە لایەکی دیکەشەوە، بە پێچەوانەی هەمان یەکەم ساڵەکانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی کە زۆر باس لە مێژووی کۆن و ڕابردووی مێژوویی و کەسایەتییەکانی ئەو کات نەدەکرا، ئێستا لە ساڵەهاتی لە دایکبوونی کۆرش، شەقامەکانی نزیک لە شاری شیراز و پاسارگارد پڕ لەو گەنجانە دەبێ کە خۆیان بە لایەنگری کەلتوور (فەرهەنگ) و مێژووی چەند هەزار ساڵەی ئێران دەزانن.

| *جەواد حەساری، ڕۆژنامەوان و چالاکڤانی سیاسی – کۆمەڵایەتی خەڵکی مەشهەد* |
| --- |
| *هۆگرییە ئایینییەکان دژی پرسە نەتەوەییەکان نین. بەڵام ئەگەر لە هەندێ جێدا تووشی ناکۆکی هاتن، خەسار هەڵگریی پرسە ئایینییەکان لە پرسە ئێتنیکی و شوناسییەکان زیاترە.* |

بەدەر لەوەش، گرووپێکیش بە تێپەڕاندنی ئەم دووانە، لە نێوان شوناسی ئایینی و شوناسی نەتەوەیی، بۆ خۆیان شوناسێکی نوێ لە سەر بنەمای تایبەتمەندییە تاکایەتییەکان و پێگەی کۆمەڵایەتیی هاووڵاتیان لە ژیانی مۆدێرن ڕەچاو دەکەن.

| *یەحیا شەریعەت نیا، یاساناس و ڕاوێژکاری یاسایی خەڵکی تاران* |
| --- |
| *ئەمە داب و نەریتی نەتەوەیی نییە و هەر کەس بە شێوازی خۆی بەڕێوەی دەبا و لە ناودا هاوبەشن. ئەمانە لە درێژایی مێژوودا گۆڕانیان بە سەردا هاتووە، هەروەها لە ئایینیشدا. من بەر لە زانکۆ لە حەوزە بووم و بە ئاسانی دەستم بە سەرچاوەکان دەگەیشت و تێگەیشتم زۆرێک لەو شتانەی کە لە ئایینیدا هەیە چێکراوی خەڵکە. من چاوپۆشیم لەوانە کرد.* |

ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم لێکۆڵینەوە ئەوە پیشان دەدا کە شوناسە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان جیا لە داڕشتە کەلتوورییەکان، هەڵگری داڕشتەی کەلتووریی هاوبەش لە چوارچێوەی چەمکی نەتەوەشن و هەر بەم پێیە، هەر هەموو ئەم ئێتنیکانە لە چوارچێوەی شوناسی نەتەوەیی – ئێرانی خۆیان پێناسە دەکەن.
بیری زاڵ[1] ئەوەیە کە ئێتنیکەکانی دیکە خۆیان بە نژادی ئاریایی دەزانن کە لە سێ شەپۆلی سەرەکیی کۆچکردن بە ناوی ماد، پارس و پارت هاتن بۆ ئێران. ئەمانە تیرە و تایفە ئێرانییەکانن کە لە درێژایی هەزاران ساڵدا ئاوێتەی یەکتر بوون.

| *عەزیز نێعمەتی، شاعیر و زمانناس خەڵکی ورمێ* |
| --- |
| *ئێمە ئێرانییەکان زمانمان یەک بنچینەی هەیە هەڵبەت جگە لە زمانی عەرەبی. هەموویان بنچینەی پەهلەوییان هەیە. پەهلەویی ئاڤێستایی، یەکێ پەهلەویی ئەشکانییە، یەکیان پەهلەویی کۆن یان ئاڤێستاییە.* |

لە ئێتنیک‌خوازیدا ئێتنیک‌پەسنی، بۆ ئەو خەڵکەی وا لەو کۆمەڵگایەدا دەژین، فەرهەنگ، زمان، ڕەچەڵەک، نژاد و ئایینی خۆیان زۆر بە لاوە پڕبایەخە، بەڵام بە چاوی پەست و نزم سەیری ڕەچەڵەک و ئایین و کەلتووری ئێتنیکەکانی دیکە دەکەن و لەم ڕوانگەدا، شوناسی ئێتنیکی نە تەنیا لە ئاراستەی شوناسی نەتەوەییدا بەرەو پێشەوە ناچێ، بەڵکوو سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی، بێدەنگی هەڵدەبژێرن. هێمای بینراو و ئۆبژەیی

[1] ـ لەم بوارەدا، ڕوانگەیەکی تریش هەیە کە وێنای کۆچبەربوونی ئێتنیکە ئێرانییەکان لە نزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش ئێستای قبووڵ نییە و مێژوویەکی 6 – 7 هەزار ساڵە بۆ خۆیان ڕەچاو دەکەن و گرووپی ئێتنیکیی خۆیان بە دانیشتووانی ڕەسەنی پێدەشتی ئێران دەزانن.

ئەم چەشنە ڕفتارە، زیاتر لە پەیوەندیی لەگەڵ ئێتنیکی عەرەبدا بەدی دەکرێ کە زۆرینەی گرووپە ئێتنیکییەکان ئەم گرووپە ئێتنیکییە لە دارِشتەی نیشتمانی و نەتەوەیی وڵات بە جیا دەزانن.
لە ڕوانگەی دیکەوە کە بە تایبەت لە ناو بلیمەتە توێژینەوە لەسەرکراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوە جێی سەرنجە، ئاراستەی بە پێی بەرژەوەندیی مرۆڤ لە جیهانە. ئەم هۆگرییە جیهاننیشتمانییە زیاتر لەگەڵ هۆگریی نەتەوەخوازانەیە بەڵام بە سەرنج خستنە سەر بەرژەوەندیی مرۆڤ لە جیهان.

| پەیام درەفشان، پارێزەری پلە یەکی دادگا و چالاکی مەدەنی خەڵکی تاران |
|---|
| ئێمە دەبێ نەتەوەخوازی قبووڵ بکەین. نەتەوەخوازی پارامەترێکی گرنگ و کاریگەرە. جیا لەمە و بەدەر لەمە، من هەوڵم داوە هەمیشە جیهاننیشتمانی بیر بکەمەوە. ئێمە دەبێ نەتەوەخوازی قبووڵ بکەین و لە پاڵیشیەوە، بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان هەموو مرۆڤەکان فەرامۆش نەکەین. ئەمە بابەتێکە کە زۆرێک لە زلهێزە جیهانییەکان گرنگی پێ نادەن. |

ئەم ئاراستە لە ڕوانینی بەرامبەر بە ئێتنیکەکانیشدا بەدی دەکرێت. واتە کۆمەڵێ کەسی خاوەن زەمینەکانی بیرۆکەی مۆدێرنیستی ڕوانگەیەکی ئەوپەڕئێتنیکی و ئەوپەڕنەتەوەییان بۆ کێشەی کۆمەڵگاکان و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان هەیە و لە سەر ئەم پێیە، کردەوەی تاکایەتی و کۆمەڵایەتیی خۆیان ڕێک دەخەن.

| *ڕەسووڵ نامی، دیزاینەری فەرش خەڵکی تەورێز* |
|---|
| *زەوی و سنوورە جوگرافیاییەکان دیاریکەرەوەی مرۆڤایەتی نین. پێم خۆشە بە سۆز و خۆشەویستییەوە لەگەڵ هەموو مرۆڤەکان لە هەر ئێتنیکێکدا ئاشنا بم.* |


| *عەبدولقادر سواری، توێژەر خەڵکی خووزستان* |
|---|
| *کە لە زانکۆی تاران بووم لەگەڵ هاوڕێ عەرەبە نائێرانییەکان کە دۆست و هاوڕێ بووم بە منیان دەوت عەرەب و بەوانی دیکەیان دەوت ئێرانی ... واتە ئێمە سەر بە شوناسێکی دیکە بووین.* |

لە وڵاتی ئێراندا کە هەڵگری فرەڕەنگیی ئێتنیکی و ئایینیی زۆرە، نەبوونی نۆرمی هاوبەش و هەڵاواردنی ئێتنیکی، بۆتە هۆی زیانبەرکەوتنی هاوپەیوەندی و یەکپارچەیی نەتەوەیی کە وەها بارودۆخێ دیاردەی ئێتنیکتەوەری بەدی دێنێت. ئێتنیکتەوەری جۆرێ تێگەیشتنی کەلتوورییە کە بە پێی ئەوە، ئەندامانی ئێتنیکێک بەها و نۆرم و شێوازی ژیانی ئێتنیکی خۆیان لە دیکەی ئێتنیکەکان بە سەرتر دەزانن و بە پێی ڕوانگە چوارچێوەییەکان، سەبارەت بە دیکەی ئێتنیکەکان قەزاوەت دەکەن. هەر بۆیە، لە کۆمەڵگا فرەئێتنیکەکاندا ئێتنیکتەوەری وەک کۆسپێکی فەرهەنگی و کەلتووری بۆ بێچمگرتن و پەرەسەندنی پەیوەندیی نێوانئێتنیکەکان دێتە هەژمار. ئێتنیکتەوەری لە لایەک، دەبێتە هۆی لاوازبوونی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئابووری و لە لایەکی دیکەشەوە تۆختربوونی پەیوەندیی ناتەبایانە لە نێوان ئێتنیکەکانی لێ دەکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێتنیکتەوەری ڕێگری لە بێچمگرتنی فرەڕەنگیی شوناسی گرووپی (ئێتنیکی) لە تۆڕی پەیوەندییە نێوانئێتنیکییەکان دەکات.

چارتی ژمارە 1 و چارتی ژمارە 2 ڕادەی پەیوەندییە ئێتنیکییەکان پیشان دەدەن. و بە پێی ئەمە، 53.9 لە سەدی بلیمەتەکان ڕایانگەیاند کە پەیوەندییەکی زۆریان لەگەڵ ئێتنیکەکانی دیکە هەیە و 28.9 لە سەدیشیان وتیان کە پەیوەندییەکی کەمتریان هەبووە. لە ناو خەڵکی ئاساییدا، پەیوەندیی ئێتنیکی کەمتر بوونی هەیە و 55.4 لە سەد وتیان کە هیچ پەیوەندییەکیان نەبووە و 37.3 لە سەدیان پەیوەندییەکی کەمیان بووە.




چارتی ژمارە 1: پەیوەندییە ئێتنیکییەکان – بلیمەتەکان




چارتی ژمارە 2: پەیوەندییە ئێتنیکییەکان – خەڵکی ئاسایی

بەر لە شۆڕشی ساڵی 1357ـی هەتاوی حکوومەتەکانی پەهلەویی یەکەم و دووهەم بە بەڕێوەبردنی ئاهەنگ و بۆنە جۆراوجۆرەکان پێداگرییان لە سەر بیری نەتەوەیی دەکرد و ئایین پێگەیەکی پەراوێزخراوی هەبوو، بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، دەسەڵاتدارێتیی نۆرمە ئیسلامییەکان لە بەستێنە گشتییە کەلتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسییەکاندا بووە هۆی بەکۆمەڵایەتیبوونی نوێ لە ئێراندا ( Bowen, 2015, p. 2).

ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم لێکۆڵینەوەش پێیاشبوونی ستراتیژی ئیسلامی بە سەر ستراتیژی نەتەوەیی لە درێژەی ئەم چەند ساڵەدا دەردەخا و ئەوە پیشان دەدا کە وڵامدەران بە هۆی بە هەندوەرنەگیرانی ڕەهەندی

نەتەوەیی شوناسی گرووپە ئێرانییەکان داخدارن. بە باوەڕی شۆڕشگێران (انقلابیون)، نەتەوەخوازی جۆرێک قوتابخانەی مادییە و بە پێی توخمە هاوەڵادانەرەکانە و هەمیشە وەک ڕکابەرێک بۆ ئەندێشە ئیسلامخوازەکان و ئەو بیرۆکانەی کە لە سەر بنەمای یەکێتیی ئوممەی ئیسلامیین سەری هەڵداوە. لە بەرامبەردا ئەوان جەختیان لە سەر ویلایەت و ئیمامەت، ڕەچاوکردنی بەها ئەخلاقییەکان، بەها نەریتییەکان، بلیمەتخوازیی سیاسی و کۆنترۆڵی کەلتووری کردووە. لە کۆتاییدا، باڵادەستیی ئەم گوتارە بووە هۆی ئەوەی کە هەموو بوارە ئابووری، سیاسەت، کەلتوورییەکان و کۆمەڵگا تووشی گۆڕانکاریی بنەڕەتی ببێتەوە.

| *ئەشکان زارعی، چالاکیی کەلتووری و کەلەپووری، نووسەر خەڵکی خووزستان* |
| --- |
| *کەلتووری ئێرانی دوو قۆڵی هەیە: ئێرانێتییە کە پێشینەیەکی هەزاران ساڵەی هەیە و ئیسلامێتییە بە مێژوویەکی 1400 ساڵ بەر لە ئێستاوە هەتا ئێستا. هەر دوو باڵەکە دەبێ بپارێزرێن و ئەگەر ئێمە پاش شۆڕش (شۆڕشی کۆماری ئیسلامی) جۆرێک لە خۆدۆڕاویی کەلتووری یان نامۆیی کەلتووریمان هەیە هەر ئەوەیە کە ئێمە ئیسلامێتیمان خراپ بە منداڵی دوای شۆڕش فێر کردووە و لە ئێرانێتی هیچ فێر نەبووین.* |

دەتوانین بڵێین پێش و پاش شۆڕش و بە پێچەوانەی هەوڵەکانی دەوڵەتی چاکسازی (ئیسلاحات) و باسەکانی مەحموود ئەحمەدی نژاد و هاوبیرەکانی لە مەڕ بابەتی قوتابخانەی ئێرانی، هەندێ جار یەکێک لەم دوو ستراتیژە ئێرانی / ئیسلامییە وەک بابەتێکی ئایدۆلۆژیک زاڵ بووە و ئایدۆلۆژیایەکی دیکە پشتگوێ خراوە.

| | |
| --- | --- |
| *فاتمە (کەژاڵ) هەواس بیگی، مامۆستای زانکۆ و چالاکی فەرهەنگی خەڵکی ئیلام*<br>*لە سەردەمی ڕەزاخانەوە و بەتایبەت لە ساڵی 1345ی هەتاوییەوە، سیاسەتە کەلتوورییەکانمان هەرگیز لە پێناو نیگەرانی و خواستی خەڵک نەبووە و بە پێی ئایدیا و ئایدۆلۆژیای ڕژیم بووە.* |  |

لە بیرکردنەوەی ئایینیدا، کۆمەڵگای ئیسلامی وەکوو ئوممەیەکی یەکگرتوو سەیر دەکرێ و گرنگیی سنوورە سەرزەمینییەکان لە قۆناغی دووهەمدایە. لەم ڕوانینەدا، کاروباری مێژوویی نەتەوەییش گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە و لە بری تاوتوێی ژیانی کەسانێکی وەکوو کۆرش، خوو و ڕەوشتی پێغەمبەر و ئیمامانی ئایینی لێک دەدرێتەوە. لەم بوارەدا، ڕێگری لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ساڵانەی بیرئانینی کۆرش دەکرێ و جەژن و بۆنەگەلی ئایینی وەکوو مێهرەگان و سەدە و ... بەڕێوە ناچێت. لە بەرامبەردا ڕێوڕەسمگەلی ئایینی وەکوو ڕێوڕەسمی مانگی موحەڕەم و سەفەر و بۆنەکانی شەعبانییە و ... گرنگییەکی زێدەتریان پێ دراوە.
بە پێچەوانەی ئەم سیاسەتانەی دەسەڵات، ناخی کۆمەڵگا شتێکی دیکە پیشان دەدا و ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دەرخەری ئەوەیە کە ئەم پەیوەندییەی نێوان ئێرانێتی و ئایین لە ناو ئێتنیکە جۆراوجۆرە

ئێرانییەکاندا شێوازی جۆراوجۆری هەیە. بە واتایەکی دیکە، ناتوانین بە لێبڕاوییەوە بڵێین لە گرووپە کۆمەڵایەتییە توێژینەوە لە سەر کراوەکانی وەکوو فارس، کورد و ئازەری / تورک کام یەک لەم دوو گوتارە لە یەکەمایەتیدان و هەر کام لەم دوو گوتارە لایەنگری تایبەتیی خۆیانیان هەیە و جەماوەری ئەم گرووپانە لە نێوان دوو ڕێبازە هزرییە بڵاو بوونەتەوە، بە جۆرێک کە کەسانێک کە لە سەر ڕێبازی نەتەوەییدان، نیگەرانیی ئایینییان نییە و ئایینپەروەرانیش نیگەرانییەکی ئەوتۆی ئێتنیکایەتی و نەتەوەییان نییە و زیاتر لە چوارچێوەی چەمکی ئوممەی ئیسلامی بیر دەکەنەوە. لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا، لە نێوان ئەم دووانە سازگاری و پێکەوەهەڵکردنێک بەدی دەکرێت. لەم نێوەندەدا سەبارەت بە عەرەبەکان و بەتایبەت بەلووچەکان دەتوانین بڵێین لەو ناوچانەدا ستراتیژی ئیسلامی لە یەکەمایەتیدایە و بە سەر ستراتیژی ئێرانیدا زاڵە.

| باسم حیمادی، توێژەری ڕێوڕەسمەکان و مۆسیقای ئێتنیکیی عەرەب، مامۆستای زانکۆ خەڵکی ئەهواز (خووزستان) |
|---|
| *ئێمە چوارشەممە سوورەمان نییە و لە کەلتووری ئێمەدا جێی نابێتەوە. سفرەی هەوسینمان نییە. بەڵام وەک جەژنی نیشتمانی خۆمان لێی دەڕوانین. سێزدەبەدەرمان نییە، بەڵام لەگەڵ خەڵک دەچینە دەرەوە. بەڵام وەک ساڵی نوێ و جەژنێکی نەتەوەیی ڕێز لە جەژنی نەورۆز دەگرین. بەڵام گرنگترین جەژن جەژنی ڕەمەزانە و پاش ئەو جەژنی قوربان و غەدیرە. لە ڕۆژانی مانگی محەڕەمدا بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، جۆش و خرۆشێکی زۆرمان هەیە و خەڵک بۆ ئامادە بوون لە ڕێوڕەسمی ماتەمگێران ڕکابەرییانە و زۆر لای خەڵک گرنگە.* |

بوونی وەها ئامانجێکی ئایدۆلۆژیکی وای کردووە کە کەمینە ئایینی و ئایینزاییەکان لە زۆر حاڵەتدا، هەست بە نارەزایەتی بکەن و لەو باوەڕەدا بن کە یاسا جێبەجێکراوەکان بە شێوەی پێویست مافی ئەوان ڕەچاو ناکا و یان ئەوەی کە لە هەندێ حاڵەتدا ئەگەر کێشە لە یاسا نەبێ، بە هۆی زاڵبوونی چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای دەسەڵات بە سەر جێبەجێکارانی حکوومەت، مافەکانیان پێشێل دەکرێت.
هەر بەم پێیە و هەتا پازدە ساڵ بەر لە ئێستا، دییەی ناموسڵمانێک یەک لە سەر بیستی دییەی موسڵمان بوو. لە ئەنجامی وەها سیاسەتێک، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، تەنانەت ناوەندە حکوومەتییەکانیش بۆ هەڵبژاردنی کەسێکی زەردەشتی لە شۆڕای شار کێشەیان ساز دەکرد و هەڵسووکەوت لەگەڵ "سێپێنتا نیکنام" ئەندامی ئەنجومەنی شاری یەزد، نموونەیەک لەم حاڵەتانە بوو کە بیرکردنەوەی نەریتیی زاڵ بە سەر ناوەندەکانی کۆماری ئیسلامی پیشان دەدات. لە نموونەیەکی دیکەدا "کارێن وەفاداری" زەردەشتییەکی قۆڵبەستکراوە کە ماڵ و سامانەکەی دەستی بە سەردا گیرا، لە نامەیەکدا بۆ هاوئایینەکانی نووسیویەتی کە چاوەڕێ ئەوە نەبن کە مافی هاوولاتیبوونیان ڕەچاو بکرێت. ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم لێکۆڵینەوە پیشانمان دەدا کە ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژیکی بوونی هەیە کە ئەنجامەکەی بۆتە هۆی ئەوەی بلیمەتەکان گوێیان پێ نەدرێ و لە کۆمەڵگادا بسڕدرێنەوە و پەراوێز بخرێن.

| ئەمیر نەبەوی، مامۆستای زانکۆ و توێژەری زانستە سیاسییەکان خەڵکی تاران |
|---|
| *ڕوانگەی ئایدۆلۆژیکی لە هەموو بەستێنەکانی کۆمەڵگادا وای کردووە کە بلیمەتەکان بێکەڵک بن و پەراوێز بخرێن.* |

جیا لە کەمینە ئاینییەکان، کەمینەی ئایینزایی ئەهلی سوننەش لە ئەنجامی فەرمی بوونی ئایینزای شێعە، هەمیشە هەندێ حاڵەت لە سیاسەتە ئایدۆلۆژیکییەکانی دەسەڵات ئەوانی سنووردار کردووە کە ئەمەش کاردانەوەی لێ کەوتۆتەوە و لەم بوارەدا دژی نەبوونی مزگەوتی تایبەتی ئەهلی سوننە لە تاران، سنووردداربوونی سەفەری هەندێ لە ڕێبەرانی ئایینی بۆ دەرەوەی پارێزگا و وڵات و .... ناڕەزایەتییان دەربڕیوە.

بارودۆخی کۆمەڵگەی بەهایی لە ئێراندا لە هەموو کەمینە ئایینی و ئایینزاییەکان خراپترە. بەرپرسانی حکوومەت وەک "شوێنکەوتووانی فیرقەی گوڕاو" لە قەڵەمیان دەدەن و لە یەکەم ساڵەکانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیدا، زۆر کێشەیان بۆ ساز کردوون.

لە حکوومەتی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی کە ئایینزای شێعە وەک ئایینزای فەرمی ناسراوە، بەدەر لە ئایینە نائیسلامییەکانی وەکوو بەهایی، شوێنکەوتووانی گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە، واتە کۆمەڵگەی ئەهلی سوننەش هەست بە جیاکاری و هەڵاواردن دەکەن و بە گوێرەی ئەو دیمانانەی کە ئەنجام دراوە، ژمارەیەکیان و بەتایبەت گەنجەکانیان ناتوانن بە پێی زانست و پسپۆڕی زانکۆییان، لە شوێنە ئیدارییەکاندا پۆستێکی باش وەدەست بێنن و دەرفەتی یەکسان بۆ کار لەوان زەوت کراوە. هەروەها جڤاکی دەروێشەکانیش کە شوێنکەوتەی ئایینزای شێعەن، هەست بە نایەکسانی دەکەن و ساڵی ڕابردوو لە شاری تاران نموونەی تێکهەڵچوونی دەسەڵات دژ بەمان بەدی کرا کە مردن و کوژرانی کۆمەڵێ لە هێزە ئەمنییەکان و دەروێشەکانی لێ کەوتەوە.

بە پێی ئەنجامە وەدەستهاتووەکان، ئەم شێوە سیاسەتە ئایدۆلۆژیکییە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی بلیمەتەکان لە بوارە جۆراوجۆرە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان و زەمینەی بۆ گەشەنەکردنی ناوچە ئێتنیکـنشینەکان خۆش کردووە.


| *جەلال جەلالی زادە، چالاکی ئایینی – مامۆستای زانکۆی تاران و نوێنەری پێشووی سنە لە پەرلەمان (کوردستان)* |
| --- |
| *بەداخەوە بە هۆی ئەوەی حکوومەت لە دەستی یەک ئایینزایە و تێدەکۆشێ کە ئەم ئایینزایە لە هەموو داب و نەریت و ڕێوڕەسم و کۆبوونەوە و ڕێکخراو و ئۆرگانە دەوڵەتی و حکوومەتییەکان دابەزێنرێ، ئەوەیە کە کوردەکان لەم ڕووەوە هەست بە هەڵاواردن دەکەن و ئەم کەلێنە ئایینییە وای کردووە کە زۆرێک لە بەهرەکانی ئەهلی سوننە لە ڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووریی ئێران لە ناو بچێ و من پێم وایە ئەم کەلێنە ئایینییە گەورەترین بەربەستی بەر دەم گەشەی ئێران بەتایبەت گەشە و پێشکەوتنی کوردانی ئەهلی سوننەیە.* |

لە ئێران کەمینە ئایینی و ئایینزاییەکان بە فەرمی ناسینی ئایینزای شێعەی جەعفەری بە هەڵاواردنی دژ بە خۆیان دەزانن. ئەم مەودا ئایینزایی و هەڵاواردنە لە بێچمی جۆراوجۆردا هەندێ جار دەرکەوتنی ڕفتاری توندئاژۆیانەی لێ کەوتۆتەوە. هەڵاواردنی ئایینی، بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بریتییە لەو هەڵاواردنەی کە بە هۆی ئایینەوە بە سەر کەسێکدا دەسەپێنرێت. ئەم هەڵاواردنانە دەتوانێ لە کاروباری ئابووری و کاری، کۆمەڵایەتی، خۆشگوزەرانی و ... بێت. ئەم چەشنە هەڵاواردنە لە حاڵەتی زۆر مەترسیداردا مومکینە گرتن و یان کوژرانی کەسانی بەرکەوتووی هەڵاواردنی لێ بکەوێتەوە.


زۆر کەس پێیان وایە هەڵاواردن و کەلێنی ئایینزایی لە گیانی یاسا بنەڕەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕێگری

لە هەڵبژاردنی کەمینەکان وەک ڕێبەر یان ئەندامی ئەنجومەنی ڕێبەریی ئێران بە پێی مادەی سەد و بیستەم لەو حاڵەتانەیە کە بە پێی دەقی ئەم مادەیە، تەنیا کۆمەڵێکی کەمی زانایانی ئایینیی ئەهلی شیّعە بە مەرجی تایبەت لەم مافە سوودمەندن. لە نموونەکانی دیکەی ئەم قەدەغەیە دەتوانین ئاماژە بکەین بە ڕێگری لە دەستگەیشتن بە هەموو پۆستە سیاسی و بەڕێوەبەری و دادوەرییەکان لە سەر هەوو ئاستەکاندا. بۆ وێنە بە گوێرەی مادەی سەد و پازدەهەمی یاسای بنەڕەتی مافی خۆپاڵاوتن تەنیا هی کەسانی ئایینزایی و سیاسییە. مادەی سەد و بیست و یەکەم سەبارەت بە سوێندی یاسای بنەڕەتیی سەرۆک کۆمار، بەتایبەت ئەو بەشەی کە ئەو وەک پاسەوانی ئایینزای فەرمی دەناسێنێ، یەکێکی تر لە نموونەکانی هەڵاواردنە. بە گوێرەی مادەی شەست و چوارەمی یاسای بنەڕەتی سەبارەت بە ئەندامێتی مەجلیسی خوبرەگان، نوێنەرایەتی پارلەمانی شۆرای ئیسلامی بۆ کەمینەکان بە فەرمی نەناسراوە.

چارتی ژمارە 3 و چارتی ژمارە 4 کەلێن و هەڵاواردنی ئایینزایی لە ڕوانگەی کەسانی دیمانە لەگەڵکراوی بلیمەت و کەسانی ئاسایی پیشان دەدات. لە ڕوانگەی کەسانی ئاسایی و هەروەها زیاتر لە ڕوانگەی بلیمەتەکانەوە، ئێتنیکە ئێرانییەکان لە ڕووی ئایینزا و ئایینەوە وەبەر هەڵاواردن دەکەون و لە نێوان ئایینزاکاندا کەلێنێکی قووڵ بەدی دەکرێت.




چارتی ژمارە 1: کەلێن و هەڵاواردنی ئایینی – بلیمەتەکان




چارتی ژمارە 2: کەلێن و هەڵاواردنی ئایینی – خەڵکی ئاسایی

یەکێکی تر لەو پرسانەی کە بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا بۆتە کێشە، بابەتی حیجابی ژنانە کە بە پێی یاسا، ژنان ناتوانن بە بێ حیجاب و ڕەچاوگرتنی نۆرمە سەرەکییەکان بێنە شوێنە گشتییەکان. ئەم بابەتە تەنانەت گەشتیارانی بیانیش دەگرێتەوە و ئەوانیش ناچارن لەگەڵ هاتنە ناو خاکی ئێران سەرپۆش و باڵاپۆش لەبەر

بکەن. ئەم چەشنە ڕوانگە ئایدۆلۆژیکییە زیانی بە پیشەسازیی گەشتیاریی وڵات دەگەیێنێ و لە سۆنگەی ئابووریشەوە کێشەسازە.



*جەواد تەریری، پارێزەری دادگا، نووسەر و ئەکتیڤی سیاسی خەڵکی خووزستان*
*ڕەنگە خاتوونێکی موسڵمان ناچار بێ حیجاب بکا بەڵام ئەو گەشتیارە بیانییە بۆ دەبێ حیجاب بکات؟ بە پێی فیقهـ ناتوانین ناچاری بکەین، بەڵام بۆمان دەردەکەوێ کە ئەمانە فیقهیان بە قازانجی خۆیان دەوێ. بۆچی زیان بە پیشەسازیی گەشتیاری بدەین؟ بوارە ئایینی و ئایینزاییەکان زۆر جەمسەری و یۆنیزە کراون.*

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا گرووپە ئایینییەکانی وەکوو شوێنکەوتووانی ئایینی یارسان کە زیاتر لە ناوچەی کرماشان دەژین و هەروەها شوێنکەوتووانی ئایینی بەهایی کە هیچ کامیان لە ئایینزا و ئایینە فەرمییەکانی وڵات نین بە خراپ هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کراوە کە لە نموونەکانی هەڵاواردن لە دژی کەمینەکانە.
بوونی وەها ئامانجگەلێکی ئایدۆلۆژیایی دەتوانێ ئاسایشی وڵات بخاتە مەترسییەوە، هەر وەکوو چۆن کە ڕووداوی دەروێشەکانی گوناباد لە شاری تاران یان ئەنجامدانی جووڵەی چەکدارانە جار نە جارێ لە ناوچەی بەلووچستان و یان حاڵەتگەلی وەکوو تیرۆری بەرپرسانی شار وەکوو پێشنوێژانی ناوچەی کوردستان و هێرش کردنە سەر پارلەمانی شۆڕای ئیسلامی لە ساڵی 1396ـی هەتاوی لە نموونەکانی ئەم نائاسایشییەیە.
لە درێژایی مێژوودا، هێماکان وەها تێکەڵی کەلتووری گشتی بوون کە لە زۆر جار، بۆ تێگەیشتن لە کەلتوورێک، جگە لە تێگەیشتنی هێماکان نەبێ هیچ ڕێگە چارەیەکی ترمان نییە. ئێتنیکناس و خەڵکناسێکی باش و شارەزا دەبێ هێماناسێکی خاوەن ئەزموون بێت. ئێتنیک و گرووپە جۆراوجۆرەکانیش بە زانینی ئەم بابەتە تێدەکۆشن لە ڕێگەی هێما تایبەتە ئێتنیکییەکانەوە ئامرازی شوناسی خۆیان تاوتوێ بکەن و لە هەندێ حاڵەتدا، نارەزایەتیی خۆیان بگەیێننە گوێی بەرپرسانی حکوومەت. یەکێک لە سیمبۆلەکانی ئەم بابەتە لەبەر کردنی جلوبەرگی خۆجێیی و خۆماڵییە کە لە کاتی بەڕێوە بردنی ڕێوڕەسمی تایبەت و یان ڕۆژە تایبەتە جیهانی و ناوچەییەکانە کە ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان تێدەکۆشن لەم ڕێگەوە، خۆیان لە زۆرینە جیا بکەنەوە و لە هەمبەر سیاسەتی لێکچوواندن خۆڕاگری بکەن. لە نموونەکانی دیکەی بە کارهێنانی سیمبۆلەکان دەتوانین ئاماژە بە بە کارهێنانی ڕەنگی تایبەت لە کاتی نووسین و بە کارهێنانی کۆفی (جامانە)ی تایبەت مل بکەین.
هەڵبەت ڕەوتی دەسەڵاتیش لە هەمبەر ئەم سیمبۆلانە خۆڕاگری دەکا، ئەگەرچی لەم نێوەندەدا شوێنکەوتووانی ئەم گرووپانە پێیان وایە کە بە کارهێنانی ئەم ڕەنگانە بە ئامانج و مەبەستێکی تایبەت نییە و لەم بارەوە ڕەخنە لە دژایەتییەکانی دەسەڵات دەگرن. بەڵام ئەم سیمبۆلسازییە هی ڕابردوویەکی زۆر کۆنی مێژووییە و بێچمگرتنەکەی لە لایەن خەڵکی ئەوڕۆییەوە نەبووە. ڕۆژژمێری ناوچەیی و بە کارهێنانی ژمارە و مانگە تایبەتەکان لەم ڕۆژژمێرییەدا و هەروەها لە ئەدەبیات و وتووێژی ڕۆژانە لە نموونەکانی پیشاندانی سیمبۆل

وەک شوناسێکی تایبەت و ئاوارتەیە.

| |
|---|
| *سید عەبدولسەلام مەحموودیان، زانای ئایینی و چالاکیی ئایینی خەڵکی سەردەشت (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)* |
| *لە نوێژی هەینیدا قسە کردن لە سەر بابەتێکی نەتەوەیی و ئێتنیکی هێڵێکی سووری گرنگە و من خۆم زۆر لەم بارەوە لێپێچینەوەم لێ کراوە؛ تەنیا لە بەر ئەوەی لە نوێژی هەینیدا وتم ساڵی 2717ـی کوردی. پێیان وتم بۆ کەڵک لە ڕێکەوتی کوردی وەردەگری.* |

بەڕێوەچوونی ئاهەنگی ناوچەیی و خۆماڵی و بە کارهێنانی ناوی تایبەت بۆ ناولێنانی منداڵان و هەروەها بە کارهێنانی ناوی ناوداران و بلیمەتەکان و ڕووداوە مێژووییە خۆماڵییەکان لە دیکەی نموونەکانی بە کارهێنانی سیمبۆلەکانە. لە هەندێ حاڵەتدا، گرووپە ئێتنیکییەکان لە ئاست ناونانی فەرمیی شوێنەکانی هاتوچۆ لە لایەن دەوڵەتەوە بەرهەڵستی دەنوێنن و لە زمانی ڕۆژانەی خۆیاندا ئەو ناوانە بە کار دەبەن وا خۆیان هەڵیانبژاردووە. هەروەها شوێنکەوتووانی ئایینزایی ئەهلی سوننەش لە کاتی دەستپێکردنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و هەروەها ڕاگەیاندنی جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان، دژی ڕۆژژمێریی فەرمیی وڵات و هاوئاراستە لەگەڵ وڵاتانی ئەهلی سوننەی ناوچەکەن. سیمبۆلێکی دیکە کە لەم ساڵانەی دواییدا بۆتە هێمای بزووتنەوەی نارەزایەتیی کوردەکان پشووی سەرتاسەری و یەک ڕۆژەی دووکانداران و بازاڕیانە کە لەم ڕێگەوە، دەیانهەوێ وێڕای پیشاندانی شوناسی تایبەتی خۆیان، نارەزایەتییەکانیان بەرامبەر بە سیاسەتەکانی حکوومەت دەربڕن.
هەندێ سیمبۆلیش هەن کە دەورێکی یەکدەستکەرەوەیان هەیە؛ ئاڵای سێ ڕەنگیی سەوز، سپی و سوور کە یەکێ لە هێما فەرمییەکانی وڵاتە. ئەم سێ ڕەنگە ئەگەرچی لە درێژایی مێژوودا گۆڕانێکی زۆری بە خۆوە بینیوە، بەڵام گشتێتی ڕەنگەی پاراستووە. مارشی نەتەوەیی یەکێکی تر لە سیمبۆلە فەرمییەکانە کە هەڵبەت هەتا هەنووکە سێ جار گۆڕدراوە. ئەم سیمبۆلە فەرمییانەش لە فاکتەرەکانی دیکەن کە دەتوانن گرووپە جیا جیا ئێتنیکییەکان لە ژێر چەترێکدا کۆ بکەنەوە و هۆکارێک بن بۆ هاوپەیوەندیی گرووپەکان.

*عەبدولحەمید ئێران نژاد، مامۆستای خانەنشینکراو، چالاکی فەرهەنگی و توێژەر خەڵکی سیستان و بەلووچستان*
*وەک ئێرانییەک لەگەڵیان [فارسەکان] لە پەیوەندیدام. ئەوانیش هاوزمان و هاوفەرهەنگمانن و لە ژێر ئاڵایەکدا کۆ دەبینەوە و هەر هەموویان بە هاونیشتمانیی خۆم دەزانم و ڕێز لە بیر و باوەڕەکانیان دەگرم.*



بەڕێوە بردنی ڕێزنان و ڕێوڕەسم و بۆنە نەریتییەکان لە درێژەی ساڵدا، جەژنە نەتەوەییەکان وەکوو جەژنی کۆنی نەورۆز، بۆنە ئایینزایی و ئایینییەکان وەکوو جەژنی لە دایکبوونی پێغەمبەر و جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان و دیکەی ڕێوڕەسمە نەتەوەیی و ئایینزاییەکان دەتوانێ هەلی ئاشنایی و هاوپەیوەندیی ئێتنیکی لەگەڵ یەکتر بڕەخسێنێت.

ڕەنگە بتوانین سیمبۆلەکانی ناوخۆی ئێران، کە دەسەڵات دەتوانێ لە ڕێگەی ئەوانەوە یارمەتی یەکێتی و هاوپەیوەندیی کۆمەڵگای ئێران بدا، بە سەر سێ بەشدا دابەش بکەین: بەشێک لەم سیمبۆلانە بریتییە لە نەورۆز، چوارشەممە سووره، مێهرەگان، یەلدا و ... کە کۆنن و مێژوویەکی زۆر دوور و درێژیان هەیە و زیاتر ڕیشەیان لە ئوستوورەکانی ئێرانی کۆن و ناوچەکەدا هەیە. بەشی دووهەمی سیمبۆلەکان وەکوو جەژنە ئایینییەکان کە بریتییە لە جەژنی ڕەمەزان، جەژنی قوربان، غەدیر خووم، لە دایکبوونی پێغەمبەر و موحەڕەم و شەهیدبوونی ئیمامانی ئەهلی شێعە ئایینیین و دەچنەوە سەر ئەو ڕێوڕەسمانەی کە لە ڕیشەی ئایینییان هەیە. بەشی سێیەم سیمبۆلەکان هی ئەم ماوەی دواییە و بە هۆی حکوومەتداری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ڕێوەڕسمگەلی وەکوو ساڵوەگەڕی ڕۆژانی دەیەی فەجر، سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، ڕێپێوانی 13ـی خەزەڵوەر (ئابان) و ڕۆژی قودس، 9ـی مانگی بەفرانبار، ئاڵا و مارشی کۆماری ئیسلامی و ... حکوومەتین. بابەتێک کە لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە دەسەڵات تا چ ڕادەیەک توانیویەتی وەک فاکتەری هاوپەیوەندیی نیشتمانی ئەم سیمبۆلانە بە کار بێنێت.

سنوورە کەلتوورییەکان

کەلتوور لەو فاکتەرە گرنگانەیە کە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لێک جیا دەکاتەوە و بەم پێیە سنوورێک دەخاتە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان. نەریتە مێژووییەکان یەکێک لەو فاکتەرانەن کە هەر کام لە شوناسە گشتییەکان بە پێی ئەوە کۆ دەبنەوە و لە نێوان خۆیان و ڕابردوویان پەیوەندییەک ساز دەکەن. جلوبەرگ، مۆسیقا، ڕازاندنەوەی لەش، و ... لەو نموونانەن کە تاکەکان تێدەکۆشن کە بە هەڵگرتنی دەمارگرژی و نواندنیان، وێنەیەکی ئۆبژەیی بە شوناسی خۆیان بدەن و بەم پێیە خۆیان لە دیکەی شوناسە کۆمەڵایەتییەکان جیا بکەنەوە. بەم پێیە، لە ژێر ناوی نەریت وەک ئێتنیک هەوڵ دەدرێ ڕادەی دەمارگرژیی گرووپە کۆمەڵایەتییە توێژینەوە لە سەرکراوەکان و ئەو دەورەی کە نەریتە مێژووییەکان لەوەدا پێناسەی دەکەنەوە تاوتوێ بکرێت.

| *غوڵامڕەزا جەعفەری، چالاکڤانی ژینگە خەڵکی نەغەدە (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)* |
|---|
| *ئەگەر بمانهەوێ کەلتوور پێناسە بکەین ئەو شتانەیە کە مرۆڤ لەگەڵی دەژی. مرۆڤ بەوە کار دەکات. بەوە هاوسەرگیری دەکات. کەلتووری هەر نەتەوەیەک بۆی گرنگە. زۆرێک لەم کەلتوورانە وەدەستهێنراون واتە لە دایک و باوک و باو و باپیرانەوە بۆمان دەمێنێتەوە و ئەوانی دیکەی لە ڕێگەی دەقی مێژوویی و توێژینەوەییەوە وەدەستی دێنین.* |

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە لەم بارەوە دەریخستووە کە فارسزمانان بە مەبەستی پێناسەی بنەمای شوناسیی خۆیان زیاتر ڕوانگەی جیهانی و ئەوپەڕخۆجێییان هەیە و لەو باوەڕەدان کە لە دنیای ئەوڕۆدا ناتوانین بە پێی تایبەتمەندییە نەریتییەکان شوناسدۆزی بۆ خۆمان بکەین.

| | |
|---|---|
| *کەتایوون ڕیاحی، ئەکتەر خەڵکی تاران*<br>*من 40 لە سەدی داب و نەریتەکانم هاوشێوەی ڕابردووانم ڕەچاو دەکەم، بەڵام بەهەر حاڵ بیر و باوەڕی خۆشم کاریگەری لە سەر داناوە.* |  |

| *مەلا ئەحمەد بارامی، چالاکی ئایینی – کۆمەڵایەتی و نوێنەری پێشووی جووانڕۆ لە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ئێران (کرماشان)* |
|---|
| *بنەمای هەر نەتەوەیەک ئەوەیە کە هەموو داب و نەریتی ئێتنیکەکەی بپارێزێ و بەم شێوە درێژە بە ژیانی بدا و خۆی بە نەتەوەکانی دیکە بناسێنێت. بۆچی خاتوو "بینەزیر" وەزیری وڵاتێکی 190 ملیۆنییە و بە جلوبەرگی پاکستانی دێتە تاران و هیچ کێشەیەک پێش نایە و عەیبیش نییە؟ بۆچی "ئەشرەف غەنی زەی" جلوبەرگی نەتەوەکەی خۆی لە بەر دەکات؟ بۆچی دەسەڵاتدارانی ئێرانی هەر ئەو جلوبەرگە لەبەر دەکەن وا هەیانە و لە حوجرە و حەوزەکان بە بێ هیچ بەرپرسایەتییەک ژیان بە سەر دەبەن و هێشتاش ئەم جلوبەرگە دەپارێزن؟ بۆچی من نابێ داب و نەریتی ئێتنیکی خۆم بپارێزم؟! لە حاڵێکدا جێی شانازییە و شوناسی نەتەوەییمە.* |

لە کۆبەندییەکی گشتیدا، دەتوانین بڵێین فارسزمانە توێژینەوە لە سەرکراوەکان زیاتر "مای شوناسی"ـی خۆیان لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی خۆجێیی و نەریتی پێناسە دەکەن و لە ئەنجامدا، تایبەتمەندیی کەلتوریی ئێنیکی کە دیکەی ئێتنیکەکان دەگرێتەوە ناتوانین بۆ ئەوان بە کار بێنین و لە چوارچێوەی گرووپێکی ئێتنیکی تایبەت پێناسەیان بکەین. بەم پێیە، لە زۆربەی بابەتە ئاماژە پێکراوەکانی ئەم بەشەدا، لە بری ئەوەی وەک گرووپێکی ئێتنیکی قسەیان لەگەڵ بکەین چەمکی فارس زمانەکانمان بۆ ئەوان بە کار دەهێنا. بە پێچەوانەی فارسەکان، بازنەی "مای شوناسی"ـی کورد، تورک، بەلووچ و عەرەبەکان داخراوترە و بۆ خەڵکانی ئەم ئێتنیکانە، وێڕای قبووڵکردنی ژمارەیەک لە هێماکانی سەردەمی نوێ، ڕێوڕەسمە نەریتییەکان لە یەکەمایەتیدان و بە هۆی پاراستنی بیری نەریتی و مێژوویی، لە نێوان ئەوان و دیکەی شوناسە کۆمەڵایەتییەکانی وڵات مەودا و سنوور دروست دەبێ و دەتوانین ئەوان لە یەکتر جیا بکەینەوە.

لە دنیای ئەوڕۆییدا، زمان وەک وتەزایەکی کەلتووری و فەرهەنگی دەتوانێ لە نێوان دوو گرووپی باڵادەست و بندەست ببێتە بابەتێکی سیاسی. ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەو توێژینەوەش پیشاندەری بە سیاسیبوونی زمانی زکماکییە، واتە گرووپە ئێتنیکییەکان پەنجەی بێبەشبوون لە خوێندن بە زمانی دایکی بەرەو لای


حکوومەت ڕادەکێشن و لەم باوەڕەدان کە هەتا کاتی بە کردەییبوونی ئەم بابەتە، درێژە بە داخوازیی خۆیان لە سیستەمی سیاسیی وڵات دەدەن، چوونکە ئەگەر ئەم داخوازێتی و خۆڕاگرییە بێچم نەگرێ، ئەوە هەلی هاوشێوەبوونیان لەگەڵ زمانی یەکەم دەڕەخسێت.

| سەعدوون مازووچی، چالاکی مەدەنی و سیاسی خەڵکی مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژاوا) |
| --- |
| *لە مافی خوێندن بە زمانی دایکی بێبەشین، بەڵام وەک داخوازییەک داوای دەکەین و ئەمە لە یاسای بنەڕەتیشدا هاتووە، بەڵام نەچۆتە بواری جێبەجێکردن و هۆکاری ئەم جێبەجێنەکرانە ئیرادەی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانە کە لە درێژایی مێژووی کۆماری ئیسلامی هاتوونەتە سەر کار؛ هیچ کامیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادەی یاسای بنەڕەتییە ئیرادەیەکی تۆکمەیان نەبووە و لە هەر حاڵەتێکدا ئەم مافە داوای نەکراوە.* |

سەبارەت بە زمانی دایکی، مێژووی ئێران پیشان دەدا کە پاش مەشرووتە و هەروەها لە سەردەمی پەهلەویی یەکەم و دووهەم، ئاراستەی ناوەندخوازانە بە پێداگری لە سەر زمانی فارسی و سنووردارکردنی کەمینە ئێتنیکییەکان بووە. لەو سەردەمەدا، هەموو یاساکان لە ئاراستەی گەشە و پەرەسەندنی هێڵ و ئەدەبیاتی فارسی بوو و هیچ گرنگییەک بە زمانە ئێتنیکییەکان نەدەدرا.
ئەم سیاسەتە لە سەردەمی شۆڕشی ئیسلامی بە وردبینییەکی زۆرەوە درێژەی پێدرا. بۆ وێنە، لەگەڵ تۆمارکرانی کۆمپانیاگەلی وەکوو (گۆلین گاز) و ڕیکلامی کاڵاکانیان لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگ، نوێنەرانی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی، لە یازدەی مانگی ڕەزبەری ساڵی 1375ـی هەتاوی و ماوەیەک پاش بڵاوبوونەوەی وەها ڕیکلامگەلێ، دانیشتنێکیان پێک هێنا و یاسای قەدەغەکردنی بڵاکردنەوەی ڕیکلامی بازرگانیی ئەو کاڵایانەی کە ناوی بازرگانییەکەیان بە زمانی نامۆی تورکییە پەسند کرد.
چارتی ژمارە 5 و چارتی ژمارە 6 بڕوای کەسانی بلیمەت و کەسانی ئاسایی لە بارەی ڕەواداریی خوێندن بە زمانی دایکی پیشان دەدەن. بەم پێیە، 85.9 لە سەدی بلیمەتەکان، و 63.9 لە سەدی بەشداربووانی ئاسایی توێژینەوە لە سەرکراو پێیان وایە پەروەردە بە زمانی دایکی مافێکی ڕەوا و یاساییە. هەروەها 14.1 لە سەدی بەشداربووانی بلیمەت و 15.7 لە سەدی بەشداربووانی ئاسایی دژی ڕەوادارکردنی پەروەردە بە زمانی دایکی بوون.




چارتی ژمارە 3: ڕەواداریی خوێندن بە زمانی دایکی – کەسانی بلیمەت




چارتی ژمارە 4: ڕەواداریی خوێندن بە زمانی دایکی – کەسانی ئاسایی

داتا وەدەستهاتووەکانی دیمانەی بەشداربووە جیاوازەکان گوزارشت لە جۆرەکانی شوناسی گشتی توێژینەوە لە سەرکراوی ئەم لێکۆڵینەوە دەکا کە بێبەشبوونی منداڵان لە مافی خوێندن بە زمانی زکماکی، بەتایبەت لە یەکەم ساڵەکانی قوتابخانە، ئاستی فێربوونیان لاواز دەکات. ئەم منداڵانە هەتا بەر لە چوونە قوتابخانە، واتە تەمەنی هەوت ساڵان، لە ناو بنەماڵە و گەڕەکدا بە زمانی دایکی ئاخافتینان کردووە و لەگەڵ چوونە قوتابخانە یەکەم پەروەردەی فەرمی و نووسراویان بە زمانی فارسی ئەنجام دەدرێ و بە هۆی ئەوەی هەتا ئەو کات بە زمانی فارسی قسەیان نەکردووە بێگومان پرۆسەی فێربوونیان تووشی کێشە دەکات.

*ئەمیر سەجادی، مامۆستای وانەی مێژوو خەڵکی سەقز*

*ئەگەر ئەم یاسایەم قبووڵ بێ کە ئێران فرەئێتنیکە، دەبێ یاسایەکی سرووشتی بێ کە هەموو کەس بە زمانی ئێتنیکی خۆی ئاخافتن بکات. موحسین ڕەنانی، مامۆستای ئابووریی سیاسیی ئیسفەهان دەڵێ ئەوانەی بۆیان نییە بە زمانی زکماکی بخوێنن لە فێربووندا توشی کێشە دەبن و بابەتی پەککەوتنی پەروەردە و فێربوون دێتە ئاراوە و ئاستی کوالێتی پەروەردە دادەبەزێ و ئەم دووانەیی پەروەردەییە دەبێتە هۆی دواکەوتنی فێربوون. لە لایەکی تریشەوە، مافێکی سرووشتی و جەوهەری و مرۆییە و ئەزموونی وڵاتانی وەکوو سوویسڕا پیشان دەدا کە فرەڕەنگیی زمانی لێکترازان و دابەشبوونی لێ ناکەوێتەوە.*



ئایدیای ئوممەی یەکگرتوو کە لە سیستەمی سیاسیی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران گرنگییەکی زۆری هەیە، بابەتێک کە لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا ڕاشکاوانە ئاماژەی پێکراوە و زۆر کەسیش بە پێداگریکردن لە سەر بنەما ئایینییەکان و ڕەوشتی گەورەپیاوانی ئایینی ئیسلام داکۆکیان لە سەر گرنگی و پێویستییەکەی کردووە. هێشتا لە ڕوانگەی زۆرێک لە خاوەن تیۆرییەکان و هەروەها شوێنکەوتووانی ئایینی چەمکی دەوڵەت – نەتەوە هیچ پێگەیەکی نییە و چەمکی حکوومەتی ئیسلامی لە سەرووی چەمکەکانی دیکەیە. لە چوارچێوەی جیهانبینی و ڕوانگەی ئەم کەسانە، ئەوەی لە سەر ئاستی جیهانی ئیسلامدا ڕوو دەدا لە چوارچێوەی حکوومەتی و نە لە چوارچێوەی چەمکی دەوڵەت – نەتەوە شیکاری و شرۆڤە دەکرێت. لە لایەکی تریشەوە زۆر کەس ئەم جیهانبینییەیان قبووڵ نییە و بە پێداگریکردن لە سەر چەمکی دەوڵەت لە سەر ئاستی وڵاتی ئێران، ڕەخنە لە سیاسەتە حکوومەتییەکان دەگرن. ئەم کەسانە دژی سیاسەتە دەرەکییەکانی حکوومەتن کە تێچووی ئابووری و گیانی بۆ پاراستنی موسڵمانانی جیهان تەرخان دەکا و لەو باوەڕەدان کە کاتێک خەڵکی وڵات لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، خۆشگوزەرانی، کەلتووری و ... تووشی کێشەن، بۆچی دەبێ دەوڵەت سەرمایە و سەرچاوەی خۆی بۆ وڵاتانی دیکە خەرج دەکا و بەرژەوەندییەکانی ئوممەی لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوە پێ باشترە.

| عەبدولڕەشید تریز (مەولەوی ئایینی، توێژەری مێژوو و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی سیستان و بەلووچستان) |
|---|
| *دەسەڵات هەڵوەدای پەرەپێدانی ئایینزای خۆیەتی و زۆرێک لەو سەرچاوانەی کە هەمانە لە وڵاتانی دیکە بۆ پەرە پێدانی ئایینزای شێعە خەرجی دەکات. ئێوە لە بەلووچستان کەپر و قوتابخانەکان دەبینن، ئەمانە ئێرانین ... لە لوبنان، وڵاتەکەمان ئەوەندەی پارەی خەرج کردووە کە ئەگەر لە بەلووچستان خەرجی کردبا، ئێرەش هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکە پێش دەکەوت. بەڵام لە وڵاتێکی بیانی عەرەب بە هۆی بابەتی ئایینزاییەوە خەرجێکی زۆر تەرخانی خۆشگوزەرانیی خەڵکەکەیان دەکرێ ... . لە عێراق و سووریا و یەمەن خەرجی دەکەن بۆ ڕەوتە ئایینزاییەکان، بەڵام بۆ وڵاتی خۆیان خەرج ناکەن. بە گشتی خواستی من وەک ئێرانییەک ئەوەیە کە زیاتر سەرنجی بپرژێنرێتە ناوخۆی وڵات. سەرمایەگوزاری لە ناوەوە بێ و گرنگی بە خەڵک بدرێت.* |

یەکێک لەو بابەتانەی کە هەمیشە ئێتنیکەکان باسیان دەکرد و بەتایبەت "پان"ـەکان ئەوە بوو کە شوناسی گشتیی دانیشتووانی ڕەسەنی ئەم ناوچانە سەر بە کام گرووپن و هەر کام لەم خەڵکانە، بە پشتبەستن بە ڕابردوویەکی مێژوویی ناوی ناوچە جۆراوجۆرەکان و هەروەها ئەدەبیاتی زارەکی بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە ئێتنیکەکەیان خاوەندارانی ڕەسەنی ئەم ناوچەن و گرووپەکانی دیکە کۆچبەر بوون و دواتر هاتوونەتە ئەم ناوچە. هەر ئەم بابەتە بۆتە هۆی ئەوەی مشتومڕێکی بنەڕەتی لە نێوان ئەندامانی گرووپە ئێتنیکییەکاندا ڕوو بدات.

| مەیسەم سێفیدپووش، مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی شەهید بەهەشتی خەڵکی تاران |
|---|
| *ئێتنیکسڕینەوە لە ژێر کاریگەریی مشتومڕێکی شاری لە نێوان دزفوولی و لوڕەکاندا ڕووی دا. لە کۆتاییەکانی سەردەمی پەهلەوی، لوڕەکان بەرەو دزفوول کۆچیان کرد و بە شێوەی پەراوێزنشینی ژیانیان دەکرد. سەرتاسەری منداڵی من لە سۆنگەی بەهاییەوە لە ژێر کاریگەری پێکدادانی ئەم دوو گرووپە بووە. تەنانەت ڕەوشتی سیاسیی دزفوولیش لە ژێر کاریگەریی ئەم مەسەلەدایە.* |

پرسی خاوەندارێتی زەوی و بابەتی ئینتیمای شوناسی دانیشتووانی ڕەسەنی هەر بەشێک لە خاک و وڵاتی ئێران لە ماوەی ئەم چەند دەیەی ڕابردوو بۆتە بابەتێکی مشتومڕبزوێن. بە گەڕانەوە بۆ یادداشتەکانی خەڵک بە پلە و پۆستێکی ئێتنیکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و یان لە کاتی وتووێژی نێوان چەند گەنج، دەتوانین حاڵەتی ئۆبژەیی ئەم بابەتە بەدی بکەین. وەک لە دێڕەکانی پێشوودا ڕوون بۆوە، ئەم بابەتە لەو پارێزگایانەدا زۆر بوونی هەیە کە پێکهاتە حەشیمەتییەکەیان تێکەڵە، وەکوو ئازەربایجانی ڕۆژاوا و خووزستان و کۆمەڵێ لە خەڵکانی هەر کام لەو ئێتنیکانە تێدەکۆشن کە بە دۆزینەوەی وشەیەکی زمانی خۆیان لە زمانێکی دیکەدا و یان ناوی ناوچەیەک و یان شار و گوندێک، بەڵگەی ئەوە بهێننەوە کە ئەم ناوچە لە بنەڕەتەوە هی ئەوان بووە و ئەگەر ئێستا ئێتنیکێکی دیکەی تێدا دەژی ئەوە ئاشکرایە ئەمانە کۆچبەرن و ئەم ناوچەیان داگیر کردووە.
ئەگەر ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان و کەمینە ئایینییەکان لە گرنگترین شوێنە ستراتیژی و سنوورییەکان هەر

وڵاتێک نیشتەجێ ببن و لەو دیو سنوورەکان و لە دەرەوەی بازنەی حکوومەت و دەسەڵاتی نەتەوەیی گرووپی هاوجۆاک و هاوکەلتووریان هەبێ، لە سۆنگەی پەیوەندیی ئەم ئێتنیکانە لەگەڵ دەرەوەی سنوورەکان، ئەوە هەموو جۆرەکانی چالنج و قەیرانی دەرەکی زۆر بە ئاسانی دزە دەکاتە ئەم دیوی سنوورەکان و توانای چاودێریی دەوڵەت بە سەر ئەم ناوچانە زۆر کەم دەبێتەوە. ئەنجامە وەدەستهاتووەکانیش پیشان دەدا گرووپە ئێتنیکییەکان هەمیشە چاوێکیان لەو دیو سنوورەکان و گرووپە هاوئێتنیکییەکانیانە.

| *کەریم بەخش کوردی تەمەندانی، چالاکی سیاسی – کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێرانشار (سیستان و بەلووچستان)* |
|---|
| *بەلووچستان بەر لەوەی بریتانیا بێتە ناو نیمچە کیشوەرەوە، بەلووچستانێکی یەکدەست بوو و حکوومەتێکی بووە ناوی کەلات بوو کە ئێستا لە پاکستانە. دواتر کە بریتانیا هات، ئەم سنوورانەیان دابەش کرد و بەشێکی بەلووچستانیان لە نێوان هیند و پاکستان و ئەفغانستان و ئێران دابەش کرد. ئێستا زۆرێک لە خزمەکانمان لە پاکستانن و پەیوەندیمان لەگەڵیان هەیە، چوون ناکرێ ئەم خزمایەتییە بشێوێنین. هەستی نزیەکایەتی و هاوپەیوەندیی ئێتنیکی و زمانیمان هەیە و خەڵکی بەلووچ چ لێرە و چ لە پاکستان و چ لە ئەفغانستان ئاواتەخوازن ئێمە ڕۆژێ لە ڕۆژان یەک بگرین.* |

حەرەشەی بەزاندنی سنوور لە ئێتنیکەکاندا دەتوانین لە ناوەندبێژی کورت بکەینەوە. نیشتەجێبوونی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان لە ناوچە سنوورییەکان و نزیکی وڵاتانی هاوزمانی خۆیان هەلێکی گونجاو بۆ سەرهەڵدانی قەیرانە ئێتنیکییەکان لە ناوچە سنورییەکاندا دەرەخسێنێت. ئازەرییەکان لە نێوان سێ توخمی زمان، ئێتنیک و ئایین لە ڕووی زمانی، ئێتنیکی و ئایینییەوە لەگەڵ ئەو دیو سنوور یەکدەستن و تەنیا لە سۆنگەی ئایینزاییەوە لەگەڵ ناوەند یەکدەستن. پارێزگای کوردستان و باشووری پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا و هەندێ ناوچە لە پارێزگای کرماشان و هەورامان لە سێ توخمی ئایینزا، ئێتنیک و زمان لەگەڵ ناوچە ناوەندییەکان جیاوازییان هەیە و لەگەڵ ئەو دیو سنوور هاوبەشن. بەلووچستانی ئێران و پاکستان لە سێ توخمی ئایینزا، زمان و ئێتنیک پێکەوە هاوچەشنن.
شێوازی توندئاژۆیانە و سەرکووتکارانەی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ئێران لە هەمبەر بزاڤی شوناسخوازانەی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان، کە هەڵبەت بە شێوەی توندئاژۆیانە بووە، زیاتر حاڵەتی زەبر و زەنگ بووە و بە سەرکوت کردن و لە سێدارە دان کۆتایی پێهاتووە، حاڵەتێک کە هەمیشە بۆتە هۆی ئەوەی شۆڕش لە شوێنێکەوە دەست پێ بکا و ئەم پرۆسە هەمیشە بەردەوام بێت. هەر بەم پێیە، دەبوایە دەسەڵاتداران پاش کۆتایی هاتنی هەر پرۆسەیەکی نارەزایەتییانە، گوێیان بۆ داخوازیی گرووپە شوناسییەکان، کە لە ناخی کۆمەڵگاوە هەڵدەقووڵن، ڕاگرتبا، چوونکە زۆرێک لەم داخوازییانە حاڵەتی مەدەنییان هەیە و لە ڕێگەی گفتگۆوە چارەسەر دەبن.
لە کۆبەندیی بابەتە ئاماژە پێکراوەکاندا، دەتوانین بڵێین ئێتنیکەکان لە ئێران، کە زیاتر لە ناوچە پەراوێز و سنوورییەکانی وڵاتدا دەژین، لە سۆنگەی زمانی، ئایینی و ئێتنیکی لەگەڵ خەڵکانی هاوسنووری خۆیان لە وڵاتانی دراوسێ هاوبەشن و هەر ئەمە وای کردووە بە وردی پەیجۆری دەنگ و باسی پەیوەست بە هاوئێتنیکەکانی خۆیان بن و لە شادیاندا کەیفخۆش و شاد بن و لە غەمیاندا غەمگین بن. لە کۆنەوە پەیوەندییە خزمایەتییەکانی نێوان خەڵکی هەر دوو وڵاتی خاوەن شوناسی گشتیی لێکچوو بوونی هەبووە و لە زۆر حاڵەتدا، بوونی ئەم لێکچوون و پەیوەندییە خزمایەتییانە ڕێگەی بۆ هاوسەرگیریی گەنجانی هەر دوو دیوی سنوور و بێچمگرتنی پەیوەندیی خزمایەتیی نوێ و بازرگانی خۆش کردووە.

**پێکەوە لکان یان لێکپسان: پێشینەی شوناسی ئێرانی**

دراوسێکانی ئێران بریتین لە ئێتنیکەکانی عەرەب، تورک، ئەفغانی و ... کە هەر کامیان خاوەن پێشینەی مێژوویی و ڕابردووی کەلتووریی خۆیان بوون. بەڵام لەم نێوەندەدا، ئێرانییەکان هەمیشە وێنای ڕابردوویەکی پڕ لە شانازییان بۆ خۆیان کردووە و دانیان پێدا ناوە کە خەڵکی ئێران لە خەڵکی وڵاتانی دراوسێ سەرترن. ئەنجامە وەدستهاتووەکانی ئەم لێکۆڵینەوەش ئەم جۆرە هەستی سەرتریزانینە پشتڕاست دەکاتەوە. بەشێک لەم هەستی سەرترییە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی مێژوویی و هەستی شانازییەک کە بۆ کەسایەتییەکانی کۆرش و زەرەشت و قەڵەمڕەو و ڕێوڕەسمەکانیان هەیانە. ئەم هەستە لە ناو ئێتنیکە توێژینەوە لە سەرکراوەکانیش هەیە و هەر کام لەم ئێتنیکانە باوەڕیان وایە کە شوێنکەوتووانی سەرەکیی ئایینی زەردەشتی ئەوانن و ئەوە گرووپ و ئێتنیکی ئەوان بوون کە لە دژی هێرشی عەرەبەکاندا گیانفیداییان نواند و نەیانهێشت نەیاران خاکی ئێران داگیر بکەن. ئەم هەستی مێژوویی و شانازی بە ڕابردووی مێژووییە لە خۆپیشاندانەکانی ساڵانی 96 و 97ـی هەتاوی و بە دروشمی پەسن و ستایشی حکوومەتی پەهلەوی ئاشکرا بوو. بە ئاوڕدانەوە لەم مەسەلە، دەتوانین بڵێین لە بری ئەوەی ڕوو لە داهاتوو بکرێ زیاتر ئاوڕ لە ڕابردوویەکی مێژوویی وڵاتێکی کۆن دەدرێتەوە.

جۆرێ خۆگەرەکیی و خۆ بە زلزانی لە کۆمەڵگای ئێرانیدا ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە، بە جۆرێک کە بە گەڕانەوە بۆ دەقە مێژووییەکان و کتێبی ئەدەبیات و وتە و نووسراوەی هەندێ لە سیاسییەکان و ڕووناکبیران و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانین ئەم نەشیاوە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە بەدی بکەین. دکتۆر مستەفا مەلەکیان[1] لە مانگنامەی مهرنامە، ژمارە 42، حاڵەتەکانی خۆگەرەکیی مێژوویی ئاوا پێناسە دەکا: "خۆگەرەکی هەمیشە تاکەکەسی نییە، و هەندێ جار دەتوانێ گشتی و بیرۆکەیی بێت." فێردەوسی دەڵێ (هنر نزد ایرانیان است و بس) (هونەر هەر لە ئێرانییەکان جوانە) و یان نیزامی گەنجەوی دەڵێ "همه عالم تن و ایران جان" (دنیا لەشە و ئێران گیانە) خۆگەرەکیی گرووپییان بووە. خۆگەرەکەکان پەرژینێک بۆ خۆیان دروست دەکەن و زەمینەی گفتوگۆ لە بار دەبەن."

یەکێکی تر لە هێماکانی خۆگەرەکیی گشتی ئەوەیە کە زۆربەی داهێنانە مرۆییەکان گرێ دەدەنەوە بە ئێرانیان بەتایبەت ئێرانی کۆن بە جیرێک کە پێیان وایە زۆرێک لە دۆزینەوەکان لە بنەڕەتەوە ڕەگی ئێرانیان هەیە. دوایین بابەت لەم ماوەی دواییشدا باس لە دەرکەوتنی کراواتە کە هەواڵەکەی لە لایەن سەید سادق خەڕازی، باڵوێزی پێشووی ئێران لە فەڕەنسە، لە ڕۆژنامەی شرق[2]، ڕاگەیەنرا: "کراوات لە بەشی بیابانی و کەویری جیهان، واتە دەشتی ئێران، چۆتە ئەوڕووپا. خەڵک دەستماڵێکیان وەک کراوات دەبەست بۆ ئەوەی لە کاتی هەڵکردنی بای وەرزی لە بەر لووتیانی ڕابگرن. خەڵکی ئێران داهێنەری کراواتن، کراوات هی ئێرانییەکان بووە." لە حاڵەتی دیکەدا، بازنەی خۆ بە سرترزانینی ئێمەی ئێرانی دەچێتە ناو بواری ڕەنگ و نژادەوە و بە هەڵسەنگاندنی خۆمان لەگەڵ خەڵکانی دیکە و بەتایبەت دراوسێ عەرەب، تورک، ئەفغانی، و ... خۆیان بە سەرتر و گەورەتر لەوان دەزانین.

| *محەمەد عەلی دانشگەر، دەرهێنەری شانۆ خەڵکی سینەما* |
|---|
| *بەشێک لە قەیرانەکە بەر هەمی مۆدێرنیزمە. مۆدێرنیتە گۆڕانکاریگەلێکی هێناوەتە ئاراوە و لە ئێران ئێمە تووشی سەر لێشێواوی شوناسی بووینەتەوە.* |

---

[1] - ماڵپەڕی فرارو، هێمای کۆدی هەواڵ: 250360

[2] - ڕۆژنامەی ڕۆژهەڵات، ژمارەی 2418، ڕێکەوت 1394/7/18



*سەردار کیانی، شاعیر و چالاکی جەماوەری خەڵکی زابول (سیستان)*
*کاتێک کە عەرەبەکان هاتنە ڕۆژهەڵاتی ئێران و ناوچەی زاگڕۆسیان بینی، وتیان چ باغ و چ دار و درەختێک کە ئاو بە ژێریدا دەڕوات. عەرەبێک کە لە عەرەبستانەوە هاتووە و تەپ و تۆز نەبێ هیچی نەدیوە و نازانێ دار و درەخت چییە. ئێرەیان وەک بەهەشت هاتە بەرچاو ... . لە زاگڕۆس تێپەڕین و بینیان ئێرانییەکان خاوەن ژنی جوانن، وتیان ئەو حۆریانەی وا لە قوڕئاندا وەسفی هاتووە ئەمانەن. هەر کەس بچێ دانەیەک بڕفێنێ ... . عەرەب هاتن و هەموو کارێکیان کرد. جەرگم ژان دەکات ... . ژنی ئێرانی کە خاوەن هەزاران ساڵ شارستانییەتە لە لایەن عەرەبێکی سووسەمارەخۆر ڕووت بکرێتەوە و بڕفێنرێ ... ، ئایا ئەمە کارێکی شیاوە؟ کچی یەزدگرد سێیەم شای جیهان عەرەبێک بیبا و بیڕفێنێت؟*

**سەرنەکەوتنی بزووتنەوە شوناسخوازییەکان**

هەر حکوومەتێک کە ئێتنیکی جۆراوجۆری تێدا ژیان بەسەر دەبەن و هەندێ داخوازییان هەیە، لە هەمبەر داخوازێتی ئەم ئێتنیکانە ستراتیژ و ئاراستەی تایبەت بە خۆی دەبێت. ئەم ئاراستە دەتوانێ بریتی بێ لە قبووڵ کردنی داخوازییە ئێتنیکییەکان و دژایەتیکردنیان یان سڕینەوەیان. بێگومان کاتێ کە ئەو ستراتیژانە بە شێوەی هەڵسووکەوتی توندئاژۆیانە و ڕوانگەی ئەمنێتی بێ و پانتای وتووێژ و پەیوەندیی پشتگوێ بخرێ، بلیمەتە کۆمەڵایەتییەکانیش جەسارەتی سەرهەڵدان و دەبڕینی ڕەخنە و ڕێبەرایەتی داخوازییە ئێتنیکییەکانیان نابێ و گۆشەگیر دەبن. ئەنجامی وەها بارودۆخێک دەبێتە هۆی ئەوەی ئێتنیکەکان لە مافەکانی خۆیان نائاگا بن. هەروەها، لە وەها پانتایەکی ئەمنێتیدا و سەرەڕای پێکدادانی بەرەنگارانە و نەبوونی حیزبی فەرمی و پەراوێزخرانی هێزە چالاکەکان، بزووتنەوە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان بە ئامانجەکانی خۆیان ناگەن، چوونکە گەیشتن بە ئامانجەکانیان پێویستی بە پانتایەکی دیموکراتیک هەیە کە بەدەر لەم حاڵەتە داخوازییە شوناسییەکانیان و خستنە ڕوویان وەکوو ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش جار نە جارێ دەگەشێتەوە.
لاوازیی سیاسەتە شوناسسازییەکانی ڕژێمی پەهلەوی لە نەتەوەسازی بە پێی نۆرمە دیموکراتییەکان و بنەماکانی هاووڵاتی بووە هۆی ئەوەی لە ئێراندا، وتەزایەکی نوێ بە ناوی "بزووتنەوە خۆڕاگرییەکان" بێچم بگرێت. خۆڕاگری و تێکهەڵچوونی دەسەڵاتدارانی خۆجێیی لە ناوچە کوردنشین، لوڕنشین، عەرەب نشین و

بەلووچ نشینەکان لەگەڵ ڕەزاشا و قەیرانێکی گەورەی ئێتنیکی پاش ڕووخانی ڕەزاشا کەمێکی مابوو کە بە جیابوونەوەی ئازەربایجان و کوردستان لە ئێران کۆتایی پێ بێ کە لەم چوارچێوەدا تاوتوێ دەکرێت. دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە زیاتر وەک شوناسی ئایینی دەناسرێ و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئایینزای شێعە و ئەندێشە ئارییایی – ئێرانی وەک زەمینەی بێچمگرتنی ئەو هەیە ئەم ئاراستە دەیگرێتەوە. بە باوەڕی ئەحمەد ئەشرەف، چەمکی مێژوویی "شوناسی ئێرانی" لە بزاڤە ئێتنیکی، سیاسی و ئایینی کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بێچمی گرتبوو، لە سەردەمی ئیسلامیدا سەرەڕای هەوراز و نشێوێکی زۆر بەردەوام مایەوە و لە سەردەمی سەفەوییەدا سەر لە نوێ لە دایک بوویەوە و لە سەردەمی نوێدا، بە شێوەی "شوناسی نەتەوەیی ئێرانی" دەرکەوت (تاجیک، 1379، ل 159).

| |
|---|
| *جەبار ڕەحمانی، ئەندامی لێژنەی زانستیی کۆلێژی توێژینەوە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤناسییەکان خەڵکی تاران* |
| *لە بەستێنی دەرەکیدا ئێمە دۆڕاوی کەلتوورین. لە ناوەوەش سنووردانانەکان ئاستی کەلتووریی ئێمەیان تووشی قەیران کردووە.* |

پاش شۆڕشی ئیسلامی، لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، فرەڕەنگیی ئایینزایی و زمانی و ئێتنیکی وەک ڕاستییەک و بابەتێکی بەڵگەنەویست بە فەرمی ناسرا و لە مادەکانی سێزدەهەم، نۆزدەهەم، بیستەم، بیست و شەشەم و ... پێداگری لە سەر مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێتنیکەکان و کەمینە ئایینییەکان و ڕەخساندنی هەلی یەکسان لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سیاسی کراوە. بەم پێناسانە، تەنیا لە کۆتاییەکانی دەیەی دووهەمی شۆڕش، بەستێنیکی لەبار بۆ تاوتوێی ئەم مادانە لە گوتاری زاڵی سیاسی دابین بوو. سیاسەتی سەرەکیی دەوڵەت لەم قۆناغەدا (دەیەی یەکەمی شۆڕش) لە پەیوەندیی لەگەڵ ئێتنیکەکان، دەستدانە چەکی سەربازی و بوونی بەربڵاوی ئەرتەش و سوپا لە ناوچەکەدا بوو کە ئەنجامەکەی بوو بە سڕینەوەی چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی لە سەر سیمای کۆمەڵگا، بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی بە نکۆڵی کردن لە داخوازییە ئێتنیکییەکان و داخستنی بەشێک لە ڕۆژنامەکانیان. لەم سەردەمەدا کە پانتای وڵات ئایدۆلۆژیابێزراو بوو، دەنگی بەرهەڵستکارێک کە دژ بە بیرکردنەوەی ڕەوتی دەسەڵاتدار بێ، قبووڵ نەدەکرا. لە ڕاستیدا لەم سەردەمەدا، حکوومەت لە هەمبەر داخوازێتی شوناسی، ستراتیژی بە کارهێنانی هەڵسوکەوتی توندئاژۆیانە و سەربازییانە بووە.

| |
|---|
| *ڕەحمەتوڵا هیممەتی، چالاکی ئابووری خەڵکی سیمنان* |
| *دەسەڵات تووشی دۆگماتیزمی سیاسی و کەلتووری بووە و بەرگەی هیچ ڕەخنەیەک ناگرێ و خۆشی چاک ناکات.* |

دەیەی دووهەمی شۆڕش و کارکردی دەوڵەتی سازەندەگیش خاوەن شوناسێکی ئەمنێتی بووە. ئەگەرچی ئاراستەی دەوڵەت لەم سەردەمەدا لە چوارچێوەی ئابووریدا پێناسە دەکرا، بەڵام لەم ئاراستەشدا ناوچە کوردنشین و بەلووچ نشینەکان لە بەرنامەی گەشە و ئابووریدا پێگەیەکی ئەوتۆیان نەبووە. بە هاتنە سەر

کاری (جبهه دوم خرداد) بە دروشمی خەڵکسالاری و ئێران لە پێناو هەموو ئێرانییەکان و هەروەها ڕەزامەندیی دەوڵەت بۆ دامەزرانی حیزب و گرووپی سیاسیی نوێ و پێدانی ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەتا ئاستی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە، دامەزرانی NGOـی ئێتنیکی و ... دەبێ وەک یەکەم هەنگاوی جیدیی حکوومەت بۆ قووڵکردنەوەی دیموکراسی سەیری بکەین کە ئاستێکی بەرزی لە بەشداریکردنی ئێتنیکەکانی لە خۆ گرتبوو.

لە ماوەی هەشت ساڵ سەرۆک کۆماری مەحموود ئەحمەدی نژاد، هاوشێوەی سەردەمی سازەندەگی، دەوڵەت زیاتر نیگەرانی کاروباری ئابووری بوو تا کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ناوچە ئێتنیکی و ئەهلی سوننەکانی بە هەند وەرنەدەگرت.

لە کۆتاییدا لە ساڵی 1392ـی هەتاوی هەتا ئێستا دەسەڵات بە دەست حەسەن ڕۆحانی بووە و بەڕێزیان لە هەر دوو خولی هەڵبژاردنەکانی ساڵانی 1392 و 1396ـی هەتاوی سەبارەت بە بەدیهێنانی مافی کەمینەکان هەندێ دروشمی هەبوو، بەڵام لە کردەوەدا زۆربەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، وێڕای داننان بە ئەنجامدانی داپەڕی کردەیی و ئەرێنی لە هەندێ لە کاروبارەکان، لەو باوەڕەدان کە زۆربەی ئەم دروشمانە لە قسەدا قەتیس بووە و بۆ وەدیهێنانی ئەو بەڵێنانە داپەڕێکی کردەیی ئەوتۆی نەبووە.

ئەم لێکۆڵینەوە پیشان دەدا کە ستراتیژی زاڵی سیستەمی ناوەندی لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا شێوازی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ داخوازیی شوناسی گشتییانە کە ئێمە توێژینەوەمان لە سەر کردن بە ڕوانگەی ئەمنێتی، ترس، حەڕەشە و بەرەنگاربوونەوەی تونداژۆیانە بووە. هەڵبەت توندی و ڕادەی ئەم ستراتیژە لە ئێتنیکیکێەوە بۆ ئێتنیکێکی تر جیاوازە. بۆ وێنە، کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، لە چاو دیکەی شوناسە گشتییەکان زیاترین بزاڤی سیاسییان بووە، بزاڤ و ئاکارەکانیان بە وردی بە دواداچوونی بۆ دەکرێ و ئەو کاردانەوانەی کە بەرامبەر بە ئاکارەکانیان دەکرێ لە دیکەی گرووپە ئێتنیکییەکان زیاترە.

| ئەمیر نەبەوی، مامۆستای زانکۆ و توێژەری زانستە سیاسییەکان خەڵکی تاران |
|---|
| *کێشە لێرەدایە کە ئێمە لە کاتی جەنگ و کێشەکان و بە کورتی لە کاتی خەرج و تێچووەکاندا هەمووان بە ئێرانی دەزانین و هەموو کەس دەبێ بچێ بۆ سەربازی، بەڵام کاتی دابەشکردنی سەرچاوە و داهات، کۆمەڵێ بە ئێرانیتر دادەنرێن و پشکی زیاتریان بەر دەکەوێت.* |

هەروەها گرووپە ئێتنیکییەکان لەو باوەڕەدان کە هەست و ورووژانیان وەک ئامراز بە کار دەهێنرێ، لە کاتی خەرج کردندا بوونیان زەرووریيە، بەڵام لە کاتی جێبەجێ کردنی بەرنامەی گەشەیی، ئەوان وەبەر جیاکاری و هەڵاواردن دەبنەوە.



*مەولانا عەبدولحەمید زێهی، پێشنوێژی ئەهلی سوننەی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان)*
*لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارین، هەر ئەوەندە. لە بڕیارەکانی وڵاتدا هیچ بەشداری و ڕۆڵێکمان نییە.*

بە گشتی، بزووتنەوە سیاسییەکان لە ئێران بە هۆی خواست و داخوازیی ئێتنیکی و نەتەوەیی، لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکان و ناوەندە کەلتووری و مەدەنییەکان ڕێک خراون، بەڵام ئەم حیزبە سیاسی و ناوەندانە بە هۆی نەبوونی زەمینە و بارودۆخی پێویست لە سیستەمی سیاسیی زاڵ، ڕووبەڕووی چالنجی جیدی بوونەتەوە و زۆر جار بۆ دەرەوەی سنووری سیستەمی سیاسی گوزراونەتەوە.
ڕژیمی دەسەڵاتدار لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە تێدەکۆشێ هێز و چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی سنوردار بکاتەوە و یەکێک لەم سنووردارکردنانە هی بواری میدیا و ڕاگەیاندنە. میدیا یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی و ناوەندە مەدەنییەکانە بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان بەرەو پێشەوە ببەن.
لە ئێران، ڕوانگەی سەبارەت بە بەشداریی لە بەستێنی گشتی و سیستەمدۆزی گونجاو نییە و بە ڕوانگەی ئەمنێتییەوە سەیری دەکرێت. بە باوەڕێ هەندێ، ئەم بابەتە بۆتە هۆی ئەوەی چالاکڤانانی مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە بەستێنی گشتیدا چالاکی نەنوێنن و پەراوێز بخرێن و بە لەمپەری سیاسی و ئەمنێتییەوە گرفتاری کردوون.

| *جەلال جەلالی زادە، چالاکی ئایینی، مامۆستای زانکۆی تاران و نوێنەری پێشووی سنە لە پاڕلەمانی ئێران:* |
| --- |
| *کاتێک کەسێک کە سکرتێری گشتیی حیزبێکە [و] لە هەڵبژاردنەکانی پاڕلەماندا شیاوبوونی ڕەت دەکرێتەوە، ئایا بە ڕاستی ئەمە دەتوانێ هیوای چالاکییە سیاسییەکان لە ناو دڵی گەنجاندا زیندوو بکاتەوە و بیبووژێنێتەوە.* |

باشتر وایە دەسەڵاتداران هۆکاری بێدەنگی و بێدەسەڵاتیی ناوەندە مەدەنییەکان بدۆزنەوە. چوونکە ئاڵۆزێتیی پرسە کۆمەڵایەتییەکان بە جۆرێکە کە لە ناکاو وەک دیاردە قەیراناوییەکان دەردەکەون و دیسیپلینی کۆمەڵایەتی تێک دەدات.
لە زۆر حاڵەتدا، سوودمەندبوون لە بنەما ئێتنیکی و ئایینزاییەکان نەیهێشتووە بلیمەت و هێزە چالاکەکانی ئەم گرووپانە بە پلە و پایەیەکی بەرز بگەن. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، ڕێژەیەکی زۆری فیلم لە گەنجانی ئەم گرووپە شوناسییانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بۆتەوە کە بە بڕوانامەی باڵای خوێندن و پلەی زانستی و توێژینەوەی ناوخۆیی و دەرەکیی جۆراوجۆرەوە، خەریکی پیشەگەلی وەکوو کۆڵبەری،

کرێکاری لە کارخانە، دەستفرۆشی، کاری خزمەتگوزارییانەی وەک پیاوی شارەوانی و ... ئیش دەکەن کە پیشان دەدا کە بە شێوەی گونجاو هێزی پسپۆڕی ئەم ئێتنیکانە کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە. لە هەندێ حاڵەتدا، بە کارنەهێنانی هێزی پسپۆڕی کەمینەکان بنەمای یاسایی هەیە و بە پێی مادە یاساییەکان، کەمینەکانی وەکوو ئەهلی سوننە بۆیان نییە پلەی سیاسیی بەرزی وەکوو سەرۆک کۆمارییان پێ بدرێ و لە هەندێ حاڵەتدا نەک لە لایەن یاسای بنەڕەتی بەڵکوو بە هۆی ڕوانگەی سەلیقەییانەی بەرپرسانی پلە باڵای دەسەڵاتە کە بە شێوەی سەلیقەیی ئاستەنگ دەخەنە بەر دەم چالاکڤانانی گرووپە ئێتنیکی و ئایینزاییەکان. بۆ وێنە پاش شۆڕش، لە بوارەکانی بەڕێوەبەرایەتی، شوێنکەوتووانی ئەهلی سوننە یان شوناسە گشتییەکانی وەکوو کورد و بەلووچ نەیانتوانیوە پۆستی وەکوو وەزارەت، پۆستی گرنگی ئەمنێتی، باڵوێزخانە (هەڵبەت لە ساڵی 1398ـی هەتاوی، لە وڵاتانی ئاسیای دوور دوو سوننە بوون بە باڵوێز) یان بوونەتە پارێزگار.
خاڵێکی زۆر گرنگ سەبارەت بە مافی ئێتنیکەکان ئەوەیە کە زۆربەی ئەم خەڵکانە لە بوونی وەها یاساگەلێکی ئاشکرا سەبارەت بە خۆیان ئاگادار نین. ئەنجامەکان پیشان دەدا کە زیاترین ئاگادارییی ئێتنیکەکان لە مافەکانی خۆیان بابەتی زمانی دایکییە و زۆربەیان سەبارەت بە دیکەی مافەکانی خۆیان زانیارییەکی ئەوتۆیان نییە. بەشێک لەم بێئاگاییی لە مافانە ئەو مافانە دەگرێتەوە کە خەڵک دەبێ داوا لە دەسەڵات بکەن و بەشێکی دیکەشی ئەو مافانەیە کە هەموو کەس لە ژینگەی دەوروبەری خۆی و لە پەیوەندیی لەگەڵ خەڵک هەیەتی.

| *ئەکبەر یادگاری، شێوەکار، نووسەر و دەرهێنەری شانۆ خەڵکی سیمنان* |
| --- |
| *هەندێ نازانن کە مافی هاووڵاتیبوونیان پێشێل کردووە. بۆ وێنە، نووسینگەی ئۆتۆمبێل ئۆتۆمبێلەکانی لە سەر پیادەڕەو دادەنێ و پیادەڕەویی من زەوت دەکا یان تێپەڕین لە خاڵەکانی بەکتربڕی لە شەقام لە ئێراندا ڕەچاو ناکرێت. مافی هاووڵاتی ئەوەیە کە من لە شەقام یان پاس پارێزراو بم و مافی هاووڵاتی بۆ ئەوە دادەنرێ کە من لە ئاسایش و پارێزراویدا بم.* |

مێژوو پیشانی داوە کە ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان هەمیشە لە نێوان خۆیان و دیکەی شوناسە گشتییەکان سنوور دادەنێن. هەندێ جار بازنەی ئەم سنوورانە تەنگترە و دزە کردنە ناوی زۆر ئەستەمە. هۆکارێکی دیکەی ئەم پەرژین دانانە پاراستنی فەرهەنگ و داب و نەریتی خۆیی لە هەمبەر دیکەی گرووپە نەیارە ئێتنیکییەکانە. ئەم بابەتە ڕەنگە ئەگەر لە ئاراستەی گەیشتن بە ئامانجێک بێ ئەوە سەرکەوتوو دەبێ بەڵام لە ئاراستەی دیکە و لە کاتی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکاندا توانای دانوستانیانی کەم کردۆتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین سنووردارکردنی پەیوەندییە نێوانئێتنیکییەکان دەتوانێ ڕەوتی گەشەکردنی ئەم جڤاکانە تووشی کێشە بکات.
بە لێکدانەوەی ڕفتارە سیاسییەکانی ئازەری و تورکەکان ئەم ئەنجامە وەدەست دێ کە ئەوان کارکردی سیاسیی چالاکیان لە خۆیان نواندووە و بە داپەڕی سیاسیی چارەنووسسازی خۆیان، بە شێوەی کردەیی وەفاداری بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی ئێران و ئەندامێتیی خۆیان لەو دەوڵەتەدا ڕاگەیاندووە. ئەم بابەتە حاڵەتی ئاوارتەشی بووە؛ دامەزرانی دەوڵەتی ئازەربایجان لە ساڵی 1946 – 1945 زایینی بە ڕێبەرایەتی سەیید جەعفەر پیشەوەری لە نموونەکانی ئەم ئاوارتانەیە. لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردووشدا کۆمەڵێ داپەڕی سیاسی ئەنجام درا، وەکوو ئەوەی کە لە کاتی بەڕێوە چوونی کێبەرکێی فوتبۆڵ لە شاری تەورێز، ئاڵای وڵاتی ئازەربایجان و تورکیا بە دەستی کۆمەڵێ لە تەماشەوانانی ئازەری زمان / تورک زمان هەڵدرایەوە و لەم بوارەدا هەندێ دروشمیان دا. ئەم جووڵانە بە بێ ڕێکخستنی تایبەت و بە بێ بوونی ڕێبەرێک لە لایەن کۆمەڵێ لە گەنجانی ئازەری زمان

/ تورک زمان ئەنجام درا و زیاتر جووڵەیەکی ئێحساسی و کەمخایەنە بوو نەک داپەڕێکی سیاسیی ئاگادارانە و عاقڵانە. هەڵبەت بەرفرەوانیی ئەم بابەتە لە ئاستێکدا نەبوو کە دەوڵەتی ناوەندیی ناچار بە کاردانەوە بکات. ڕفتاری سیاسیی کوردەکان، ئەوان بە حەشیمەتێکی نائارام و هەڵوەدای دۆزینەوەی شوناسی سەربەخۆی کەلتووری و سیاسی پیشان دەدا کە هەر هەموو پاژە پانتاییەکانی، چ لە چوارچێوەی جووڵەی گشتی و چ لە چوارچێوەی جووڵەی تاکەکەسی، لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی، هەوڵێکی بێبڕانەوەیان داوە و کۆڵیان نەداوە. داپەڕەکانی سمایل ئاغای سمکۆ لە ڕێبەرانی هۆزی شکاک لە ساڵانی 1920 – 1925 زایینی و قازی محەمەد لە ساڵی 1946 – 1945ـی هەتاوی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە شاری مەهاباد و بزاڤی حیزبە کوردییەکان لە پاش شۆڕشی کۆماری ئیسلامی دەتوانین لە نموونەکانی ئەم حاڵەتە بزانین. لە پێناسەی جووڵەی سیاسیی کوردەکان دەتوانین بڵێین لە بزاڤە ئەنجامدراوە سیاسی – سەربازییەکانیاندا جۆرێک ڕێبەرایەتی و داخوازیی مافی سەربەخۆیی بەدی دەکرێت. هەڵبەت لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا و بەو ستراتیژەی کە کۆماری ئیسلامی بە کاری هێناوە ناتوانین سەبارەت بە بوون یان نەبوونی ئەم حاڵەتانە لە سەردەمی دواییدا هەر وا بە ئاسانی قسە بکەین و ئەم بابەتە پێویستی بە توێژینەوەی تایبەتی زانستییە.

خەڵکی دەڤەری خووزستان زۆرینە عەرەب و شیعەن و هاوشێوەی ئازەری / تورکەکان لەگەڵ بەشی ناوەندیی ئێران هاوشێوەن. ئەم تایبەتمەندییە ڕفتارییە لە کرداری سیاسیی ئەم ئێتنیکە لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا ڕەنگی داوەتەوە، بە جۆرێک کە ئەو بزاڤە سیاسییانەی کە لە ناوچەکەدا دەرکەوتوون لە لایەن خەڵکی خۆجێییەوە پێشوازییان لێ نەکراوە و زۆر زوو لە ناو چوون. لێکدانەوەی ڕفتاری سیاسیی هێزە ناوەندخواز و ناوەندبێزەکان لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا و ناکۆکیان نێوانیان، کە لە کۆتاییدا سەرکەوتنی هێزە ناوەندخوازەکانی لێ کەوتۆتەوە، زۆر بە باشی ئەم حەقیقەتە پیشان دەدا، بە جۆرێک کە ڕاپەڕینی شێخ خەزعەل لە ماوەی ساڵانی 1920 -1925ـی زایینی کە بە هاندانی ئینگلیزییەکان و هاوکات لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم و قۆناغی تێپەڕین بوو، بە هۆی پشتیوانی نەکرانی لە لایەن ئاپۆڕەی خەڵکی ناوچەکە، بە خۆڕاگریی سنووررداری دەوڵەتی ناوەندی، تووشی شکست هات. خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدایە کە لە قۆناغی تێپەڕینی سیاسیی پاش جەنگی جیهانیی دووهەم، خووزستانیش هاوشێوەی ناوچەکانی کوردستان و ئازەربایجان تووشی قەیرانی هێزە ناوەندبێزەکان نەبوو، بەڵام لە سەردەمی تێپەڕینی سیاسی لە ڕژیمی شاوە بۆ کۆماری ئیسلامی، گرووپە ئێتنیکخوازەکان لەم ناوچەدا دەستیان دایە جووڵە و چالاکی. چالاکیی ئەم گروپانە لە پاش شۆڕشی کۆماری ئیسلامی لە دوو قۆناغی زەمەنی لە سەرەتای شۆڕش هەتا جەنگی ئێران و عێراق و سەردەمی پاش جەنگ دابەش دەبێت. لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی ئێران و عێراق لە ساڵی 1359ـی هەتاوی، پرسی ئێتنیکی خوزستانی کەوتە ژێر کاریگەریی بارودۆخی جەنگیی ناوچەکە و بوونی سەربازان و ڕادەی چالاکییەکەیان کەم بووەوە و حاڵەتی پەنامەکی و شاراوەیان لە خۆ گرت. بەڵام پاش ئەوە، دوو گرووپی "عەرەبخوازی سەربەخۆخواز" و "عەرەبخوازی لایەنگری فیدڕالیزم" (وڵاتی فرەنەتەوەیی) چالاک بوون. گرووپی عەرەبخوازی لایەنگری فیدڕالیزم لە نێوان کارکردی ڕژیمی سیاسیی شۆڕشی لەگەڵ ڕژیمی سیاسیی پەهلەوی هیچ جیاوازییەک بەدی ناکا، بەڵام بە پێچەوانەی گرووپی "عەرەبخوازی سەربەخۆخواز" دژی جیابوونەوەیە و سەربەخۆیی ناوچەیی لە ژێر دەسەڵاتی ئێرانێکی یەکگرتوو بە ڕێگە چارەی وەدیهێنانی مافەکانی خۆی دەزانێت. ئەم گرووپە لە دوو ڕەهەندی نێودەوڵەتی و ناخۆییەوە چالاکییان کردووە.

لە سەدەی ڕابردوودا، ناوچەی بەلووچستان، هاوشێوەی ناوچە پەراوێزە قەیراناوییەکانی ئێران، بەستێنی چالاکیی سیاسی لە پێناو سەربەخۆیی بووە و هەندێ لە بلیمەتەکانی بەلووچ بۆ گەیشتن بە مەبەستی خۆیان، لە درێژەی قۆناغی تێپەڕیندا هێزە نەیارەکانی دەوڵەتی ناوەندییان قۆستووەتەوە. یەکێک لەو بزووتنەوانەی کە لە سەر دەستی بلیمەتەکانی ئەم ناوەچدا ئاراستە و ڕێبەرایەتی دەکرا، شۆڕشی دۆست محەمەدخان لە ساڵانی 1906 – 1928ـی زایینی بوو. هەروەها لە سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و نەبوونی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێران، لە پێناو وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دروستکردنەوەی ئەندێشەی ناسیۆنالیستیی بەلووچ هەندێ جووڵەی سیاسیی لاواز بێچمی گرت کە بە هۆی پشتیوانی لێنەکرانی لە لایەن ئاپۆرەی خەڵک، سەر نەکەوت. لە ساڵانی دواییشدا کەسانێکی وەکوو عەبدولمالک ڕیگی و تاقمی جندوڵا لەم ناوچەدا هەندێ کێشەیان بۆ دەوڵەتی ناوەندی ساز کردووە.

هەر هەموو ئەم بابەتانە پەیوەست بە لایەنێکی پرسەکە و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی سیستەمی ناوەندی لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکانە. لایەنێکی تری ئەم هەڵوێستە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی گرووپە ئێتنیکییەکان خۆیان کە تا چ ئەندازەیەک ئەم پێکەوەبوونی بە پێی فرەخوازییە کەلتوورییە قبووڵ دەکەن. بەر لە هەر شتێک دەبێ دانی پێدا بنێین کە بە گوێرەی سەرچاوە جۆراوجۆرە زانستییەکان و هەروەها ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی دیمانە لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان، بە سیاسیبوونی بابەتی ئێتنیکایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەد ساڵەی ڕابردوو و بەر لەو، لە وڵاتی ئێران تاکەکان خۆیان زیاتر لە چوارچێوەی گرووپی هۆزی و عەشیرەیی پێناسە دەکرد نەک گرووپی ئێتنیکی.

| |
|---|
| *ئەشکان زارعی، چالاکی فەرهەنگی و کەلەپووری و نووسەر خەڵکی خووزستان* |
| *پێشتر لەم باسانە نەبوو، هەمووان ئێرانی بوون و لەگەڵ یەکتر ژیانیان بە سەر دەبرد. ئێستا هەموو کەس خۆی بە ئێتنیکەکەی گرێ دەدا و هەوڵ دەدا بیسەلمێنێت.* |

لە ئێستادا ئەگەرچی لەوانەیە ئیتر ئاسەواری چوارچێوەی ڕێکخراوەیی ئەم داخوازییە گرووپە ئێتنیکییانە لە ئارادا نەبێ، بەڵام لە ناو دڵی کۆمەڵگادا، ئەم داخوازییانە هەر هەیە کە جار نە جارێ بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێت. دەبێ ئەم خاڵەشمان لە بەر چاو بێ کە یەکە پەراوێزنشینەکان لەگەڵ ئەوەی هۆگری ئازادییەکی ڕێژەیی و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی، بەتایبەت لە بواری فەرهەنگین کە تێیدا نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی ئێران ئاوێتە بن و خۆیان بە بەشێک لە نەتەوەی ئێران دەزانن.

**ناکارامەیی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە چەسپاوەکانی ئێران**

کۆمەڵگاکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی خۆیان و پێشکەوتن هەندێ پێکهاتەیان هەیە. بوونی ناوەندە خۆجێییەکان بۆ دەربازبوون لە ناوەندگەرێتیی دەوڵەت و ڕادەربڕین و چارەسەری کێشەکانی ناو کۆمەڵگا لە ڕێگەی ئەم ناوەندانە، بێچمگرتنی هەرەوەرزییە ناوچەیی و خۆجێییەکان و کەلتووری گەلەکۆمە و هەرەوەرزی بۆ ئەنجامدانی زۆرێک لە کاروبارە جەماوەرییەکان، نەبوون و یان لاوازیی حیزبە سیاسییە ئازادەکان کە خوازیاری خواستی جەماوەری بە بیر و ئەندێشەی جیاواز و هەمەجۆرن، وابەستەبوونی پێکهاتە سیاسییەکان و یەکپۆشی و هاوتەریبێتی زۆرێک لە کاروبارەکان لە لایەن ئەوانەوە، مایکرۆسۆفالیزە بوون و فوکووسی ئیمکانیات و حەشیمەت لە یەک یان چەند ناوچەی وڵات و بێبەشبوونی دیکەی ناوچەکان بە هەموو ئەو ئاسەوارە کۆمەڵایەتییەی کە دەرەئەنجامی ئەم بێبەشبوونەیە بێچمی گرتووە.

| پیاوێکی تەمەن 43 ساڵە، کارمەند خەڵکی تاران |
| --- |
| *کێشە ئەوەیە کە هەڵاواردن پەیوەندیی بە ئێتنیکەکانەوە نییە؛ ئەگەر لە خۆیان نەبێ، سەر بە هەر ئێتنیک و شارێک بی وەبەر هەڵاواردن دەکەوی. خۆیی و ناخۆیی هیچ پەیوەندییەکی بە ئێتنیکەوە نییە.* |

ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش کە دەتوانن ئاستی بەشداریی خەڵک بەرز بکەنەوە خەریکن دەبنە بەشێک لە پارادایمی (گومانی) نوێی گەشە یان دیسیپلینی نوێی جیهانی لە دنیای ئەوڕۆدا (Gosh, 2009). بەشداریی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە گەشەی ناوچەیی وەک ڕێکخراوی خۆبەشانە و نابەرژەوەندانە گوزارشت لە دەرکەوتنی ناوەندیسڕینەوە و ئەسپاردنی ئازادیی لە سەر ئاستی بڕیاردان و بەڕێوەبەریی ناوچەیی دەکا کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی سڕینەوەی بۆڕۆکڕاسیی (کاغەزبازی) لە سەر ئاستی نەتەوەیی. ڕەنگە بتوانین بڵێین گرنگترین پرۆژەی گەشەی سیاسیی دەوڵەتی چاکسازی (ڕیفۆڕمخواز) دامەزراندنی سەرتاسەریی ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە ساڵی 1377ـی هەتاوی بوو.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی لە بەڕێوە بردنی کاروباری وڵات پیشان دەدات. هەروەها ئەو لانیکەمە ناوەندە خۆجێییانەش، ڕاستە نازناوی خۆجێییان هەڵگرتووە و لە لایەن خەڵکەوە دەستنیشان دەکرێن، پاش پرۆسەی هەڵبژاردن، بە تەواوەتی لە پێناوی ناوەندە دەوڵەتییەکانن و هاوئاراستەی بەرژەوەندیی ئەوان ئیش دەکەن. ئەم ناکارامەییە هی هەموو پێکهاتەی وڵاتە کە گرووپە ئێتنیکییەکان بەشێک لەم پێکهاتەن.

| ناسر ئامولی موقەدەم، ڕۆژنامەوان و چالاکی ڕیفۆڕمخواز خەڵکی مەشهەد (خوراسان ڕەزەوی) |
| --- |
| *هەر ئەم ئابوورییە بەڕێوەبەرییەکی دوو سەری هەیە: لایەنێک 65 بۆ 70 لە سەدی دەسەڵاتی پێیە و زۆربەی ئەم دەستە درێژانە هی ئەوە و وڵامی کەس ناداتەوە. بەشێکی تری، واتە 30 بۆ 35 لە سەدی دەستە درێژەکان، لە ڕێگەی خەڵکەوە دەستنیشان دەکرێن و ئەویش بە تەواوەتی قبووڵ ناکرێت. ئەوە ئەو کاتە دڵتەزێن دەبێ کە 35 لە سەد لەگەڵ 65 لە سەد تێکەڵ دەبن. وەکوو گەندەڵیی شارەوانی.* |

لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین ناوەندە خۆجێیی / دەوڵەتی / نیمچە دەوڵەتی لە ئێران هێشتا نەیانتوانیوە ئەو جۆرەی کە پێویستە بچەسپێنرێن و کارکردی ڕاستەقینەی خۆیانیان هەبێت. سیستەمی ئیداریی وڵاتی ئێران لە پلە پارێزگایی و شارییەکاندا تەنیا بە جێبەجێکردنی فەرمانی کەسانی سەرتر تاوتوێ دەکرێت. هەڵبژاردن و کەڵک وەرگرتن لە بەڕێوەبەرانی گەورە لە ڕێگەی ناوەندەوە ئەنجام دەدرێ و خەڵک لە هەڵبژاردنیاندا هیچ دەورێکیان نییە. ئەم چەشنە ڕوانگەیە لە سەرەوە بۆ پرۆسەی بەڕێوەبەری وڵات و هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرانی ناخۆجێیی وەک بەڕێوەبەری ناوچە ئێتنیکییەکان ناکارامەیی زیاتری ئەم ناوەندانە لەو ناوچانە پیشان دەدات، چوونکە ئەم بەڕێوەبەرانە زۆربەیان ئاگاداری پرسە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی بواری بەڕێوەبەریی خۆیان نین و هەتا ئەو کاتەی ئاشنای ئەم بابەتانە دەبن، خولی بەڕێوەبەرییان کۆتایی پێ دێ و کەسانی دیکە دەبنە جێگرەوەیان.

جیا لە ئیدارە و ناوەندە دەوڵەتییەکان (هێزی جێبەجێکار)، ناوەندەکانی ئەنجومەنی شارەوانیی شار و شارەوانیش بە باوەڕی خەڵک نە تەنیا کارکردێکی ئەرێنییان نییە، بەڵکوو تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا، ڕێگرییان لە گەشەکردن گرتووە و خۆیان بوونەتە فاکتەری گەندەڵی ئابووری و ئیداری، بە جۆرێک کە ئاستی متمانەی گشتیی خەڵک زۆر کاڵ بووەتەوە و لە دەور و ئەرکی سەرەکیی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە.

| |
|---|
| *ژیلا حسامی، چالاکی ئەدەبی خەڵکی نەغەدە (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)* |
| *لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، ئەوەندە ئەم بێمتمانەییە زۆر بووە کە ئەگەر خوشکی خۆشم خۆی بپاڵێوێ، بەشداریی هەڵبژاردن ناکەم.* |

هەرەورزییەکان لە دیموکڕاتیکترین ناوەندەکانی سەر زەوین کە ئەندامەکانی خاوەنە سەرەکییەکانین. سەرمایەی سەرەکیی بەشی هەرەوەرزی، کۆکردنەوەی سەرمایە کەمەکانی خەڵکە کە بە مەبەستی پەرەپێدانی پیشە و بەرهەمهێنان بە کار دەهێنرێت. نەبوونی پشتیوانیی مادی و مەعنەوی لە هەرەوەرزی و هەرەوەرزکاران، نەبوونی بیرتیژی و باوەڕ بە کاریگەری و کارامەیی هەرەوەرزییەکان، کەلتووری لاوازی کاری بە کۆمەڵ و هاوبەشانە لە کۆمەڵگا، باجی زێدەبایی و دەیان ئاستەنگی تری بەر دەم هەرەوەرزییەکان ئاسۆیەک ڕوون بۆ داهاتووی هەرەوەرزیەکان پیشان نادات. ئەوپەڕی ئەم ڕووداوە ئەو بڕیارە بوو کە سەبارەت بە تێکەڵبوونی وەزارەتی هەرەوەرزی لە وەزارەتخانەی خۆشگوزەرانی و کاروباری کۆمەڵایەتی لەم ساڵانەی دواییدا، بە شێوەی یەک وەزارەتخانەی هەرەوەرزی و کار و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی ئەنجام درا.

ئەگەر ددان بەم ڕاستییەدا بنێین کە دیموکڕاسی بە مانای بەشداری و ڕکابەریی سیاسی کۆمەڵێ تاقم و بەرژەوەندیی سیستماتیک بە مەبەستی دەستگرتن بە دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارەی وڵات بە پێی سیاسەتەکان و هەڵوێستی هەر کام لەو گرووپانەیە، لەو حاڵەتەدا، حیزبە سیاسییەکان و هەڵبژاردن چەق و ناوەندی سەرەکیی ژیانی ئازاد و دیموکڕاتیک پێک دەهێنن.

سەبارەت بە چالاکیی حیزبەکان لەم قۆناغەدا دەبێ ئاماژە بە دوو خاڵی سەرەکی بکەین: یەکەم ئەوەی کە بوونی ئەم قەبارە حیزبە لە ناو وڵاتێکدا نە تەنیا پێشاندەری پێشەکەوتن و گەشەی سیاسی نییە، بەڵکوو جۆرێک ناهاوسەنگیی لە پێکهێنانی سیاسی و کەلتووری سیاسیی ئەو وڵاتە لە چاو چالاکییە حیزبییەکان پیشان دەدات. کاتێک لە وڵاتێکدا نزیکەی دوو سەد حیزب و جڤاکی سیاسی مۆڵەتی چالاکی وەردەگرن ئەوە دەردەکەوێ ئەو کۆمەڵگایە لە سۆنگەی کەلتوورییەوە هێشتا بەو ئاستە لە گەشە و قبووڵکردنی کۆمەڵایەتیی سیاسیی پێویست بۆ چالاکیی حیزبی نەگەیشتووە. خاڵی دووهەم و گرنگتر ئەوەی کە زۆرێک لەم حیزبانە تەنیا ناو و نازناون و بە مانای وشە زۆر لە حیزب دوورن، چوونکە هیچیان نەیانتوانیوە ئەرکە ڕاستەقینەکانی حیزب وەکوو بەشداریی سیاسی، قبووڵکردنی کۆمەڵایەتیی سیاسی، پەیوەندییە سیاسییەکان، ڕاهێنانی هێزە سیاسییەکان و ...نیان هەبێت. هەندێکیان تەنیا مانا و چەمکی حیزبیان هەڵگرتووە و تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا وەکوو کارگ هەڵدەتوقن و لەگەڵ کۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردن، نامێنن. سادق زیبا کەلام لە خاوەن تیۆرییەکانی بواری سیاسی، لەو بۆچوونەدایە: "لە شۆڕشی ئیسلامیدا هیچکات حیزبەکان بە مانای ڕاستەقینەی وشە بێچمیان نەگرتووە، بەڵکوو گرووپە سیاسییەکان بە ناوی حیزبەوە لە ڕۆژانی هەڵبژاردندا بە شێوەی کاتی چالاکی دەکەن و پاش ئەوە، هیچ پەیوەندییەکی ورد و پێناسەکراویان لە نێوان نوێنەرانی حیزبی و حیزب خۆی ساز نەکردووە". (سادق زیباکەلام و هاوکاران، 1393، ل 7).

| شاهین سێپێنتا، پزیشکی ئاژەڵ، نووسەر و چالاکی مەدەنی خەڵکی ئیسفەهان |
| --- |
| *من سیاسەتی ناخۆیی خۆمانم لە ئازادیی تاکایەتی و سیاسی و حیزبەکان، بە سیاسەتێکی هەڵە و تێکشکاو دەزانم. نزیکەی چل ساڵ لە شۆڕشی ئیسلامی تێپەڕیوە، ئێستا دەبێ حیزبەکان ئازادتر بن و گرووپە سیاسییەکان چالاکییان هەبێت. من خۆم ئەندامی یەکێ لە گرووپە سیاسییەکانم، بەڵام هەموو جارێ تووشی کێشەیەک دەبم. ئەگەرچی هەموو جارێ دەڵێین ئێمە دژەڕژیم نین، چالاکی ڕووخێنەرمان نییە و تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی ڕەخنەگرین، بەڵام هەلی چالاکیمان پێ نادەن و سنووردارمان دەکەنەوە.* |

ئەنجامی وەها بارودۆخێک ناکارامەیی حیزبە سیاسییەکانە کە لە زۆرێک لە کاروبارە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەی وەکوو کەلتوور، زمان و ئەدەبیات، کۆمەڵگا، ژینگە و ... سیاسەت بێزار دەبن و ڕووبەڕووی کاردانەوەی بەرەنگارانەی دەسەڵاتداران دەبنەوە. ئەنجامێکی تری ئەم حاڵەتە لە پرۆسەی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و پەرلەمانی شۆڕای ئیسلامی دەتوانین بەدی بکەین کە تێیدا، بە هۆی هەلومەرجی ئاسانی یاسای هەڵبژاردنەکان، شایەدی ڕێژەیەکی زۆری بەشداربووانین کە بەدەر لە کەسایەتییە ناسراوە سیاسییەکان، کەسانی ئاساییش، کە هیچ پێشینەیەکی سیاسییان نییە و هەندێ جار تێیاندایە کە فەڕی بە سیاسەتەوە نییە، دێن ناونووسین دەکەن.

شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات بە پێی یاسای بنەڕەتی و کۆمەڵێ یاسای دیکەی وەکوو یاسای مەدەنی، سزا، سزای ئیسلامی، و ... ـە کە جێبەجێکردنی هەر کام لەمانە لە ڕێگەی دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە ئەنجام دەدرێت. لەم ڕوانگەوە وێنای ئەوە دەکرێ کە هاوشێوەی زۆرێک لە وڵاتانی جیهان، هەر هەموو ئەو یاسادانەرییانە لە ڕێگەی هێزی یاسادانانەوە ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی وەک باڵاترین ڕێبەری سیاسی لەم بوارەدا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە. بە پێی دەقی ڕاشکاوی یاسای بنەڕەتی، دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکانی ڕژیم لە ئەستۆی ڕێبەرە.

لێکدژییەکانی نێوان هێزەکان و تێنەگەیشتن لە بارودۆخی و پێگەی ناوەندەکانی ئێران جۆرێک نایەکسانی دەروونیی پێکهاتەی سیاسیی وڵات پیشان دەدات. بوونی ناوەندە هاوتەریبەکان لەگەڵ دەوڵەت وەک سەرپەرشتیاری دەزگای جێبەجێکار هێمایەکی ئەم نایەکسانییەیە هەتا ئەو جێگایەی کە سەرۆک کۆماری خولی دوازدەهەم، لە وتاردانێکدا، هەواڵی لە بوونی دەوڵەتێکی سێبەر دا و لە وتاردانێکدا، بەڕێز ڕۆحانی ڕایگەیاند کە "بەشی ئابووریمان ڕادەستی دەوڵەتێکی چەکدار کرد کە میدیاشی هەیە."[1] ئەم بابەتە ئاماژە بە دزەکردنی سپا لە کەرتی ئابووری و بەڕێوەبردنی سیاسی لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت دەکات. ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوە بوونی ئەم نایەکسانییە لە پێکهاتەی سیاسیی وڵات پیشان دەدات.

| عەلی ساحبی، دەروونناس خەڵکی مەشهەد (خوراسان ڕەزەوی) |
| --- |
| *سیاسەتی دەرەکیی ئێران دوو شێوازی هەیە و لە ئاستێکدا نین. وەزیرێکی دەرەوەت هەیە و نوێنەرێکی ڕێبەری سیاسەتی دەرەوەت هەیە؛ لە کاروباری نێودەوڵەتی کە "ویلایەتی" هەڵدەستێ دەچێتە لای حیزبوڵای لوبنان و دانوستان دەکا و چ کەس ناڵێ تۆ چکارەی ... .* |

زاراوەی دەوڵەتی سێبەر ئەگەرچی لە مانای نەرێنیی سیاسی و تیۆریی پیلان بۆ وەسفی گرووپێکی خاوەن دەسەڵات و شاراوە بە کار دەبرێ کە دەوڵەتێکی پەنامەکییان پێک هێناوە، لە ئێستادا وەکوو دیاردەیەکی ئەرێنی

---
[1] - خبر آنلاین، کۆدی هەواڵ: 679394

و باو لە سیستەمە سیاسییەکانی هەندێ لە وڵاتانی دیموکراتیکی جیهان و وەک پێگەیەک بۆ بەرهەڵستکارانی دەوڵەت بووە بە فەرمی. لە زاراوەی سیاسیدا، دەوڵەتی سێبەر جۆرێک شاندی دەوڵەتە کە نەهاتوتە سەر کار و بۆ گرتنە دەستی کۆنتڕۆڵی دەوڵەت چاوەڕێی کەوتنەوەی ڕووداوێکە کە کاردانەوە پیشان بدات.
لە ئێران، یەکەم جار زاراوەی دەوڵەت لە سێبەر پاش هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ساڵی 1396ـی هەتاوی، کە سەرکەوتنی دووبارەی ڕیفۆڕمخوازان بوو، لە لایەن سەعید جەلیلی، سیاسەتوانی بناژۆخواز و پاڵێوراوی سەرنەکەوتووی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1392ـی هەتاوی، لە چوارچێوەی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندنامەیەکدا بوو بە باو. ئێستا نووسینگەی بەڕێزیان بۆتە بارەگای بەڕێوە بردنی دانیشتنەکانی دەوڵەتی سێبەر کە جار نە جارێ، کەسانێک کە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە وەزیری هاوئاراستەی دەوڵەتی سێبەر بن کارکردی یەکێ لە وەزیرەکان تاوتوێ دەکرێت.
بە باوەڕی سەعید جەلیلی، "دەوڵەتی سێبەر واتە هەر کەس و کۆمەڵێک، وێڕای پەیجۆریی وردی پرسە ناوخۆییەکان، ئەگەر بزانێ کارێکی باش و دروست ئەنجام دەدرێ و تەنانەت ئەگەر ئەم کارە لە لایەن ڕکابەرەکەی ئەنجام دەدرێ، دەبێ ئەو کارە دروستە پتەو بکات. لە سەر ئاستی نەتەوەیی و ناوچەیی، ئەگەر کەسێک کارێکی باش ئەنجام دەدا، ئەرکی ئێمەیە یارمەتی بدەین؛ وەک ئەرکمانە ئەگەر کەسێک کارێکی هەڵە دەکا، هۆشداری پێ بدەین و بە شێوەی یاسایی، لە خواترسانە کارە هەڵەکەی بۆ ڕاست بکەینەوە"[1].
مۆحسین هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆکی ئەنجومەنی شاری تاران و ئەندامی باڵای حیزبی کارگوزارانی سازەندەگی، لە پێناسەیەکی وردتر و بێبەری لە سەنسۆڕی سیاسی، سەبارەت بە کارکردی دەوڵەتی سێبەر وتی: "هەندێ جار دەوڵەت بڕیار دەدا پەیوەندیی خۆی لەگەڵ فلان وڵات باشتر بکا و کێشەکان چارسەر بکا، بەڵام ئەم گرووپی سێبەرە کارێکی وا دەکا کە لە نێوان دەوڵەت و دەوڵەتی داهاتوو شەڕ بنێتەوە و پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەو وڵاتە تێک بدات."[2]
ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم لێکۆڵینەوە گوزارشت لە فرەدەنگی لە پرۆسەی بڕیاردان لە شێوازی پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی وڵات دەکات.

| *موجتەبا گەهستوونی، هەواڵنێر و چالاکی بواری کەلەپووری فەرهەنگی خەڵکی خووزستان* |
| --- |
| *بە شێوەی گشتی لە سیاسەتدا هەرەسمان هێناوە و نەمانتوانیوە لەگەڵ دنیا پەیوەندییمان هەبێت. لە وڵاتێکدا کە حکوومەت لە ژێر ڕکێفی حیزبێکە و دەوڵەت بە دەست حیزبێکی ترەوە بێ، دەوڵەتی سێبەر دروست دەبێت. ئێستا نە تەنیا یەک دەوڵەتمان نییە، بەڵکوو چەندین دەوڵەتی سێبەرمان هەیە کە بڕیار دەدەن و دەتوانین هەست بەم ناکۆکییانە بکەین.* |

بە گشتی دەتوانین بڵێین لە ناو پێکهاتەی سیاسیی وڵاتدا جۆرێک نایەکسانی و ترازانی دیسیپلینی کاروبارەکان لە ئاراستەی ئاسایی خۆی بەدی دەکەین کە بەشێک لەم نایەکسانییە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی دەوڵەت کە لە نێوان بەشە جیاجیاکان و وەزارەتخانە جۆراوجۆرەکانیان، جۆرێک ناهاوئاهەنگی و نایەکسانی بوونی هەیە و بەشەکەی دیکەشی هی پێکهاتەی کەڵانی حکوومەتە کە لە زۆر حاڵەتدا ناوەندە تایبەتەکان بە شێوەیەکی

[1] - تۆڕی زانیارییەخشینی ڕاە دانا. کۆدی هەواڵ: 1389632
[2] - ڕۆژنامەی ایران، 1397/6/21ـی هەتاوی، ژمارە 6874

زۆر جیاواز لەگەڵ دەوڵەت هەڵسوکەوت دەکەن.
لە وڵاتانی پێشنەکەوتوو، هەڵکشانی یەک لە دوای یەک یان توندی نایەکسانییەکان لە ناوچەکان و شارەکان بۆتە هۆی ئەوەی خەڵک ناچار بن بۆ بارودۆخی باشتری ژیان کۆچ بکەن. پەرەسەندنی خێرای حەشیمەتی شاری لە درێژەی چوار دەیەی ڕابردوو، بە شێوەی ئاراستەکراو و لە چوارچێوەی سیستەمی بەرنامەداڕشتنی هەمەگیری نەتەوەیی، کە لە سەر بنەمای هاوئاهەنگییە ناوچەییەکان بێ، نەبووە. بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە سەرچەشنی دابەشبوونی حەشیمەت پەیوەندییەکی چڕ و پڕی لەگەڵ کارکردە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هەیە، ئاساییە ئەگەر چالاکی و سەرمایە لە دەوروبەری چەند شار چڕ ببێتەوە، جووڵەی حەشیمەتیش بەرەو ئەو ناوچانەیە. ئەم سەرچەشنی دابەشبوونی حەشیمەتە زەمینە بۆ دەرکەوتنی بۆشایی حەشیمەتی و کارکردی لە سەر ئاستە ناوەندی و خوارترەکانی ناوەندە شارییەکان بەدی دێنێ و لە سیستەمی زنجیرە پلەی شاریدا وڵات تووشی هەندێ کێشە دەکات (رضایی و تقوایی، 1388، ل 1).

| |
|---|
| *محەمەد ئێحسانی، فیلمساز و دیکۆمێنتار خەڵکی تەورێز* |
| *کاتێ قاچ لە تاران و 4 – 5 شاری دیکە دەخەیتە دەرەوە، ڕووبەڕووی کارەساتێکی کەلتووری و فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبی و لە سیستان و بەلووچستان هەژاری لە ڕادەی برسێتی نزیکە. لە ناوچە سنوورییەکان، شایەدی هەژاریی سەرتاسەرین. لە تاران و ... هەژاری هەیە، بەڵام سەرتاسەری نییە.* |

لە ئێران، فوکوسی حەشیمەتی، لە چەند شاری وڵات و لە سەرووویانەوە تاران، ناهاوسەنگییەکی ناوچەیی و چڕبوونی خەستی حەشیمەت لەم چەند شوێنە پیشان دەدات. تاران بە تەنیا پتر لە 10 لە سەدی کۆی حەشیمەتی وڵاتی لە خۆ گرتووە. بەم دیاردە دەڵێن ماکرۆسۆفالیزە بوون.
ئەگەرچی چڕبوونی حەشیمەت لە شاردا خۆی لە خۆیدا پیشاندەری کێشە نییە، بەڵام ئەم چڕییە بە شێوەیەکی مانادار دەبێتە هۆی نایەکسانی و دابەشنەبوونی ئیمکانیات لە سەر ئاستی وڵات. بە پێی ئەنجامی سەرژمێرییە گشتییەکانی ساڵی 1395ـی هەتاوی و دیاریکردنی دە شاری پڕحەشیمەتی ئێران، پێنج پارێزگای یەکەمی وڵات، کە نزیکەی 40 لە سەدی حەشیمەتی وڵاتی تێدا دەژین، لەو پارێزگایانە نین کە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکیی تورک / ئازەری، کورد، بەلووچ و عەرەب نین. چڕبوونەوەی هێزی مرۆیی و سەرمایە ئابوورییەکان لەم ناوچانەدا بۆتە هۆی ئەوەی ناوچەکانی دیکە لە سەرمایە بەتاڵ ببن و کەلێنی نێوان شارەکان تا دێ زیاتر دەبێتەوە. چڕبوونەوەی سەرچاوە سەرەکییە ئابوورییەکان لەم پێنج ناوچەدا بۆتە هۆی هەژاری و نایەکسانی لە ناوچەکانی دیکەدا.
بوونی ناکارامەیی هەندێ جار وای کردووە خەڵکانی گرووپە ئێتنیکییە توێژینەوە لە سەر کراوەکان لە کاتی قسە کردن لە سەر ئەم ناکارامەییانە و هەروەها نایەکسانییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ... یان ئەوانە زۆر گەورە پیشان بدەن و لەم بارەوە دیترهاوێژی دەکەن.

| |
|---|
| *غانم سواری، مامۆستا خەڵکی حەمیدییەی خووزستان* |
| *بە ئەنقەستە ... ، کاروون و کەرخە و دز و ...؛ هەر هەموو ئەمانە لە ناکاو کوێر ببنەوە و وشک بین؟!* |

کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی سیاسەتبێزراوە و لە دەلاقەی سیاسییەوە سەیری زۆربەی ڕووداوەکان دەکرێت. شێوازی هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەم قەیرانانە لە لایەن وڵامدەرانەوە بە شێوەی سیفر و سەدە. وەک لە گێرانەوەکاندا هاتووە، وڵامدەران لەو باوەڕەدان کە دەوڵەت هیچ مافێکی بەوان نەداوە و هەموو مافە پێویستەکان تەرخانی ناوچە ناوەندنشینەکان بووە.

| *محەمەد حسێنی، چالاکی ئایینی و کەلتووری خەڵکی سنە (کوردستان)* |
|---|
| *دابەشکردنی پیشە، بەرهەمهێنان و سامان لە ئێران دادپەروەرانە نییە، بەڵکوو زۆر ستەمکارانەیە. کەسێک ئابووری گرتۆتە دەست کە نەزانە. ئەمانە بە ئەنقەستانە و زانایانە ئەم کارە دەکەن. ئێوە، بە بینین، ئابووریی ئەم ناوچەتان بۆ دەردەکەوێ کە لە هەموو لایەکەوە، شێعە و ناکوردەکان بەڕێوەی دەبەن و کوردەکانیان لە ئاستە نزمەکاندا ڕاگرتووە.* |

وەها ڕوانگە و هەڵسووکەوتێک لەگەڵ هەندێ لە دڵسۆزان و بەرپرسانی دەوڵەتی، کە ئەگەرچی کەمە، لە بری ئەوەی ئەوان بۆ هەوڵ و چالاکیی زیاتر هان بدا، دڵساردییان دەکاتەوە و ئەوان کاتێ کە دەبینن سەرەڕای هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەم شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ، لە درێژەدان بە چالاکی دڵسارد دەبنەوە و دووکەڵی وەها بارودۆخێک دەچێتە چاوی جڤاکە ئێتنیکییەکان.
دیمانە ئەنجام دراوەکان پیشان دەدا کە کوردەکان جیهانی خۆیان لە چاو گرووپێکی ئێتنیکی وەکوو بەلووچ بە باشتر دەزانن و لەو بۆچوونەدان کە بە بەراورد لەگەڵ ئەوان بارودۆخێکی باشتریان هەیە. لە لایەکی تریشەوە، ئەوان لەو باوەڕەدان کە لە چاو دراوسێکانیان واتە ئازەری / تورکەکان، هەلومەرجێکی نالەبارتریان هەیە و وا تێدەگەن کە گرووپی ئێتنیکی ئازەری / تورک، بەتایبەت لە سۆنگەی ئابوورییەوە، بارودۆخێکی باشتریان لە چاو ئەوان هەیە.
ئەو ڕوانگەی کە بەلووچەکان بەرامبەر بە جیهانی خۆیان هەیانە جیهانێکی بەشخوراو و گەشەنەسەندووە. وەک لە بەشی پێشوودا شرۆڤە کرا، ئەوان هۆکاری بەشێک لەم بارودۆخە دەگەڕێننەوە بۆ ناوجڤاکی و کەم ڕێژەبوونی بلیمەت و خوێندەوارانی زانکۆیی و هەڵبەت هەڵاواردنی ئایینیی خۆیان. هەستی ئەم گرووپە ئێتنیکییە ئەوەیە کە لەگەڵ کوردە ئەهلی سوننەکان هاوبەشیی زیاتریان لە چاو گروپە ئێتنیکییەکانی دیکە هەیە. ڕوانگەی ئەوان لە ناو دیکەی شوناسە گشتییەکاندا زیاتر بۆ گرووپی ئێتنیکی هاوپارێزگای خۆیان واتە سیستانییەکانە و لەو بۆچوونەدان کە ئەم گرووپە ئێتنیکییە، بە پێچەوانەی ڕێژەی کەمی حەشیمەتەکەیان، بە هۆی هاوئایینزابوون لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، لە پارێزگادا ئیمتیازێکی زێدەتریان هەیە و زۆربەی کاروبارە گرنگە پارێزگاییەکان ئەوان بەڕێوەی دەبەن. بە بۆچوونی ئەوان هەر ئەمە وای کردووە کە جیا لە حکوومەتی ناوەندی، لە لایەن ئەم گرووپە خۆجێییەوە زیاترین ستەمیان لێ بکرێ و بوونی ئەم گرووپە وەک فاکتەرێکی دەرەکیی پێشنەکەوتنی خۆیان سەیر بکەن. لە بەرامبەردا، سیستانییەکان لەو باوەڕەدان کە لەگەڵ بەلووچەکان مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە و هۆکاری پێشنەکەوتنیان نەبوونی زیاتر بە هۆی هەلومەرجی ناوگرووپی خۆیانە تا فاکتەرە دەرەکییەکان.

| *مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی، پێشنوێژی ئەهلی سوننەی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان)* |
|---|
| *[بەلووچستان] زۆر کێشەی لە خۆ گرتووە و ڕێژەی هەژارییەکەی لە هی دیکەی ناوچەکانی وڵات زیاترە. زۆربەی ئەم هەژارییە بەرهەمی هەڵاواردنە. لە دنیادا شوێنێک کە هەڵاواردنی لێ بێ، خۆی بە دوو شێوە پیشان دەدا: هەژاریی ئابووری، هەژاریی کەلتووری و فەرهەنگی. ئێمە بە هۆی هەر دوو هەژارییەکەوە دەناڵێنین.* |

عەرەبەکان جیهانی خۆیان لە گرووپە ئێتنیکییەکانی وەکوو بەلووچ بە باشتر دەزانن و ئەوانیش لەو باوەڕەدان کە بەلووچەکان لە سەر ئاستی وڵاتدا لە نالەبارترین بارودۆخی گەشەدان. ئەم ئێتنیکە خۆیان لە لایەن بەختیارییەکانەوە بە دەمارگرژ دەناسرێن.

ئازەری / تورکەکان لەو باوەڕەدان کە بارودۆخی ئابوورییان لە چاو دیکەی گرووپە ئێتنیکییەکان باشترە و هۆکارەکەشی ئەنجامی تێکۆشان و هەوڵی زیاتری خۆیان بە بەراورد لەگەڵ گرووپەکانی ترە. ڕوانگەی ئەم گرووپە بەرامبەر بە فارسەکان نەرێنیترە، چوونکە دەسەڵاتی وڵات لە ژێر ڕکێفی ئەواندایە و تێدەکۆشن کەلتووری ئێتنیکەکانی دیکە ڕابکێشن.



*ڕەسووڵ نامی، دیزاینەری فەرش خەڵکی تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات)*


*من پێموایە فارسەکان کەمێک لە مافی تورکەکانیان خواردووە و ئەم بابەتە تەنانەت لە بنەماڵەکانیشدا جێ کەوتووە.*

فارس زمانەکانیش لەو بۆچوونەدان کە کێشە و گرفتەکانی وڵات تایبەت بە گرووپێکی ئێتنیکی تایبەت نییە و ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات لەم سۆنگەوە تووشی خەسارەت بوون. ڕوانگەی ئەم گرووپە لە چاو کەمینەی سوننە مەزهەب ئەوەیە کە ئەم گرووپە دەفرایەتیی مدارایان زێدەترە و لە ڕفتارەکانیاندا نەرمی‌نوێنن.


| *ناسر ئامولی موقەدەم، ڕۆژنامەوان و چالاکی ڕیفۆرمخواز خەڵکی مەشهەد (خوراسان ڕەزەوی)* |
|---|
| *من لە حەوزەی عیلمییەی خاف لەگەڵ مەولانا موتەهەری سەبارەت بە شێعە و سوننە وتووێژم دەکرد و ئەو زۆر بە ئاسانی لەگەڵ فەقێ ئەهلی سوننەکاندا گفتوگۆی لەگەڵ دەکردم. ئەمانە کەسانێکی ڕووناکبیر، ڕەوادار و باشن.* |

ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی سەرەوە و لە چوارچێوەی دوو جۆر بینینی جیهانی خۆیان و جیهانی ئەویتری و هەڵسەنگاندنیان، جۆرێ هەستی هەڵاواردن دروست دەکا کە بە پێی ئەوە هەر کام لە گرووپە ئێتنیکییەکان لەو باوەڕەدان کە جیاکارییان لەگەڵ دەکرێ و ئیمکانیاتی وڵات لە بندەستی گرووپێکی دیکەیە. ئەم هەستی هەڵاواردنە دەتوانێ ئەنجامی فاکتەری جۆراوجۆر بێ؛ بەشێک لەم هەستە ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر یاسا کە بە پێی ئەوە، گرووپە ئێتنیکی و ئایینزاییە جۆراوجۆرەکان لەو بۆچوونەدان کە لە یاسا بنەڕەتییەکانی وڵاتدا دژ بەوان جیاکاری دەکرێت. بەشێک لەم هەستە بە هۆی ئایینزایە کە بە گوێرەی ئەوە ئەم ڕا و بۆچوونە بەدی دێ کە هەڵاواردن لە دژی گرووپە ئایینزا نافەرمییەکانی وڵاتدا بوونی هەیە. بەشێکی ئەم هەستی هەڵاواردنە دەچێتەوە سەر پرسی سیاسی و هەڵسووکەوتی سەلیقەییانەی دەسەڵاتدارانی وڵات کە لە ماوەی چل ساڵ تەمەنی شۆڕشی ئیسلامی، بەڕێوە بردنی کاروبار بە دەستی قۆڵێکی زمانی، ناوچەیی و ئایینزاییە و دیکەی قۆڵەکان لەم دەسەڵاتدارییە بێبەشن و بە پێی ئەوە، لە دژی ناوچەکانی تر ئیمکانیاتێکی زیاتر بەم ناوچانە دەدرێت.

چارتی ژمارە 7 و چارتی ژمارە 8 ڕادەی هەستی هەڵاواردنی سیاسی لە ناو گرووپی کەسانی بلیمەت و کەسانی ئاسایی کە توێژینەوەیان لە سەرکراوە پیشان دەدات.




چارتی ژمارە 7: ڕادەی هەستی هەڵاواردنی سیاسی ئێتنیکی - بلیمەتەکان




چارتی ژمارە 8: ڕادەی هەستی هەڵاواردنی سیاسی ئێتنیکی – کەسانی ئاسایی

بە پێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە، گرووپە جیا جیا ئێتنیکی و ئایینزاییەکان پێیان خۆشە ئەو داب و نەریتە نەریتی – مێژووییەی کە شیاوتر بووە بیپارێزن، بەڵام لە سڕینەوە یان فەرامۆشکردنی لایەنە نەشیاوە فەرهەنگی و کەلتوورییەکانیان سەرکێشی نانوێنن. بە واتایەکی تر، دیمانە لەگەڵکراوان بە لێکجیاکردنەوەی نەریتە باش و خراپەکان و ئاماژە کردن بە نموونەکانیان ئاماژەیان بەم خاڵە دەکرد کە ئەو داب و نەریتانەی کە عەقڵانیترن و توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ هەلومەرجی ڕۆژدا هەیە، دەیپارێزن. واتە ئەو داب و نەریتانەی کە لە جیهانی مۆدێرندا لایەنی مرۆیی و ئەخلاقییان هەیە، بەڵام ئەوانەی وا هیچ پاساوێکی ئەخلاقی و لۆژیکییان نییە و زیاتر بابەتی خورافە و نالۆژیکین دەبێ پشتگوێ بخرێن.

| *حەسەن فشارەکی، نووسەر و وەرگێڕ خەڵکی ئیسفەهان* |
|---|
| *نە نەورۆز، نە عاشوورا نابێ بە سەر کەسدا بسەپێنرێت. خەڵک ئازادن لەوەی کە داب و نەریتی خۆیانیان هەبێت. داب و نەریتی باش و خراپمان هەیە. وەکوو قەمە لێدان یان خەتەنەی ژنان داب و نەریتێکی زیانبەخشن. داب و نەریتی عەقڵانی و مرۆیی و ئەخلاقی بۆ جیهانی مۆدێرن پێویستن.* |

لەو بەهایانەی کە لە سەردەمی نوێدا بە جیدی ڕەخنەیان لە سەرە، بەها ئایینی، ئایدۆلۆژیکی و عورفییە هەڵەکانن. بە باوەڕی زۆر کەس، ئایین هەڵبژاردەیەکی تاکایەتییە و ئەوەی کە لە ڕێگەی کۆمەڵگاوە دەگوازرێتەوە، بە مانای نەگۆڕبوونیان نییە، بەڵکوو تاک دەتوانێ بە بیرکردنەوە و تێڕامانەوە بڕیاری دروستیان بۆ بدات. هەڵبەت ڕەخنە و پێداچوونەوەی تاکەکان بەرامبەر بە بەهاکان پەیوستە بە جۆری تێگەیشتن و شێوازی ڕوانگەی کۆمەڵگا. بە واتایەکی تر، هەندێ لەوانەی کە ئێمە ئەوڕۆ ڕووبەڕوویان دەبینەوە چێکراوی مێژوویەکی نزیکن.
گەشەنەسەندوویی بارودۆخێکە کە تێیدا، خەڵک هۆگری نوێگەرێتی و لە هەمان کاتدا لەگەڵی نامۆن و ڕەنگەش زۆر دژی بن، چوونکە لە جیهانی پێشنەکەوتوودا، کاروبارەکان کەمتر لە شوێنی خۆی و کاتی گونجاوی خۆیان بەدی هاتوون و ئەنجام دراون.

| *مەحموود ئیفتخاری، خانەنشینکراوی کەلەپووری فەرهەنگی و شارەزای هونەری ئێران خەڵکی سیمنان* |
|---|
| *لە وەها وڵاتێکدا کە ئێمەی تێدا دەژین، ناتوانین بە لێبڕاییەوە هەموو شتێک بڵێین ... . هیچ وانەیەکمان لە مێژوو وەرنەگرتووە و بە دەور خۆماندا دەسووڕێینەوە.* |

ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دەوری سەرەکیی فاکتەرە ناوخۆییەکان لە پێشکەوتنی ئێتنیکە توێژینەوە لە سەر کراوەکان پشتڕاست دەکاتەوە، بە جۆرێک کە دیمانە لەگەڵکراوان ئاماژەیان بەوە دەکرد گەڕانەوەی دەرچووانی زانکۆیی شاری تەورێز پاش کۆتایی هاتنی قۆناغی خوێندنیان دەبێتە هۆی گەشەسەندنی شاری تەورێز. لە لایەکی تریشەوە، سەبارەت بە هۆکاری گەشەنەسەندنی پارێزگاکانی وەکوو سیستان و بەلووچستان، دیسان ئاماژەیان بە دەوری فاکتەرە ناوخۆییەکان و ڕێژەی کەمی دەرچووانی زانکۆیی ئەم ناوچە دەکرد.



*پەیمانی ناسیح پوور، مامۆستای زانکۆ خەڵکی ئەردەبێل*
*هۆکاری سەرتربوونی تەورێز لە ئەردەبێل ئەوەیە کە خوێندکاران پاش دەرچوون لە زانکۆ گەڕانەوە بۆ شاری خۆیان. تەورێزییەکان هاریکاری شاری خۆیان دەکەن و سەر دەکەون.*

بەم پێیە، سەبارەت بە هۆکارەکانی گەشەنەسەندنی ناوچە جۆراوجۆرە ئێتنیکییەکان و بە گشتی، کۆی کۆمەڵگای ئێران ئاماژە بە چوار ڕوانگەی "بێیاسایی و گەشەنەسەندوویی"، "گەشەنەسەندوویی و خوو و خدەی ئێرانییەکان"، "شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی و گەشەنەسەندوویی ئێران" و "عەقڵانییەت و گەشەنەسەندوویی" دەکرێ کە هەر هەموویان پێداگری لە سەر دەوری دەروونی و جەوهەری ئەم بابەتە دەنوێنن.

**پەیوەندیی دەوڵەت و ئێتنیکەکان**

ئەو ئەنجامانەی وا لەم بەشەدا وەدەست هاتوون و لە درێژەدا قسەیان لە سەر دەکرێ باشنەبوونی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئێتنیکەکان پیشان دەدات. نموونەی زەقی ئەمە دەتوانین ئاماژە بە یەکێک لە خواستەکانی ئێتنیکەکان و بەتایبەت کۆمەڵگای ئەهلی سوننە وەک گەورەترین کەمینەی ئایینزایی وڵات بکەین کە ئەم خواستە پەیوەندیی بە نەبوونی مزگەوت لە ناوەندی پارێزگاکان و بەتایبەت شاری تارانەوە هەیە. ڕاگەیاندن لەو بابەتە گرنگانەیە کە لە پێناو پاوانە کردنی کەلتووری دەوری هەیە. لە ئێران، میدیا بیسایی و بینابیەکان لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتە و بێگومان کاتێ ئەم دەسەڵاتە بوونی هەبێ، بابەتی بەرژەوەندی دێتە ئاراوە و گرووپی خاوەن دەسەڵات لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا سوودی لێ دەبینێت. لەو هەلومەرجانەی دیکە کە دەبێتە هۆی نارەزایەتیی گرووپە ئێتنیکییەکان لە دەوڵەت، هەلومەرجی نالەباری ئابووری ئەم گرووپانەیە. ئەم گرووپانە لەو بۆچوونەدان کە پشکی هەرە زۆری ئیمکانیاتی ئابووریی وڵات لە ناوەندی وڵات و دەڤەری ژیانی فارس نشینەکاندا چڕ بۆتەوە. بابەتێکی دیکە کە نارەزامەندیی گرووپە ئێتنیکییەکانی لە سیاسەتەکانی دەوڵەت ورووژاندووە شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ زمانی دایکییە کە لەم بوارەشدا گرووپە ئێتنیکییەکان لەو بۆچوونەدان کە سەرەڕای مادە یاساییەکانی پەیوەست بە زمانی دایکی، ئەم یاسایانە هێشتا نەچوونەتە بواری جێبەجێکردن.

*نەزەر محەمەد دیدگاهـ، نوێنەری پێشووی پارلەمانی شوڕای ئیسلامی و مەولەوی ئایینی خەڵکی ئێرانشار (سیستان و بەلووچستان)*

*لە شارەکانی تاران و ئیسفەهان مزگەوتمان نییە. سوننەکان لە ماڵەوە نوێژ دەکەن. ئیمام خومەینی موسەلای (نوێژگە) گەورەی تارانی لە عەباساوا داوە بە ئێمە. نامەی بۆ مەولانا عەبدولعەزیز نوسیبوو. من تەنانەت بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی خەڵک حسێبم کردەوە کە مزگەوت دروست بکەین. کوردێک کە نوێنەری پارلەمان بوو پێی وتم هیچ پارە کۆ مەکەوە، من تێچووی دروستکردنەکەی دەدەم. بەڵام مۆڵەتی بیناکردنیان نەدا. هەر ئەم بەڕێزە کە ئێستا لە سەر کارە لەگەڵ ئەوانی تر نەیانهێشت. ئێمە پێکەوە هاوڕێی پارلەمان بووین.*



وێبگای "سنی آنلاین" کە هەواڵەکانی کۆمەڵگەی ئەهلی سوننەی ئێران بڵاو دەکاتەوە، لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ ڕاپۆڕتی لە مەڕ ڕێگری لە بەڕێوە چوونی نوێژی جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزان بڵاو کردۆتەوە. جیا لەم ڕێگرییانە یەکێک لەو بابەتانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا تووڕەیی و ناڕەزایەتیی شوێنکەوتووانی ئەهلی سوننە و پێشنوێژی هەینی ئەهلی سوونەی زاهیدانی لێ کەوتەوە ڕووخاندنی نڤێژگەی ئەهلی سوننە لە گەڕەکی پوونەکی تاران لە لایەن هێزەکانی شارەوانی بە پشتیوانی هێزە ئینتزامی و ئەمنێتییەکان لە ساڵی 1394ـی هەتاوی[1] بوو.

[1] - http://sunnionline.us/farsi/2015/07/3914




وێنەی ژمارە 2: ڕیزی نوێژکەرانی ئەهلی سوننە لە یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری تاران و ئەستەمیی نوێژکردن لە شوێنێکی بچووکدا

ڕێزگرتن لە فرەڕەنگیی کەلتووری بە ئاراستەی قبوولکردنی جیاوازییەکان لە کۆمەڵگا دەتوانێ پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە و بەهێزکردنی یەکپارچەیی و ئاسایشی نەتەوەیی لێ بکەوێتەوە. ڕەنگە بتوانین یەکێک لە هۆکارەکانی بێچمگرتنی گرووپە توندڕەوەکان لە وڵاتانی دراوسێ بگەڕێنینەوە بۆ ئەم سنووردارکردنانە.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە پیشان دەدا کە گرووپە ئێتنیکییەکان بۆ هەبوونی میدیایەکی ئازاد لە چاو گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرەکان سنووردارترن. بەم پێیە، جیا لەوەی کە گرووپە ئێتنیکی و ئایینزاییەکان لە بوونی میدیای ئازادی بیساری و بیناری بێبەشن، پانتای فیلتێرینگیش باڵی بە سەر پانتای ڕۆژنامەوانی و ماڵپەڕە ئەنتەرنێتییەکانیاندا کێشاوە.


| *مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی، پێشنوێژی ئەهلی سوننەی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان)* |
| --- |
| *لە ڕاستیدا ئێتنیکەکان، زمانێکی بێژەریان نییە و لە میدیا بێبەشن. ئێستا ئەگەر کەسێک دیمانە بکا بەرێزان بێتاقەت دەبن؟ دەی لەگەڵ کێ دەبێ دیمانە بکەین؟ ناوەندی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆ قسەکانمان بڵاو ناکاتەوە، خۆمان ڕاگەیاندنمان نییە، کێشەکانمان لە کوێ باس بکەین؟ ئێمە ماڵپەڕێکمان بە ناوی "سنی آنلاین" هەیە کە فیلتەریان کردووە. ماڵپەڕەکەی خۆم فیلتەرە.* |

| | |
|---|---|
| *شنۆ حسێنی، چالاکڤانی مەدەنی و مافەکانی ژنان خەڵکی جوانرۆ (کرماشان)*<br>*ئاستی ڕەزامەندییم لە کارکردی ناوەندی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی زۆر کەمە، لە سیفر کەمتر نییە. بە ڕای من میدیا جەماوەری نییە و ناوەڕۆکەکەی وەڵامدەری ئێتنیکەکان نییە و بەرنامەکانی لە پێناو خزمەتگەیاندن بە ئێتنیکەکان نییە.* |  |


تاوتوێ و شیکاریی ناوەڕۆکی ئەم وتانە جۆرێک ناڕەزایەتی ئاشکرا و شاراوەی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان بەرامبەر بە میدیا چالاکەکانی وڵات پیشان دەدات. بە گوێرەی وتەی دیمانە لەگەڵکراوانی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکانی تورک، کورد، بەلووچ، عەرەب، لوڕ / بەختیاری، میدیا دەنگی و ڕەنگییە ناوخۆییەکان لە ئاراستەی هاوڕەنگی و لێکچوواندنی ئێتنیکە ئێرانییەکان هەنگاو دەنێن و بەو شێوەی پێویستە گرنگیی بە گرووپە ئێتنیکییەکان نادرێت. بە پێچەوانەی گرووپە ئێتنیکییە دیمانە لەگەڵکراوەکان، فارس زمانەکان ڕەزامەندییەکی باشتریان لە کارکردی ناوەندی دەنگ و ڕەنگ هەبوو.
کاناڵە دەنگی و ڕەنگییە پارێزگاییەکانیش کارکردێکی باشتریان لە چاو ناوەندی دەنگ و ڕەنگی نەتەوەیی نییە. لە ناو گرووپە ئێتنیکییەکانیشدا بەرامبەر بە کارکردی ئەم کاناڵانە ناڕەزایەتییان هەبوو. دەوترێ ئاراستەی بێچم و چوارچێوەی زۆربەی بەرنامەکانی ئەم میدیایەش بەرەو ناوەند دەشکێتەوە. کاناڵە پارێزگاییەکان لە چاو ناوەندی دەنگ و ڕەنگی نیشتمانی، کوالێتی بەرهەمهێنانی بەرنامەکەیان نزمترە و چ بمانهەوێ و نەمانهەوێ سەرتریی کەلتووریی فارس و ئایینزای حکوومەت وەبیر دەهێننەوە.
کارکردی دادپەروەرتەوەر و جیا لە هەڵاواردنی میدیا نیشتمانییەکان سەبارەت بە ئێتنیک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان گرنگە. کارکردی بژاردەیی میدیا دەتوانێ ئەم ناکۆکی و هەڵوێستگرتنە ڕووخێنەرانە لە سەر ئاستی کۆمەڵگا توختر بکات.

| *باقر سەدری نیا، ئەندامی لێژنەی زانستی و مامۆستای زانکۆ خەڵکی تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات)* |
|---|
| *من دژایەتی ستراتیژیم لەگەڵ ئەو کەسانە هەیە کە زمانی تورکی دەکەنە دژی زمانی فارسی، چوونکە ئەمە دژی بەرژەوەندیی کورتخایەن و درێژماوەیە و ئەم دووانە لە پاڵ یەکتر گەشە دەکەن. بەڵام کارکردی میدیای نیشتمانی و پارێزگایی بەرتەسکبینانە و دواکەوتووە و فرەنەتەوەیی لە میدیاکاندا پیشان نادرێت.* |

چارتی ژمارە 9 و چارتی ژمارە 10 ئاستی ڕەزامەندی لە بەرنامەکانی ناوەندی دەنگ و ڕەنگ لە بەشی پارێزگایی و نیشتمانی پیشان دەدەن.




چارتی ژمارە 9: ئاستی ڕەزامەندی لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگ – بلیمەت




چارتی ژمارە 10: ئاستی ڕەزامەندی لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگ – خەڵکی ئاسایی

لە هەلومەرجی سەنسۆڕ و کۆنترۆڵی میدیاکاندا، بەردەنگەکان ئەکتیڤ دەبن و بە گەڕان بە دوای دیکەی میدیا هاوئاراستەکان بۆ بەدیل دەگەڕن. ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی دیمانەی گرووپە جیاوازە ئێتنیکییەکانیش ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە.

| *قاسم ئال کەسیر، توێژەر و چالاکی ئێتنیکی خەڵکی خووزستان* |
|---|
| *سوود لە بەرهەمی کەلتووریی سایبری و میدیایی جیهانی عەرەب وەردەگرین و کاریگەری لە سەر ژیانمان بووە، لە پرۆسەی ناولێنانەوە هەتا تیپ و جلوبەرگ و مۆسیقا و قسەی سەر زار.* |

لە ئێران، ئێتنیکەکان، پشکی ناهاوسەنگ و نادادپەروەرانەیان لە ئابووریی وڵاتدا بەرکەوتووە. بەشی سەرەکیی پیشە قورسەکانی وەکوو کۆمپانیای پۆڵا، ئۆتۆمۆبێلسازی، پترۆکیمیا، و ... زیاتر لە ناوەندی وڵات

و لە پارێزگا فارس زمانەکاندا چڕ بووەتەوە. زیاترین پشکی کەرتی پیشەسازی تەرخانی پارێزگاکانی ئیسفەهان (41.4 لە سەد)، ئەلبورز (44 لە سەد)، تاران (37.3 لە سەد)، چوارمەحاڵ و بەختیاری (39.6 لە سەد)، قووم (43.4 لە سەد)، مەرکەزی (40.3 لە سەد)، و یەزد (47.8 لە سەد) کراوە[1]. بەدەر لە کەرتی پیشەسازی لە ناوچە ناوەندییەکانی وڵات و لە کەرتی کشتوکاڵیشدا، بەروبوومی پڕداهاتی وەکوو فستق و زافەران دەکێڵدرێ و هەر ئەمەش وای کردووە کە ناوچە فارس نشینەکان لە بەرهەمهێنانی ناپوختە پشکێکی زۆریان بەرکەوێت.

| *عەبدولسەلام بوزورگ زادە، بەرنامەسازی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی لە زاهیدان (سیستان و بەلووچستان)* |
| --- |
| *ئێمە لە پارێزگاکەماندا دوو دەسەڵاتمان هەیە؛ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی کۆماری سیستانی. بەڵێنیان لێ وەرگرتووم چیتر ئەم کۆماری سیستانییە نەڵێمەوە، بەڵام دەیڵێم. چینێک لە پارێزگا بە زۆرینەی 2 لە سەدەوە کۆمارێکی پێکهاتوو لەم ڕێژە ڕووداوە یەکپارچەخوازەیە کە بە هۆی ئاییزاکەیانەوە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی پاش شۆڕش دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری، ئیداریی و هەموو شتێک لەم پارێزگایە کەوتە دەستیان. ئێمەی بەلووچ لێیان بێزارین. بۆچی دەڵێم کۆماری سیستانی، چوونکە هەموویان کۆ بوونەتەوە بۆ ئەوەی ئەو 98 لە سەدەی دیکە بکەنە ژێر چەپۆکی خۆیان، ناکۆکی بنێنەوە، بەلووچی داماو وەک دژەحکوومەت بخەنە پەراوێزەوە و سەرمایەدارەکانیان لە ئیدارەکاندا کە لە بندەست خۆیانە دڵسارد بکەنەوە و وڵامیان سڵاویان نەدەنەوە.* |


بە پێی ئامار و پێوەرە فەرمییەکان، بارودۆخی ئابووریی ئێتنیکەکان لە ناو پارێزگا فرەئێتنیکەکانی وەکوو سیستان و بەلووچستان و ئازەربایجانی ڕۆژاوا ناهاوسەنگە. بۆ وێنە، سیستانی و ئازەرییەکان / تورکەکان لە چاو بەلووچ و کوردەکان پشکی هەرە زۆری ئابووری و پێشەسازیی وڵاتیان پێیە و بارودۆخی سیاسی و ئابووری بەو ئێتنیکەیە وا هاوئاراستەتر لەگەڵ ناوەندە.

ئابووریی کورد لە سەر کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە. بەشە باکوورییەکانی ناوچە کوردنشینەکان (باشووری ئازەربایجانی ڕۆژاوا)، جیا لە کشتوکاڵ، باغداریش دەکەن، بەڵام لە ناوچە باشوورییەکان (کوردستان، کرماشان و ئیلام) بە هۆی سوودمەندبوون لە بژوێن و مێرگ و نەبوونی زەوی پڕپیت، زیاتر کشتوکاڵی دەیمی و ئاژەڵداری باوە. ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بە هۆی بارودۆخی جوگرافیایی سنووری و ئەو ڕوانگەی ئەمنییەی کە بەرامبەریان دەکرێ لە سۆنگەی پیشەسازیی پێشکەوتووەوە گەشەیەکی ئەوتۆیان نەکردووە. ئەم ناوچانە بارودۆخی ئابووریی گونجاویان نییە و بە هۆی نەبوونی ژێرخانی ئابووری و نەبوونی کارخانە و سەرمایەگوزاری لە کەرتی پیشەسازی، ئاماری بێکاریی حەشیمەتی چالاکی ئەم ناوچانە زۆرە و زۆربەی پیاوان بۆ دابین کردنی بژێوی ناچارن دەست بدەنە ئیشی ساختەکارانەی وەکوو قاچاخ و کۆڵبەری.


چارتی ژمارە 11 و چارتی ژمارە 12 هەلی کاری ئێتنیکەکان پیشان دەدا کە نایەکسانیی ئابووری پیشان دەدات. بەم پێیە 89.8 لە سەدی بلیمەتەکان و 81.9 لە سەدی خەڵکی ئاسایی لەو باوەڕەدان کە هەلی پیشەیی لە ناو ئێتنیکەکاندا بە ڕێژەی یەکسان دابەش نەبووە و تەنیا 10.2 لە سەدی بلیمەتەکان و 8.4 لە سەدی خەڵکی ئاسایی لەو بۆچوونەدان کە ئێتنیکەکان هەلی یەکسانیان لە بواری پیشەدا هەیە.

---

1- خبرآنلاین، کۆدی هەواڵ 375259





چارتی ژمارە 11: دەرفەتی یەکسان بۆ کاری ئێتنیکەکان – بلیمەتەکان




چارتی ژمارە 12: دەرفەتی یەکسان بۆ کاری ئێتنیکەکان – کەسانی ئاسایی

داتاکانی چارتی ژمارە 13 پلە و ڕێژەی بێکاری لە سەر ئاستی سی و یەک پارێزگای وڵات پیشان دەدات. بەم پێیە، نیوەی لای چەپی ئەم چارتە پارێزگا فرەئێتنیکییەکان دەگرێتەوە و بریتییە لە حەشیمەتە جۆراوجۆرەکانی کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ و ... و نیوەی لای ڕاستی چارت کە ڕێژەی بێکارییان تێدا کەمترە هی ئەو پارێزگایانەیە کە زیاتر لە ناوەندی خەریتەی ئێراندان و لە ماوەی چل ساڵی شۆڕشی ئیسلامی، بەرپرسانی پلە باڵای ڕژیم لەم پارێزگایانە دەستنیشان کراون. سیاسەتی ناوەندگەریتی، قەیرانی ئابووری و سیاسی لە ئێران، سیاسەتە هەڵە ئابوورییەکان، گەندەڵی دارایی و ئیداری، سەرنجنەدان بە بەها کارخولقێنییەکان، ڕوانینی ئەمنێتییانە بۆ سەر ئێتنیکەکان لە فاکتەرە سەرەکییەکانی بێکاری لە وڵاتی ئێرانن.




چارتی ژمارە 13: ڕێژەی بێکاری (بە گێڕانەوە لە ناوەندی ئاماری ئێران)

ئێتنیکی ئازەری / تورک بارودۆخێکی ئابووریی تا ڕادەیەک باشتریان هەیە و هەلی کار و ئیمکانیاتی خۆشگوزەرانی لە ناوچەی ئەواندا لە چاو ئێتنیکەکانی دیکە باشترە. ئەم ناوچە سنووری هاوبەشی لەگەڵ ئازەربایجان و تورکیا هەیە کە لە ڕووی کەلتووری و ئابوورییەوە، لەگەڵ هەر دوو وڵاتی هاوسنوور و هاوزمان، ئاڵوگۆڕی کەلتووری و ئابووریی تایبەتیان هەیە. ئاژەڵداری و کشتوکاڵ یەکێک لە کۆڵەکە ئابوورییەکانی ئێتنیکی تورک لە ئێرانە. لە سۆنگەی بەرهەمهێنانی بەروبوومی شیرەمەنی و پرۆتینی، ناوچە تورکـنشینەکان پشکێکی زۆریان بەر دەکەوێت. بەڵام ناتوانین ئابووریی زاڵی ئەم دەڤەرە لەمانەدا کورت بکەینەوە، بەڵکوو بوونی کارخانە و پیشەسازیی گەورەی وەکوو تراکتۆرسازی، پەترۆکیمیا، ئۆتۆمبێلسازی، پیشەسازیی پۆڵا و ... لەم ناوچانەدا دەفرایەتیی کاری زۆری بۆ ئەم ناوچە بەدی هێناوە، ئەگەرچی بارودۆخی هەندێ لە ناوچە پەراوێزنشینەکان و بەتایبەت گوندە دوور لە ناوەندەکان بارودۆخێکی گونجاویان نییە و ئەم بارودۆخە لە ڕووداوی زەویلەرزەکەی وەرزەقان لە نزیک تەورێز زیاتر ئاشکرا بوو.

پێگەی پەیوەندی و سنووری دەریایی شارە عەرەبنشینەکانی پارێزگاکانی خووزستان و هورمزگان بۆتە هۆی پەرەسەندنی بازرگانی و بازرگانیی نێودەوڵەتی. بەندەرە گرنگەکانی ئەم ناوچانە بریتییە لە بەندەر عەباس و بەندەر ئیمام کە پشکی سەرەکییان لە ترانزێتی دەریایی وڵاتدا هەیە. هەروەها نەوتداربوونی ناوچە عەرەبەنشینەکان و بوونی پیشەسازیی گەورە بۆتە هۆی ئەوەی لە سەرتاسەری وڵاتەوە هێزی کار بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت. ئەم بارودۆخە تا ڕادەیەکیش بۆتە هۆی تێکچوونی دیمۆگرافیای ئێتنیکیی ناوچەکە و ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی وەدەستهێنانی هەلی کار لەم ناوچانەدا گیرساونەتەوە. بەڵام بە داخەوە بارودۆخی گشتیی خەڵکی عەرەب لە سۆنگەی ئابوورییەوە لە ئاستێکی نزمدایە[1].


| *باسم حمادی، چالاکی سیاسی – کۆمەڵایەتی، چالاکی مافەکانی کرێکار و نووسەر خەڵکی ئەهواز (خووزستان)* |
| --- |
| *لە پارێزگایەکدام کە ئاو و نەوت و گازی هەیە. لێرەدا نابێ باسی بێکاری واتای هەبێت، هەژاری دەبێ زۆر کەم بێ، بەڵام دەبینین کە بەشخوراوی و هەژاری لە گوند و پەراوێزی شارەکان زۆر ترسناکە. ڕەنگە لە دیکەی پارێزگاکانیش هەر ئەوە بێ، بەڵام ڕوانگەی ئێمە ئەوەیە کە لە سەر سامان و نەوت خەوتووین، بەڵام هەژارین.* |

[1] - www.citypedia.ir


بارودۆخی ئابووریی بەلووچستان زۆر لاوازە و لەم ساڵانەی دواییدا، دانانی کارخانە و سەرمایەگوزاری لەم پارێزگایەدا بەدی نەکراوە، سنووریان لە حاڵەتی نیوە داخراوە و مامەڵەی ئابووری و کەلتووری لەگەڵ ئەو دیو سنوور لە ئاستێکی ئەوتۆدا نییە. بە هۆی داخراوبوونی سنوورەکان، بازاڕچەی سنووری بێچمی نەگرتووە و زۆربەی خەڵکەکەی خەریکی پیشەگەلی وەکوو قاچاغی کاڵا و بردنی گازواییلن و لەم پارێزگایەدا هەژاری هەمەگیر بووە. لە ڕابردوودا سیستان و بەلووچستان وەک کۆگای دەغڵ و دانی ئێران دەهاتە هەژمار، بەڵام ئێستا بە کەش و هەوای تایبەتی ناوچەیی، بێئاوی، بوونی وشکەساڵی زۆر، کەرتی کشتوکاڵی تووشی کێشە کردووە و زۆرێک لە زەوییە کشتوکاڵەکان ڕووتەن و وشکن.

| *محەمەد بەهاری، مامۆستای زانکۆ خەڵکی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان)* |
| --- |
| *ئابوورییەکەمان سیفر یان ژێر سیفرە. هەر هەموو خەڵکی سیستان بوونەتە سیفر. ئاژەڵداری، کشتوکاڵ و پیشەسازی ئابووری دروست دەکەن، بەڵام ئێمە لەم پارێزگایەدا شتێکمان نییە کە ناوی پیشەسازی بێت. بڕیار وابوو زابول بکرێ بە ناوەندی کشتوکاڵ، بەلووچستان بکرێ بە ناوەندی پیشەسازی و زاهیدان ببێتە ناوەندی زانکۆیی. زابول ئێستا هیچی نییە. ئێستا ئێوە بڵێن لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا کارخانەیەک بۆ زابۆل دانرا بێ، ئەوە من بێدەنگی هەڵدەبژێرم. خەڵک لە ڕێگەی گازواییل و بەنزینەوە بڕە پارەیەکیان دەست دەخست. دیواری سنووری دانراوە و ناتوانن ئەو کارەش بکەن. ئێستا ئێمە لەم دیو دیوارەکەین نە دەتوانین بچینە ئەو دیو و نە ئەم دیو.* |

چارتی ژمارە 14 و چارتی ژمارە 15 ئاستی هەستی نایەکسانی لە ناو ئێتنیکەکان پیشان دەدەن. 90.6 لە سەدی بلیمەتەکان و 88 لە سەدی خەڵکی ئاسایی پێیان وایە ئێتنیکەکان لە ئێران بە هۆی نایەکسانیی ئابوورییەوە دەناڵێنن و تەنیا ڕێژەیەکی زۆر کەمیان لەو باوەڕەدان کە ڕادەی کەلێن و هەڵاواردنی ئابووری لە وڵات کەمە.




چارتی ژمارە 14: ئاستی هەست کردن بە کەلێن و هەڵاواردنی ئابووری – بلیمەتەکان




چارتی ژمارە 15: ئاستی هەست کردن بە کەلێن و هەڵاواردنی ئابووری – خەڵکی ئاسایی

بە گشتی، ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم بەشە پیشان دەدا کە هەر کام لە ناوچە توێژینەوە لە سەرکراوەکان بە نیسبەتی پێگەی خۆیان سەرچاوەی دەوڵەمەند و بێوێنەی وەکوو ئاوی زۆر، کەش و هەوای لەبار بۆ چاندنی جۆرەکانی بەروبوومی کشتوکاڵ و چالاکیی بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر، کانزای دەوڵەمەند و هەمەجۆری ئاسن و نائاسن بەتایبەت زێڕ و بەردی جوانکاری، بەستێن و سرووشتی جوان و سەرنجڕاکێشی کەلتووری، مێژوویی، گەشتیاری، دەفرایەتی دانانی وزەخانەی بچووکی ئاوی بە هۆی سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی و تۆپۆگرافیی گونجاو، هێزی مرۆیی گەنج، کارامە، دەروەست و هۆگر بە تەکنەلۆژیای نوێ، هەلومەرجی گونجاو بۆ دامەزراندنی ناوچەی ئازادی بازرگانی، نەبوونی سیاسەتی کۆنترۆڵ، پاشەکەوت و گواستنەوەی ئاو، و ... کە دەفرایەتی گەشە و ئاوەدانییان لە بوارگەلی جۆراوجۆری وەکوو کشتوکاڵ، پیشەسازی و خزمەتگوزاری هەیە. گەشەی پرۆسەی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێ بەستێن و هەلومەرجی پێویستی بۆ ئامادە بکرێ کە یەکێ لەم بەستێنانە دروستکردنی هێمنایەتی و ئاسایش بۆ سەرمایەگوزاران و دابینکردنی ئیمکانیاتی پێویست بۆ سەرمایەگوزاری و هاندانی سەرمایەگوزاران بۆ سەرمایەگوزارییە. لەم پێناوەدا، دەوڵەت لە دەستپێکردن و درێژەدان بە گەشە دەوری سەرەکی دەبینێ، بەتایبەت لە چالاککردنی سەرمایەگوزارییە داهێنەرەکان و بەتایبەت ئەو سەرمایەگوزارییانەی کە لە ئیمکانیاتی ژێرخانیدا دەبێ بێچم بگرێت. بە درێژەدان بەم ڕەوتە و بە بێ چالاککردنی دەوڵەت و جێبەجێکردنی گەڵاڵەی مەزن، دواکەوتووی ناوچە جیاجیاکانی وڵات هەتا سەد ساڵی دیکە نە تەنیا قەرەبوو نابێتەوە، بەڵکوو مەودای ناوچە بێبەشەکان لەگەڵ ناوچە گەشەسەندووەکانی وڵات زیاتر دەبێت.

میلیتاریزمی سیاسی کە لە باسە گرنگەکانی کۆمەڵناسیی سیاسییە و دەستێوەردانی میلیشیاکان وەک یەکێک لە گرووپە کۆمەڵایەتییە ڕێکخراوەکان لە سیاسەتدا تاوتوێ دەکا، لە ئێراندا بەڵگەی مێژوویی و ئەوڕۆیی زۆرمان هەیە. میلیتاریزمی سیاسی لە ئێراندا ڕەگی لە سەردەمی پەهلەویی یەکەم و دووهەمدایە و پاش کۆماری ئیسلامیشدا درێژەی کێشاوە. تایبەتمەندیی سەرەکیی پەهلەویی یەکەم هەستی قووڵی میلیتاریستی ڕەزاشا بوو. ناوبراو لە درێژەی ماوەی بیست ساڵەی وەزارەت، سەرۆک وەزیری و دەسەڵاتەکەی پێداگرییەکی زۆری لە سەر بەهێزکردنی سوپا و بانگەشەی ئەندێشەی میلیتاریستی دەکرد. محەمەدڕەزاشاش لە 28ـی مانگی گەلاوێژی ساڵی 1332ـی هەتاوی، بە ڕووخاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی موسەدق، بۆ پاراستنی

حکوومەتەکەی پشتی بە میلیشیاکان بەست. لە قۆناغی پاش شۆڕش، زۆرێک لە میلیشیاکان وەکوو مەحموود ئەحمەدی نژاد، محەمەدباقر قالیباف، عەلی لاریجانی، موحسین ڕەزایی و ... پلەی گرنگیی سیاسییان لە وڵاتدا وەدەست هێنا.

| *مێهری پاکزاد، ئەندامی لێژنەی زانستی زانکۆی ئازاد خەڵکی مەهاباد (ئازەربایجان ڕۆژاوا)* |
|---|
| *خوێندکاری دکتۆرام هەیە بە هۆی ئەوەی لە ئۆڕگانێکەوە هاتووە خۆی دانی پێدادەنێ کە هیچ نازانێ و منیش ناچارم نمرەی پێ بدەم.* |

ئەو بەڵگانەی کە لە سەر بنەمای سوودمەندبوونی میلیشیاکان لە ڕانتە جۆراوجۆرەکانن گوزارشت لەوە دەکەن کە میلیتاریزم دزەی کردووەتە ناو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و لە ناو جڤاکە توێژینەوە لە سەر کراوەکان، زۆری و فرەوانییەکی زیاتری هەیە کە زۆر جار بیانووگەلی وەکوو کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی، دیسیپلینی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ...ـی دەسەڵات لە لایەک پەرەی بە ڕوانگەی ئەمنێتی لە کۆمەڵگادا داوە و لە لایەکی تریشەوە پەرەسەندنی هەموو جۆرەکانی گەندەڵی ئیداریی و ئابووری لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای لێ کەوتۆتەوە. هەندێ لە بەڵگەکانی ئەم توێژینەوە هۆکارەکانی گەشەنەسەندن بەم بابەتە گرێ دەدەن و تەنانەت ناکارامەیی دەوڵەتەکان بە دەرەنجامی ئەم ڕەوتە دەزانن کە لە سیاسەتی سەردەمە جیاوازەکاندا ڕەگی داکوتاوە. بەشێک لە داتای بەشداربووانی ئەم توێژینەوە ئاماژە بە پاوانەی کەلتووری دەکا کە لە ئێراندا لە ژێر دەسەڵاتی ئێتنیکی فارسە. باسی یەکدەستکردنی کەلتووری[1] لە ئێراندا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و لە کۆنەوە ئیرادەیەک لە پێناو نەهێشتنی شوناسە کەلتوورییە زۆرەکاندا هەیە بۆتە و لە سەردەمی مۆدێرن و بە ئامرازی نوێی ڕاگەیاندن و ئیداری، تۆختر بووە و دیکەی شوناسە گشتییەکانی کردووە بە ئامانج، ئەگەرچی لە هەندێ پارێزگای وەکوو ئازەربایجانی ڕۆژاوا ئەم بابەتە لە لایەن ئازەری / تورکەکانیش ئەنجام دەدرێ و هەندێ لە بەشداربووانی لێکۆڵینەوە دێری کلۆنیالی ناو کۆلۆنیاڵ بۆ ئەم بابەتە بە کار دەبەن. بەهەر حاڵ، ئەم بزاڤە ڕەوتێکە بۆ لێکچوواندنی فرەڕەنگییە کەلتوورییەکانی ئێران و لە کۆتاییەکانی کۆتایی حکوومەتەکانی قاجار و پەهلەوی، بەتایبەت سەردەمی ڕەزاشا، سەپاندنی ئەم سیاسەتانە گەیشتنە ئەوپەڕی خۆی و هەتا ئێستاش بەردەوامە. لەم نێوەندەدا، گۆڤارەکانی "ایرانشهر"، "فرنگستان"، و "آینده" بە شێوەی فەرمی باگەشەیان بۆ ئەم سیاسەتە دەکرد.[2]

| *ئەسعەد ئەردەڵان، توێژەر، مامۆستای زانکۆ و یاساناسی نێودەوڵەتی خەڵکی سنە* |
|---|
| *سیاسەتی ڕەزاشایی لەساڵی 1304 و 1316 بووە هۆی ئەوەی لە قوتابخانەکانی کوردستان تابلۆی "بە فارسی قسە بکەن" هەڵبواسرێت.* |

ئیرانشەهر لە وتارێکدا سەبارەت بە ئایین و نەتەوایەتی وتوویەتی: "پرسی ئێتنیکایەتی وەها جیدییە کە هەر کات ئێرانییەک کە سەردانی دەرەوەی وڵات بکا لە نەتەوەی بپرسن، لە باتی ناوی شانازییەخشی وڵاتەکەی

[1] - Assimilation

[2] - www.fa.wikipedia.org

ناوی زێدەکەی دێنێت. ئێمە دەبێ تاقمی خۆجێیی، زاراوەی خۆجێیی، جلوبەرگی خۆجێیی، داب و نەریتی خۆجێیی و هەستیارییە خۆجێییەکان لە ناو ببەین ...".
لەساڵی 1307ـی هەتاوی، پارلەمان جلوبەرگی کۆنی ئێتنیکە ئێرانییەکانی بە نایاسایی ڕاگەیاند و هەموو پیاوانیشی بەدەر لە زانایانی ئایینیی ناونووسکراو، ناچار بە لە بەرکردنی جلوبەرگی ڕۆژاوایی و لە سەرکردنی «کڵاوی پەهلەوی» کرد. پاش هەشت ساڵ، کڵاوی شاپۆی ئوروو‌پایی بووە بەدیلی ئەم کڵاوە. ڕەزاشا ئەم کڵاوەی نە تەنیا بۆ سڕینەوەی شوناسە ئێتنیکییەکان دەستنیشان کرد بەڵکوو بۆ دەستێوەردان لە ڕێوڕەسمی نوێژ لە ئیسلام، کە پێویستی بە سوواندنی نێوچاوان لە سەر عەرزە. بەدەر لەمە، ناوبراو ناوی زۆرێک لە شارەکانیشی گۆڕی.
لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی 1357ـی هەتاوی، بە پێچەوانەی بنەماکانی یاسای بنەڕەتی کە ڕێز لە مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بۆ هەموو گرووپە جیاوازە ئێتننیکییەکان دەگرێ، لە کردەوە و بە ئەنجامدانی ڕفتارە سەلیقەییەکانی بەرپرسانی پەیوەندیداری بابەتەکە، ئەم مافە بەو شێوەی کە شیاو و پەسندکراوی گرووپە ئێتنیکییەکان بێ نەچووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

| *حەمید حمادی، مامۆستای زانکۆ خەڵکی خووزستان* |
|---|
| *منداڵەکەمان لە ماڵەوە بە عەرەبی ئاخافتن دەکا، بەڵام دەچێتە قووتابخانە لەگەڵی بە فارسی قسە دەکەن و ئەمە غەدرە. ئەگەر بەهرەی کە دەبێ بڵێم لە سەدا سەدە، 50 لە سەدی بە کار بهێنرێ، ئەمە دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئاستی زانستی قوتابییەکە. وەک دەبینین ڕۆڵەکانمان سەرەڕای ئەوەی بە زمانی دایکی ناخوێنن، دەدرەوشێنەوە و سەر دەکەون؛ واتە ئەگەر بە زمانی خۆیان بخوێنن پێموا نییە لەم ئاستەی ئێستادا بین و سەرکەوتووتر دەبین.* |

لە لایەکی تریشەوە بە لێکدانەوەی پێکهاتەی سیاسی و یاساکانی وڵات، لە یەکەم نیگادا ئەم وێنایە لە زەینی گشتیدا بێچم دەگرێ کە حکوومەت پێکهاتەیەکی یاسایی ورد و حاشاهەڵنەگری هەیە کە هیچ کەس توانا و بواری سەرپێچی لێ کردنی نییە. بەڵام ڕووداوە جۆراوجۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەندێ جار ئەم گومانە لە دڵی هاووڵاتیاندا دروست دەکا کە پێکهاتەی سیاسی لەوەی کە هەیە و ئەوەی کە دەبێ ببێ زۆر دوورە. بوونی گەندەڵی و یاساپەڕێنییە جۆراوجۆرەکان لە لایەن بەرپرسانی پلە باڵا و چاوپۆشی لێکردنیان لە لایەن ناوەندی یاسایی ئەم گومانانە زیاتر بەهێز دەکات. هەروەها داپەڕی نایاسایی و سنووردارکردنی یاسایی لە دژی تاکەکان و هەندێ ڕەوت، بە بێ هیچ پرۆسەیەکی دادگایی، پیشاندەری نایەکسانیی پێکهاتەی سیاسی لەگەڵ داپەڕەکانی ناو ڕژیمە.

| *مەرزییە موحیبی، پارێزەری دادگا خەڵکی مەشهەد* |
|---|
| *بە گشتی پێکهاتەی سیاسی لە سەر بنەمای ویلایەتی فەقێیە، ئابووری لە سەر بنەمای نەوت. لە لایەکی تریشەوە، سیاسەتی کۆنی کۆنەپەرستی کە ئامادە نییە خۆی پەیوەست بکا، ئامانجەکانی گەشە هیچکات بەدی نایە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە بەراورد لەگەڵ پێوەرەکان خراپتر بووە.* |

ئەنجامی ئەم ناسەربەخۆیی ناوەندییە ئەوە دەبێ کە هەندێ جار بڕیار و داپەڕەکان لە ناو ڕژیمدا ئەنجام دەدرێ کە نە تەنیا کەس بەرپرستایەتییەکەی لە ئەستۆ ناگرێ، بەڵکوو تەنانەت هەندێ جار پەیوەستی دەکەنەوە بە فاکتەرە دەرەکییەکان. بۆ وێنە، ئەو تیرۆرانەی کە لە قۆناغە جیاجیاکانی وەکوو کوشتارە زنجیرەییەکان ڕووی دا یان ئەو هێرشانەی کە کرایە سەر بەشی نووستنگەی کوڕانی خوێندکاری زانکۆ تاران لە ساڵانی 1378 و 1388ـی هەتاوی (ناسراو بە هێرش کردنە سەر کوی دانشگاهـ) دەخەنە پاڵ هەندێ هێزی ناوخۆیی و ... و هەندێکیش بۆ بێتاوانکردنی دەوڵەت و بەرپرسان، بۆ ئەم بابەتە دەستی وڵاتانی ملهوڕ توخ و پڕڕەنگ پیشان دەدەن. ئەم چەشنە ناشەفافێتییە و ئاڵۆزێتیی داپەڕە سیاسییەکان لە ئێران لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئیسلامیدا لە ڕێگەی خەڵکەوە داوای کرا مەودایەکی زۆری هەیە.

بە گشتی، دەتوانین بڵێین جۆرێک نایەکسانی و ترازانی دیسیپلینی کاروبارەکان لە ڕێچکەی ئاسایی خۆیان لە پێکهاتەی سیاسیی وڵاتدا بوونی هەیە کە بەشێک لەم نایەکسانییە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی دەوڵەت کە لە نێوان بەشە جیاوازەکان و وەزارەتخانە جۆراوجۆرەکانی، ئەم چەشنە ناهاوئاهەنگی و نایەکسانییە بوونی هەیە و بەشێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی کەلانی حکوومەتی کە لە حاڵەتە پەیتا پەیتاکاندا، هەندێ ناوەندی تایبەت بە تەواوەتی جیاواز لەگەڵ دەوڵەت کار دەکەن.

**سڕینەوەی کەلتوورەکان**


بوونی فرەڕەنگیی ئێتنیکی و کەلتووری لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتداریی حکوومەتێک لە قۆناغە جیاجیا مێژووییەکاندا لە لایەن حکوومەتەکانەوە وەک ئێلێمانی حەڕەشەئامێز یان دەرفەتخولقێن سەیر کراوە و لە سەر بنەمای ئەم ڕوانگە، هەندێ سیاسەت بۆ بەڕێوە بردنی ستراتیژی فرەڕەنگیی ئێتنیکی – کەلتووری لە ئاراستەی بەرژەوەندیی حکوومەتەکان گیراوەتە بەر. بەم پێیە، پرسی فرەڕەنگیی ئێتنیکی و کەلتووری بە تەنیا لە ڕوانگەی حکوومەت و بەرژەوەندی و ئاسایشیانە کە بۆتە پرسێکی گرنگ.

| |
|---|
| *ئەسغەر ئیزەدی جەیران، کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆی تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات)* |
| *تورکی قسە کردن لە بەرنامەکانی ناوەندی دەنگ و ڕەنگ پێکەنینییە و پیشاندانی تورکەکان لە زنجیرە دراماکاندا تێکەڵ بە سووکایەتییە.* |


لە ئێران، شایەدی جۆرێک دژایەتی، سڕینەوە و گاڵتە کردن بە هێما کەلتوورییەکانی ئێتنیکەکان لە سەر ئاستی گشتی یان لە کاتی پەیوەندییە تایبەتەکاندایین. جۆرێک لەم سڕینەوانە دەتوانین لە بەرنامەکانی ناوەندی دەنگ و ڕەنگ بەدی بکەین کە هەندێ جار لە بڵاوکردنەوەی بەنامە و زنجیرە دراماکاندا، زەمینە خۆشکەری ناڕەزایەتیی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکانی وەکوو تورک، لوڕ، بەلووچ، کورد و ... ـە و جۆرێکی دیکەی سڕینەوەکان لە کاتی بەڕێوە چوونی ئاهەنگ و بۆنە ئێتنیکی و ئایینزاییەکاندا ڕوو دەدا کە ڕێگەی بەڕێوە بردنی ئەم ڕێوڕەسم و بۆنانە بە شێوەی گرووپی نادرێت. ئەندامانی ئەم گرووپە ئێتنیکییانە لەو باوەڕەدان کە ڕەوتێک هەیە کە تێدەکۆشێ هێما کەلتووری – ئێتنیکییەکان لە بەر چاوی گەنجان بخا و لە بەرامبەردا جۆرێک کەلتوری تایبەت لە زەینی گەنجاندا دروست بکا بۆ ئەوەی هەموان هاوشێوە بکا و بەڕێوە بردنیان ئاسانتر ببێت.

| |
|---|
| *عەبدولڕەشید تریز. مەولەوی ئایینی، توێژەری مێژوو و چالاکی سیاسی - کۆمەڵایەتی خەڵکی سیستان و بەلووچستان* |
| *لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگی ئەم پارێزگایە کە 70 – 80 لە سەدی بەلووچن، کەمترین بەرنامە تەرخانی زمانی بەلووچی کراوە و سەرمایەگوزاری لە سەر فۆلکلۆر و کەلتووری گشتیی بەلووچستان ناکرێ و بوار بە چالاکڤانان نادەن.* |

چارتی ژمارە 16 و چارتی ژمارە 17 ڕوانگەی بەرامبەر بە ڕێژەی سنووردارێتی لە ڕێوڕەسمە ئێتنیکی و ئایینییەکان پیشان دەدات.




چارتی ژمارە 16: سنووردارێتی لە ڕێوڕەسم - بلیمەتەکان




چارتی ژمارە 17: سنووردارێتی لە ڕێوڕەسم – خەڵکی ئاسایی


زۆرێک لە بیرمەندان و خاوەن تیۆرییەکانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەو باوەڕەدان کە هەلومەرجی ئێستای وڵات بارودۆخێکی ئانۆمیکە و باس لە سستبوونی دیسیپلینی کۆمەڵایەتی و لێکپسانی یەکدەستیی کۆمەڵایەتی دەکەن (ابادری، 1393). بە شێوەی جیدی، یەکەمین جار عەباس عەبدی (1385) لە دەیەی 80ـی هەتاوی لە سەر بابەتی دارمانی کۆمەڵایەتی ئیشی کرد. مەحموود ئەحمەدی نژاد[1] و هاوبیرەکانی یەکێکی تر لەو کەسانە بوون کە لەم ماوەی کۆتاییدا، بابەتی دارمانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ئێرانیان هێنایە بەر باس. بە پێی بیر و بۆچوونی ئەم کەسانە، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کەلتووری، ژینگەیی و ... دارمان ڕووی داوە. چالاکڤانانی بوارە جیا جیاکانی هەلومەرجی ئێستای وڵات بە نالەبار دەزانن کە دەتوانێ بۆ داهاتووی وڵات هەندێ مەترسی لێ بکەوێتەوە. ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەش بوونی ئەم قەیرانانە پشتڕاست دەکەنەوە.

| *مەهدی فەیزی، مامۆستای ئابووریی زانکۆی فێردەوسی مەشهەد (خوراسانی ڕەزەوی)* |
| --- |
| *کۆمەڵێ قەیران و چالنج و لە ڕاستیدا سەرووچالنجمان لە وڵاتدا هەیە کە هاوشێوەی بۆمبی کاتژمێری ئامادەی تەقینەوەن. لە پرسی بانک و سندووقی خانەنشینی، قەیرانی ئاو، بێکاری و تەڵاقەوە بگرە هەتا کێشەکانی دیکە. هەر کام لەمانە مەترسیدارن و کاتێک بچنە پاڵ یەکتر، مەترسیدارتر دەبن؛ تەقینەوەی یەکیان ئەوانی دیکەش دەتەقێنێتەوە، ترسناکە.* |


وێنای ئەوە هەیە کە فاکتەری ئەم ناکارامەییە دەوڵەتە و پەنجەی تۆمەت بەرەو لای ئەوە. بە گشتی دەتوانین بڵێین دەوڵەتی ناوەندی لە سەردەمی پەهلەوییەوە هەتا ئێستا کەمترین داپەڕی کردەیی بۆ ڕاکێشانی متمانەی گشتیی ئێتنیکەکان ئەنجام داوە و ستراتیژی دەوڵەتەکان لە هەمبەر ئێتنیکەکان بریتی بووە لە بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکانیان لە سۆنگەی ئابووری یان بە کارهێنانی هێزی زەبر و توندوتیژی. ئەگەر لە هەندێ حاڵەتدا شاندی بۆ ناوچەگەلی وەکوو کوردستان ناردبێ یان لە ساڵانی پاش شۆڕش، دانووستان لەگەڵ حیزبی دیموکڕات و یان دانووستان لەگەڵ گەورەکانی ئەهلی سوننە لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ناوەندیی سوننەت (شمس) ئەنجام درابێ، بە هۆی ورەی ناوەندتەوەر، دەسەڵاتدارانە و ناپلۆرالیستی تووشی شکست هاتووە و لە زۆربەی ئەم حاڵەتانەدا، دانوستانکارانی گرووپە ئێتنیکی و ئاینییەکان خراونەتە بەندیخانە یان دوور کراونەتەوە. لە ڕاستیدا، دەوڵەتە ناوەندییەکان لە درێژەی ئەم سەردەمەدا، بە پێچەوانەی هەموو ئەو بەڵێنانەی کە داویانە، هێشتا لە سەر پاراستنی ئایدۆلۆژیاکانی خۆیان سوورن و داپەڕێکی کردەیی بۆ گەیشتن بەم یەکێتییە ئەنجام نادەن کە بتوانن لەم ڕێگەوە، بتوانن متمانەی ئێتنیکییە جۆراوجۆر بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن. چارتی ژمارەی 18 و چارتی ژمارە 19 ڕوانگەی بلیمەتەکان و کەسانی ئاسایی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی وڵات پیشان دەدات.

---

[1]- ڕۆژنامەی رسالت، ژمارە 9187 – ڕێکەوت 97/1/19




چارتی ژمارە 18: بارودۆخی سیاسیی وڵات – بلیمەتەکان




چارتی ژمارە 19: بارودۆخی سیاسیی وڵات – کەسانی ئاسایی

یەکێکی تر لە هێماکانی دارمانی کۆمەڵایەتی لێکپسانی یەکێتی نەتەوەیی – وڵاتییە. لە وڵاتی ئێران، هەمیشە حەشیمەتە جۆراوجۆرەکان لە پاڵ یەکتر ژیاون و ڕکابەری و خەباتێکی زۆر لە نێوان هێما جۆراوجۆرەکانی شوناسە گشتییە ئێرانییەکاندا بووونی هەبووە. لە هەر سەردەمێکدا، گرووپێکی تایبەت دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و گەیشتنە دەسەڵاتی گرووپێک هەرگیز بە مانای سڕینەی دیتران نەبووە و بابەتی سەرەکیی لەم ڕکابەری و خەباتانەدا لە سەر ئێرانییەتی یان نائێرانییەتی نەبووە. بابەتێکی مێژوویی شک نابەین کە تێیدا، هۆگرییەک یان حکوومەت بە دەستخستنی دەسەڵات هەوڵ بدا گرووپەکانی دیکە بە تەواوەتی بسڕێتەوە و بوونیان وەک ئێرانییەک بباتە ژێر پرسیار، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ لە درێژەی ئەم قۆناغە مێژووییەدا، هەڵاوردنی ئێتنیکی لە ڕەهەندە ئابووری، کەلتووری، کۆمەڵایەتی، ... بوونی هەبووە کە بۆ لێکپسانی یەکێتی نەتەوەیی – وڵاتی وەک حەڕەشەیەک دێتە هەژمار.

| ئەحمەد، فەرشفرۆش خەڵکی ورمێ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا) |
| --- |
| *سەرەڕای هەموو ئەم هەڵواردنە، لە کورتماوەدا خەڵک وەڕەزتر دەبن و لە درێژماوەدا دەبێتە هۆی دارمانی و دابەشبوون.* |

بە گشتی، دەتوانین بڵێین بە پێی بەڵگە جۆراوجۆرەکان، پرسە ئێتنیکییەکان لە ئاڵۆزترین و لە هەمان کاتدا وەک پرکاریگەرترین پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە دنیای هاوچەرخدا دێنە هەژمار. بە ئاوڕدانەوە لە هەندێ هێما و بەڵگە، توندتربوونی شوناسەکان و پەیجۆرییە ئێتنیکییەکان یەکێک لە بەرچاوەکیترین هێماکانی داینامیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێ و فاکتەرەکانی ئەم پرسە بریتین لە: خەستبوون پسانی نێوان شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکی، بەرزبوونەوەی ئاستی داخوازییە کۆمەڵایەتی / پێگەییەکان، ئابووری، سیاسی و کەلتووری، گەشەی ڕوو لە هەڵکشانی ڕێکخراو و ناوەندەکان، ئەنجومەن و ناوەندە ئێتنیکییەکان، دروستبوونی هەستی ئێتنیکخوازیی ڕادیکاڵانە لە ناو هەندێ لە بلیمەت، ڕووناکبیران و حیزبە سیاسییەکان، هەڵکشانی ئاستی نامۆیی سیاسی و دروستکردنی مەودا لە نێوان ئێتنیک و ڕژیمە سیاسییەکان، دەرکەوتن و سەرهەڵدانی داخوازیی ئێتنیکی لە دەرفەتی ئازادییە سیاسییەکانی وەکوو هەڵبژاردنی نیشتمانی و خۆجێیی (کریمی مله، 1388، ل 23).

یەکێکی تر لەو بابەتە گرنگانەی کە لە دیمانە لەگەڵ گرووپە جیاوازە ئێتنیکییەکان لە بواری پاوانەی کەلتووری قسەی لە سەر کرا، ناونانی شارەکان، ڕێگاکان، گەڕەکەکان و شوێنی ژیانی ئەم گرووپانە بوو. ئەوان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ناوەندە حکوومەتییەکان تێدەکۆشن ناوە خۆجێییەکان بگۆڕن و ناوی فارسی لێ بنێن.

| سەردار فتووحی، ڕاوێژکاری لێکۆڵینەوەی دەوڵەتی و تایبەتی خەڵکی سەقز (کوردستان) |
| --- |
| *ئەم مەیدانە مەیدانی هەڵۆیە. بەڵام ئێستا بە ناوی (جمهوری اسلامی) دەناسرێت. زمان یان کەلتوور لێرەدا خۆڕاگری دەکا، هەر ئەو مەیدانە پێی دەڵێن هەڵۆ. زمان لە دەسەڵات ڕا دەکات.* |

لەم بوارەدا، ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی دیمانە بوونی خۆڕاگریی گرووپە ئێتنیکییەکان پیشان دەدا کە بە پێچەوانەی ناولێنانە فەرمییەکان، لە ئەدەبیاتی زارەکیدا هەر ناوە خۆجێیی و خۆماڵییەکان بە کار دەبرێت. ئەم بابەتە خاڵێکی گرنگ لە خۆ دەگرێ و ئەویش ئەوەیە کە سیاسەتە زمانییەکان تەنیا لە حاڵەتێکدا کارامەییان هەیە کە لەگەڵ بیری گشتیی کۆمەڵگا هاوئاهەنگ بن. بە دەگمەن دەتوانین زمان یان زاراوەی دژی خواستی خەڵک بە سەریاندا بسەپێنرێت.

ئێتنیککوژی یەکێک لە دەرهاویشتەکانی لاوازیی کەلتووروەرگری و ئاراستەی پاوانەکردنی کەلتوورییە کە بە هۆی ئەو، لەگەڵ تێپەڕینی کات، شوناس و ئێتنیکایەتی گرووپی کۆمەڵایەتی لە ناو دەچێ و کۆمەڵێ لە هێما ڕەواڵەتییە کەلتوورییەکان جێی دەگرێتەوە. وشەی ئێتنیککوژی لە لایەن خەڵکناسێک بە ناوی ڕۆبێر ژوولێن لە ساڵانی دەیەی 1970 جێ کەوت و بە کۆمەڵێ لەو شێوازانە وترا کە ئامانجەکەیان لە ناوبردنی کەلتووری ئێتنیکێک و جێگیرکردنی کەلتوورەکانی دیکەیە (بروتون، 1396، ل 189). چەمکی ئێتنیککوژی نابێ لەگەڵ ژینۆساید لێمان بشێوێ؛ ئێتنیککوژی بە واتای لە ناوبردنی کەلتوور و شوناسی

ئێتنیکێکە، لە حاڵێکدا ژینۆساید بە واتای لە ناوبردنی ئەندامانی کۆمەڵگا و فەوتاندنی نەوەی ئێتنیکێک (لە ڕێگەی کۆمەڵکوژی، بڵاوکردنەوەی پەتا و پەرەسەندنی بێسنووری کحۆل و مادەی هۆشبەر کە نموونەکانی زۆرن) (روح الامینی، 1368، ل 115). لە ڕەوتی ئێتنیککوژیدا ئەو کەلتوور و فەرهەنگەی کە دەبێتە بەدیل زیاتر کەلتووری داگیرکەران یان کەلتووری بەهێزتری نەتەوەییە. بەم شێوە، بە تەواوبوونی پرۆسەی کەلتوورسڕینەوە لە ئێتنیکێک، لە کۆتاییدا ئەو ئێتنیکە وەک گرووپێکی جیا لە دیکەی ئێتنیکەکان لە ناو دەچێ، چوونکە ناچارە لە کۆمەڵگایەکی گەورەتردا تێکەڵ ببێت.

**تێپەڕین لە قەیران**

لە بەشی ڕابردوودا، باس لەو بابەتانە کرا کە بوونی قەیرانە سیاسی – کۆمەڵایەتییەکانی لە وڵاتدا پیشان دەدا. لەم بەشەدا و بە پێی ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوە، بە مەبەستی تێپەڕین لەم قەیرانانە ئاماژە بە ڕێکارە مەبەستەکان دەکەین. گرنگترین بابەت لەم بوارەدا پارمەتیدانی پاراستنی شوناسە جۆاکییەکان لە چوارچێوەی ڕوانگەی فرەخوازیی کەلتوورییە[1]. ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوە پیشان دەدا کە زۆرێک لە داخوازییەکانی گرووپە ئێتنیکی و ئایینزاییەکان لەم چوارچێوە یاساییەدایە و بە پێی ئەو ئەنجامانەی وا وەدەست هاتوون ژمارەیەک لە خەڵکانی ئەم گرووپانە جێبەجێبوونی مادە یاساییەکان بە ئەو پەڕی داخوازیی خۆیان دەزانن. کەواتە وا شیاوە کە بۆ تێپەڕین لەم قەیرانانەی کە لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەی پێ کرا، دەبێ ئەم دەفرایەتییە دیموکڕاتیکییانە بە شێوەی پێویست کەڵکیان لێ وەربگیرێت.
بابەتی هاووڵاتی و باوەڕ و ڕێز لێگرتنی لەو نموونانەی دیکەیە کە دەتوانێ لە ئاراستەی تێپەڕین لە قەیرانە سیاسی – کۆمەڵایەتییەکاندا یارمەتییەخش بێت.
باسێکی گرنگی دیکە لەم بوارەدا پاراستنی میانەڕەوی و خۆبواردن لە هەر چەشنە توندڕەوی لە پەیوەندیی گرووپە ئێتنیکییەکانە. بە بۆچوونی بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوە، ڕەچاوکردنی ئەم بابەتانە لە بری ئەوەی ئاقاری وڵات بەرەو داڕمان ببا، بەرەو ئاشتیی نەتەوەیی و ئاشتیی بەردەوام هانی دەدات. هەر کام لەم بابەتانەی باس کران لە درێژەدا بە وردەکارییەوە قسەیان لە سەر دەکرێت.
بابەتی "یەکێتیی نەتەوەیی" لە دوو ڕووەوە شیاوی لێکدانەوەیە: لە ڕوویەکەوە، یەکێتیی نەتەوەیی لە سەر بنەمای ڕوانگە ناسیۆنالیستی و نەتەوەخوازییە ڕادیکاڵەکانە کە کۆمەڵگایەک نەتەوەی خۆی بە خەرمانەیەک لە پیرۆزی و پەرستن تێکەڵ دەکا و دیکەی نەتەوە و گەلانی دیکە نە بە هاوئاست و هاوشانی خۆی بەڵکوو بە پلەیەک لە خۆی خوارتر و بێبایەختر دەزانێت. لەم ڕووەوە، یەکێتیی نەتەوەیی پێویستی بە خۆ هەڵکێشان و سەرتریخوازی نەک لە سەر بنەمای بەها ڕەسەن و هاوبەشەکان بەڵکوو لە سەر بنەمای دەمارگرژیی ئێتنیکی و نەتەوەییە و ئەنجامەکەی دەبێتە بە ڕەوادارزانینی هەژموونی و باڵادەستیی ئەوان بە سەر نەتەوەکانی دیکە و بە ئامرازبینینی ئەوانە.
لایەنگرانی ئەم ڕوانگە پێیان وایە بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی گرێدراوە بە لاوازی و لە ناوچوونی شوناسی ئێتنیکییانە و ئەگەر شوناسی گشتی بەهێز بێ، ئەوە لاوازیی شوناس و یەکپارچەیی نەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە. لە ڕوانگەیەکی تریشەوە، یەکێتیی نەتەوەیی بە واتای خۆباوەڕی و پشتبەستن بە سەرمایە و تواناکانی نەتەوە و کەمکردنەوەی مەوداکان و ئەو کەلێنانەی کە بە هۆی جیاوازیی ئایینی، ئێتنیکی، وڵاتی و

---

[1] - Multiculturalism

زمانییانە بۆ ئەوەی هاوپەیوەندیی و هاودڵی و هاوکاریی چینەکان و تاکەکانی نەتەوە لە پێناو گەشە و پێشکەوتن بەهێز ببێت. لەم ڕوانگەدا ئینتمای ئێتنیکی و نەتەوەیی هەرگیز بەهای جەوهەری و ڕەهای نابێ و وابەستە بوون بە نەتەوە و وڵاتێک هیچکات هەستی نەرێنی یان سەرتریخوازی بەرامبەر بە دیتران نابزوێنێت. خواستی زۆرینەی شوناسە گشتییە ئێرانییەکان ڕوانگەی دووهەمە. لە ڕاستیدا لەم ڕوانگەدا دەوترێ کە بە پێچەوانەی سەرنجی زۆرتر بە شوناسە خۆجێیی و ناوچەییەکان لە جیهانی نوێدا، ئەم بابەتە دژی شوناسی کەلان و نەتەوەیی نییە.



*موحسین گوودەرزی، کۆمەڵناس، توێژەر و مامۆستای زانکۆ خەڵکی تاران*

*شوناسە مەزنە سیاسییەکان وەکوو باڵباڵێنە سەرەکییەکان کە تا ڕادەیەک نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی بەش و گرووپە گەورەکانی کۆمەڵگایان دەکرد نین و لە بری ئەوە شوناسی ورد و بچووکتری ئێتنیکی، ناوچەیی، خزمایەتی و دۆستایەتی گەشەیان کردووە.*

ئامۆژەکانی ئەم چەشنە گهۆڕینانە لە سەر ئەم حەقیقەتەن کە کۆمەڵگای ئێران پێویستی بە گۆڕانی پاڕادایمی بنەڕەتی لە ژێرخانە هزرییەکانی خۆیەتی بۆ ئەوەی لە سەر بنەمای مافە حاشاهەڵنەگرەکانی هاووڵاتییان لە گشتیخوازییەوە تێپەڕن بۆ تاکخوازیی ئەرێنی. ناوەندە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئێران دەبێ ئەوەندە وشیار بن کە بتوانن سیاسەتی بە پێی گشتیخوازی و تاکخوازیی ئەرێنی لێک بناسنەوە. ئەوان دەبێ بتوانن سیاسەتە پشتیوانییەکانی دەوڵەت کە لە کورتماوەدا بەرژەوەندییەکانیان دەستەبەر دەکا ڕەت بکەنەوە و خۆویستانە لە وەرگرتنی خۆ ببوێرن. ئەوان دەبێ باش بزانن کە ئەنجامی سیاسەتە پشتیوانییەکان دەبێتە وابەستەبوونی ناوەندە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بە دەوڵەت کە هێزی جووڵە و چالاکییانی لێ زەوت دەکات. بەڵام سیاسەتە نەتەوەییەکان کە لە ناو دڵی وتووێژە سیستماتیکە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست بووە دەبنە دەستەبەریی مافەکانی هاووڵاتی، پێشخەر و دەبنە هۆی گەشە و پێشکەوتنی نەتەوەیی.

یەکەم هەنگاو بۆ گەیشتن بە بارودۆخی دڵخوازی ئاشتیی بەردەوام لە ڕێگەی دیالۆگی میکانیزمانە، پێداچوونەوە بە باوەڕی ئێرانییەکان چ لە سەر ئاستی دەسەڵات و چ لە سەر ئاستی نەتەوەییە و بۆ هێنانە دی وەها بابەتێک، پێویستە پێداچوونەوە بە تەوەرەکانی ژێرەوە بکرێت:

1. خۆبوواردن لە گاڵتە کردنی ئێتنیکی لە سەر هەموو ئاستە کۆمەڵایەتییەکان، لە قسە و باسی ڕۆژانە هەتا دەگاتە بەرنامەکانی ناوەندی دەنگ و ڕەنگ و ئەدەبیاتی سیاسەتمەداران و کەسایەتییەکان زۆر گرنگە؛


2. خۆ بوواردن لە خۆبەسەرترزانینی ئێتنیکی لە پێناو گەیشتن بە گفتوگۆ و سازدانی ئاشتیی بەردەوام؛ لە ڕاستیدا خۆ بە سەرترزانین لە ناو ئێتنیکە ئێرانییەکاندا، کە بە تۆخی و کاڵی لە ناو هەموو ئێتنیکەکاندا بەدی دەکرێ (لە ناو ئێتنیکەکانی وەکوو کورد و تورک زیاتر و لەوانی دیکە کەمتر)، بۆ وەدیهاتنی ئاشتیی بەردەوام و ئاشتیی نەتەوەیی کۆسپێکی جیدییە؛
3. ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکان و ددان نان بە یەکسانیی مافە کۆمەڵایەتییەکان بۆ شوێنکەوتووانی هەموو ئایینەکانی دانیشتووی ئێران گرنگە؛
4. خۆبوواردن لە هەڵاواردنی ڕفتاری لەگەڵ ئێتنیکەکانی دیکە زۆر گرنگە. ئەم ئەزموونە ناخۆشە زۆربەی ئێتنیکەکان بە ئەزموونیان کردووە و تایبەت بە شوناسێکی گشتیی تایبەت نییە. ئێتنیکەکان باس لە ڕفتاری نەشیاوی فارسەکان لە ناوەند لەگەڵ گرووپە ئێتنیکییەکان دەکەن، لە بەرامبەردا تارانییەکانیش باس لە ئەزموونی خۆیان لە هەڵاواردنی ڕفتاری لە کڕین و فرۆشتن و دیکەی کاروبارەکانی ژیان لە ناو ئێتنیکەکاندا دەکەن.
5. گۆڕینی شێوازی دەسەڵاتداری بە مەبەستی وەدیهێنانی یەکسانیی ئابووری، سیاسی، ئایینی و کۆمەڵایەتی بۆ هەموو ئێرانییەکان بایەخێکی زۆری هەیە.

بە باوەڕی گرووپێکی دیکە، زۆرێک لە داخوازییەکانی ئێتنیک و گرووپە کەمینەییەکان لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا ڕەچاو کراون و کێشە تەنیا جێبەجێ نەبوونیانە. بە بۆچوونی ئەم کەسانە، هۆی جێبەجێ نەبوونی ئەم یاسایانە زیاتر سوودمەندیی سەلیقەییانە و تاکەکەسییانەی بەرپرسانی پەیوەندیدارە.


| *سەلاحەدین خەدیو، چالاکی مەدەنی و توێژەر خەڵکی مەهاباد (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)* |
|---|
| *ئەگەر ئەوەندە ماف کە لە یاسای بنەڕەتی بە هاووڵاتییان دراوە بچێتە بواری جێبەجێ کردن، لە ئێران شۆڕش هەڵدەگیرسێت.* |

شوناسە گشتی و ئایینزاییەکان سەبارەت بە مافەکانی هاووڵاتی لەو باوەڕەدان کە ئەو جۆرەی پێویستە ئەو مافە بەوان نەدراوە و ئەوان لەم مافە بێبەشن. کەڵک وەرنەگرتن لە دەفرایەتییە ئێتنیکی و ئایینزاییەکان لە پۆستە گرنگ و ستراتیژییەکانی وڵات وەکوو سەرۆک کۆماری، وەزارەت، پارێزگایی و ... سوودمەندنەبوون لە پەرستگەی ئایینی وەکوو مزگەوت لە شاری تاران سەرەڕای ئەوەی ڕێژەیەکی زۆری شوێنکەوتەی ئەهلی سوننە لەوێ دەژین، سڕاندنەوەی کەلتووریی هونەرمەندان، ژنان، چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ... لەو بابەتە گرنگانە بوو کە لە لایەن شوناسە گشتییەکانەوە وەک پێشێلکردنی مافە هاووڵاتییەکانیان خرایە بەر تیشکی ئاماژە و گفتوگۆ.

چارتی ژمارە 20 ڕەزامەندیی لە مافە هاووڵاتییەکان لە ڕوانگەی بلیمەتەکانەوە پیشان دەدات. 92.2 لە سەدی بلیمەتەکان لە شێوازی مافە هاووڵاتییەکان ڕازی نین و تەنیا 7.8 لە سەدیان لە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤی وڵات هەستیان بە ڕەزامەندی دەکرد. چارتی ژمارە 21 ڕادەی هەستی هەڵاواردنی مافە هاووڵاتی – ئێتنیکییەکان پیشان دەدا کە بە گوێرەی ئەوە 73.4 لە سەدی بلیمەتەکان لەو باوەڕەدا بوون ئێتنیکەکان بە شێوەی یەکسان لە مافە هاووڵاتییەکان سوودمەند نین. بەو پێیەی زۆربەی دیمانە لەگەڵکراوان لە بەشی کەسانی ئاسایی مانا و چەمکێکی ڕاستەقینەیان لە مافەکانی هاووڵاتی نەبوو و لە کاتی ڕوونکردنەوەی سەبارەت بەم چەمکە ئاشکرا بوو کە ئەوەی ئەوان لە زەینیاندا سەبارەت بە مافە هاووڵاتییەکانیان هەیە لەگەڵ مانا ڕاستەقینەکەی زۆر دوورە، ئەنجامە چەندایەتییەکانی کەسانی ئاسایی لەم بەشەدا نەهاتووە.




چارتی ژمارە 21: ڕەزامەندی لە مافەکانی هاووڵاتی – بلیمەتەکان




چارتی ژمارە 21: هەستی هەڵاواردن لە مافەکانی هاووڵاتیی ئێتنیکی – بلیمەتەکان

ئەڕۆکە وەک پێگەیەکی کۆمەڵایەتی لە ڕوانینی کۆمەڵگای مەدەنی سەیری چەمکی هاووڵاتی دەکرێ و هاووڵاتی وەک ئەندامێکی سیاسی بە تاکێک دەوترێ کە لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەم ئەندامێتییە خاوەنی ماف و ئەرک بێت. گرنگیدان بە مافە هاووڵاتییەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا پتەوی، ڕەواداری و بەردەوامیی سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدار دەستەبەر دەکات. ئەم مافانە ڕەهەندی مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و یاسایی لە خۆ دەگرن و دۆخی چەندایەتی و چۆنایەتی کەڵک وەرگرتن لە مافە هاووڵاتییەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا وەک پێوەری گەشە و هێمای دەسەڵاتدارییەکی باش دێتە هەژمار.

لە ئێستادا دەرکەوتووە کە بە یاساکردنی دیسیپلینیە مۆدێرنەکان پێویستی بە کەلتوورسازییە و لەم پێناوەدا، بە دەروونیکردنی بەهاکان لە چاو شێوازی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی زۆر کاریگەرتر بووە. بە واتایەک، یەکێک لە یەکەمین هەنگاوەکان بۆ ڕەچاوکردنی مافە هاووڵاتییەکان لە لایەن خەڵک ئەوەیە کە لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری و دەستەبەریی جێبەجێکردنی یاساکان هەوڵ لە پێناوی چەسپاندنی مافە

هاووڵاتییەکان لە کۆمەڵگادا بدرێت. لە دیمانەکاندا دەرکەوت کە تەنانەت لە زەینی بلیمەتەکانیشدا وێنەیەکی ئاڵۆز لە مافە هاووڵاتییەکان هەیە. بە هۆی دیارینەکردنی نموونە و تەنانەت ناهاوئاهەنگیی ڕێکارەکانی پەیوەست بە دەقی یاسای بنەڕەتی سەبارەت بە مافە مەدەنی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان ئەم حاڵەتانە ناڕەزایەتی و دروستبوونی هەستی هەڵاواردن لە ناو ئێتنیکەکانی لێ کەوتۆتەوە.

| |
|---|
| *ڕیاز عەلی فەرهانی، چالاکی کۆمەڵایەتی خەڵکی خووزستان* |
| *هێشتاش کۆمەڵگای ئامانج بە وردی نازانێ مافە هاووڵاتییەکانی چییە!* |

بە پێی بۆچوونی دیمانە لەگەڵکراوانی ئەم توێژینەوە، هێشتا ڕێژەیەکی زۆری خەڵک لە مانا و چەمکی زاراوەی مافە هاووڵاتییەکان تێناگەن و ڕەنگە گرنگترین خاڵێک کە بەر لە ئەنجامدانی ئەم باسانە لە لایەن دەوڵەت و ئامادە کردنی جاڕنامەی مافە مرۆییەکان و ... ئەوە بێ کە دەبێ خەڵک سەبارەت بەم وشە ئاستی وشیارییان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی لە قۆناغی دواتردا، خەڵک بتوانن سەبارەت بەو قسە بکەن و داوای بکەن. بابەتگەلی وەکوو مافەکانی هاووڵاتی بەر لە هەر شتێک پێویستی بە ڕاهێنان و کەلتوورسازییە و بەشێکی ئەرکی چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی و ناوەندە مەدەنییەکانە. ڕاهێنانی ڕفتارە هاووڵاتییەکان لە هەڵکشاندنی ئاستی کارکردی ڕێکخراوە مەدەنییەکان زۆر کاریگەرە و ئەم ئامۆژانە یارمەتیی بەهێزبوونی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایەک لە سەر ئاستی ناوچەیی، نەتەوەیی و جیهانی دەدات. بەشەکەی دیکەی ئەم ڕاهێنان و وشیارییەبەخشییە ئەرکی دەوڵەت و ناوەندە دەوڵەتییەکانە. لە ڕاستیدا دەوڵەت و ناوەندە یاسادانەرەکان، ڕێکخراوە نەتەوەیی و خۆجێیی، ڕێکخراوە مەدەنی و ... لە ڕێگەی ڕاهێنانی مافەکانی هاووڵاتی و تەکنیکەکانی ژیانی گشتی و ناسینی بنەماکانی بەڕێوە بردنی شاری دەورێکی بەرچاویان لە ڕاهێنانی هاووڵاتیاندا هەیە. لە پێناو ڕاهێنان و کەلتوورسازی لە بواری ئاگاداربوون لە مافەکانی هاووڵاتی، فێربوونی پارامەترەکانی ڕاهێنانی ڕفتاری هاووڵاتی یارمەتیمان دەدا کە کوالێتی ژیانی گشتی باش ببێ و سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ژیاندا بەهێز ببێت.
ئێستا هەندێ لە بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوە دانیان پێدانابوو کە لە پێناو بە کردەییکردنی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتیی شوناسە ئێتنیکییەکان و شوناسی نەتەوەیی لە ئێران، هاوئاراستە کردنی بەرژەوەندییە ئێتنیکییەکان لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بۆتە هۆی ئەوەی پێداچوونەوە بە هەندێ لە باوەڕە ئایینی و ئێتنیکییەکاندا بکرێ و دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان لە لایەنی لێکنزیکانەوە لە ڕاست و چەپەوە بێچمیان گرتووە و گرووپە دوورەکان خراونەتە پەراوێزەوە یان چوونەتە پاڵ ئۆپۆزیسیۆنەوە و دەوڵەتی یازدەهەم و دوازدەهەم بە سەرۆک کۆماریی حەسەن ڕۆحانی بە دروشمی میانەڕەوی توانی لانیکەم بۆ سەروبەندی هەڵبژاردنەکانیش بێ، قۆڵەکانی ناو چوارچێوەی ڕژیمی سیاسی بەرەو میانەڕەوی بانگهێشت کرد، بابەتێک کە لە خولی هەڵبژاردنەکاندا بە چەمکەکانی هەلی بەشداری پێکردنی لایەنەکان، ئێتنیک و گرووپەکان بووە هۆی دڵخۆشبوونی ئەو لایەنانەی کە لە دەسەڵات تارێنرا بوون، بەڵام لە کۆتاییدا نەیتوانی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ وەدەست بێنێ و هەڵبژاردنەکانی خولی دوازدەهەمی پارلەمانی بە بەشدارییەکی کەم گوزارشت لە بە دەسەڵات گەیشتنی دووبارەی بناژۆخوازان دەکا و بە جۆرێ دۆسییەی ڕیفۆرمخوازان بەستراوە. ئەمە هەر ئەو ڕەوتەیە کە ئەگەر درێژە بکێشێ، ئەڵقە مومکینەکان لە سیاسەتکردنی ناو ڕژیمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی تەسکتر دەکاتەوە و حەشیمەتی بەرهەڵستکاران، ڕخنەگران و ئۆپۆزیسیۆن زیاتر پەرە دەستێنێت.
بەهەر حاڵ ئەوەی ئاشکرایە گەیشتن بە ئاشتیی بەردەوام مەرجی بنەڕەتی بۆ پێکەوە ژیانی ئێتنیکەکانە.

چەمکی ئاشتیی بەردەوام لە ئەندێشەکانی ئیمانوێل کانی فەیلەسووفدایە. ئەندێشەکانی ئیمانوێل کانت سەبارەت بە ئاشتیی بەردەوام لە سەر بنەمای پێشزەمینە و مەرجە لێبڕاوەکانی ئاشتی و لێکتێگەیشتنی نەتەوەکان و دەوڵەتەکان، ئاوێتەیەکە لە ئایدیای واقیعخوازانەی وەکوو "فیدراسیۆنی دەوڵەتە ئازادەکان" و هەروەها ئەو بیرۆکانەی کە ئەگەرچی وەدیهاتنیان هەروا ئاسان نییە، بەڵام دەتوانێ لە داهاتوودا ئەنگێزەبەخشی پێشکەوتنی مرۆڤ بێت.

ئەو بەشە گرنگەی کە پەیوەست بە ئاشتیی بەردەوامە لە چوارچێوەی کەلتوورییە و دەگەڕێتەوە بۆ پێوەرە کەلتوورییەکان. ئاراستەی کەلتووری دەبێ هەڵگر و وەرگری لێکچوون و لێکنەچوونەکان لە هەموو نەریتەکان بێ، بە جۆرێک ئەگەری باوەڕپێکردنیان و تەنانەت هەستی لووتبەرزی و چێژی هەبوونیان مومکین دەکات (کورونگ، 1381، ل 36 - 44).

بێگومان گرنگترین باسی بابەتی ئاشتی باسی پەیوەندیی و وتووێژە. بابەتی بزاڤە کۆمەڵایەتی و ئێتنیکییەکان بابەتێکە کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی پێوەی گیرۆدەن. یەکێک لە هێما ئۆبژەییەکانی ئە بزاڤانە و داخوازێتی ئەم گرووپانە جووڵەی ناڕەزایەتی شەقامە کە لە هەندێ حاڵەتدا مومکینە لە لایەن کۆمەڵێک و بە کەڵک وەرگرتن لە وروژانی گەنجان بە لاڕێ و ئاژاوەدا ببرێت. لەم نێوەندەدا، ئەوەی گرنگە شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم جووڵە ناڕەزایەتییانەیە. لە هەندێ بابەتدا، ئەم کاردانەوانە خۆی لە بەکارهێنانی توندوتیژی و حەڕەشە و زیندانی کردنی کەسەکاندا دەبینێتەوە کە هەڵبەت شێوازی پەیوەندی و گفتوگۆ دەتوانێ ڕێکارێکی گونجاوتر بێت. بە پێی ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەم لێکۆڵینەوە، پێکهاتەی سیاسیی حکوومەت نەیتوانیوە ئەو چەشنەی کە شیاوە، ئاراستەی پەیوەندی و دانوستان بگرێتە بەر و جیا لە حکوومەت، لە سەر ئاستی ورد و لە ناو کۆمەڵگاش توندوتیژی لە ڕفتاری ئێرانییەکاندا بوونی هەیە.

| *(جەواد تەریری، پارێزەری دادگا، نووسەر و چالاکی سیاسی خەڵکی خووزستان)* |
| --- |
| *کاتێک نەتوانی لەگەڵ دەروێشە گونابادییەکانی پەیوەندیی ساز بکەی، ئەوە دەریدەخا تۆ تەنانەت لەگەڵ بنیاتنەرانی شێعەی ئێرانیی کە دەروێش بوون و پیاوماقووڵترین مرۆڤەکان بوون ناتوانی بسازی ... کاتێک دەرفەتم بۆ وتووێژ لەگەڵ هاوسەر، خۆشەویستی، نەوازشی منداڵ و خوێندەوەم نییە، چیم لێ دەکەوێتەوە؟ توند و تیژی بەرامبەر بە خێزانم، منداڵەکەم، هاوکارەکەم و .... بتهەوێ و نەتهەوێ توندوتیژی خۆی دەنوێنێت.* |

یەکێک لە پرسە سەرەکییەکان تیۆریی سیاسی و نێودەوڵەتییەکەیەتی کە لە ڕابردووەوە ئەم خاڵە گرنگەی بۆ دەرکەوتووە کە چۆن دەتوانرێ لە سەر بەستێنی دەسەڵاتی ناوخۆیی و هەمەگیر، یارمەتی ئەخلاقێکی ئاشتییانە و ئاشتیی بەردەوام بدرێت. هەر پێوەرێکی پێویست بۆ ئاشتییەک کە لە سەرتاسەری کۆمەڵگا و کەلتوورەکاندا کارامەیی هەبێ، دەبێ لە سەر بنەمای ڕەزامەندیی ئازادانە یان لە ڕاستیدا لە سەر بنەمای کۆدەنگییک دروست ببێ کە بەرهەمی دانوستانە. ئەوەی کە ئێمە چۆن دەگەین بە کۆمەڵە بنەمای ئەخلاقیی کردەیی لە سەر ئاستی هەموو کۆمەڵگا و کەلتوورەکان بابەتێکە کە بارتەقای ئەنجامی کۆتاییەکەی گرنگە. ئاراستەی کەلتووری دەبێ هەڵگر و وەرگری لێکچوون و لێکنەچوونەکان لە هەموو نەریتەکان بێ، بە جۆرێک ئەگەری باوەڕپێکردنیان و تەنانەت هەستی لووتبەرزی و چێژی هەبوونیان مومکین بکات. لە دیمانە ئەنجام دراوەکانی نێوان خاوەن ڕاکانی شوناسە گشتییەکان، لە بارودۆخی ئێستای وڵاتی ئێراندا زیاتر ئاماژەیان بە بابەتی نەبوونی ئاشتی دەکرد و زیاتریان دەوڵەت و دەسەڵاتیان بە بەرپرسی ئەم بار ودۆخە دەزانی.


| |
|---|
| *نەزەرمحەمەد دیدگاهـ، مەولەوی ئایینی خەڵکی سیستان و بەلووچستان)* |
| *ئەگەر ئەمانە خۆیان کۆ نەکەنەوە، ئێران لەوانەیە وەکوو سەرەتاکان پاچە پاچە بێت. بە دەست خودایە. ئەگەر دۆخەکە هەر وا بێ، هەر ئەوەیە.* |

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە سیستەم بە سیاسەتە هەڵەکانی لە بری ئاسانکاری بۆ ئاشتی و برایەتی، ڕێگەی دوژمنایەتی و بێعەقڵی گرتۆتە بەر. بە واتایەکی تر، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، ئەنجامی سیاسەتی دژایەتی کردنی شوناسە گشتی و ئایینزاییەکان زیاتر لە ئاراستەی تاراندنیانە نەک ڕاکێشان و بێچمدان بە یەکپارچەیی نەتەوەیی. بێگومان گرنگترین ئێلێمانی تیۆرییە نوێکان گەڕانەوە بۆ مێزی گفتوگۆیە بەڵام لە بواری گشتیدا. سەرەڕای هەموو جیاوازییە کەلتووری، ئایینزایی، ئێتنیکی و زمانییەکان کە لە بەستێنی جوگرافیای کەلتووریی ئێراندا بوونی هەیە، ئەوەی لە گەیشتن بە ئاشتیی بەردەوام لە ئێران گرنگە دانانی بەستێنی گونجاو بۆ گفتوگۆ و پەیوەندیی نێوان گرووپ و ئێتنیکەکان بۆ سوودمەندبوونی یەکسان و بەشداربوون لە سەرچاوەی سامان و دەسەڵات، ئەوە ئازادییە تاکایەتی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کەلتووری و ئایینزاییەکان دەستەبەر دەکات.

**ئەنجام گرتن**

وەدیهێنانی هەر توێژینەوەیەک هەتا ئەو کاتەی ستراتیژی ئامادە و بەرنامەی کردەیی بۆ چارەسەری کێشە و چاکسازیی کاروبارەکانی لێ نەکەوێتەوە، ئەوە بە شێوەی کردەیی بێسوودە. بە واتایەکی دیکە ناسین و هەڵسەنگاندنی بارودۆخ تەنیا لە گۆشەنیگا و دیوی جۆراوجۆرەوە خەریکی پرۆبلماتیزە کردن و هێنانە بەرباس دەبێت. ئەم توێژینەوە بە هۆی ئەوەی پرس و هەلومەرجی ناوخۆیی و دەرەکیی ئێران لە پەیوەندیی لەگەڵ ئێتنیکەکان لە ڕێگەی شێوازە نوێ زانستییەکانەوە دەخاتە بەر تیشکی خوێندنەوە و ناسین، بۆ بەرنامەدارشتن و خستنە ڕووی ستراتیژی گونجا پێشەکییەکی گونجاوی دابین کردووە.
هەروەها ئەوەی کە لە ناو دڵی شێوازی خوێندنەوە و ناسینی ئەم پرۆژە، دەتوانین بۆ چارەسەری پرسەکان ڕێکارە گشتییەکان وەدەست بێنین، وەک لە مۆدێلی هەڵجێنراو تێبینی دەکرێ، سەرەکیترین پرسێک کە خەڵکی ئێران ڕووبەڕووی بوونەتەوە لێکپسانی کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە بۆتە هۆی ئەوەی داخوازیی دادپەروەرانە لە لایەن ئێتنیک و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بێچم بگرێت. ئەم بارودۆخە دەرەنجامی گۆڕانکاریی بژێوی و ئابووریی وڵات و ئایدۆلۆژیای باڵادەستی کۆمەڵگایە و دەتوانین ئەم بابەتانە بە هۆکاری سەرەکیی بێچمگرتنی دیاردەتەوەری بزانین.
بە شێوەی گشتی، ئەم بارودۆخە بێچمگرتووە کردەوەی ستراتیژانەی جۆراوجۆری لێ کەوتۆتەوە کە هەر کام لەم کردەوانەش بێچم بە دەرهاویشتەی جۆراوجۆر دەدەن. دوو دەرهاویشتەی سەقامگیری و لەناوچوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی ئەو سیناریۆ جۆراجۆرانە پیشان دەدا کە چالنجی داهاتووی وڵات دروست دەکەن. لە وێنەی ژێرەوە، مۆدێلی پارادایمی چەمکیی (GT) شیکاریی داتاکان پیشان دراوە کە لە ڕێگەی تیۆریی زەمینەییەوە[1] وەدەست هاتووە. سیناریۆ و ڕێکار و ستراتیژە پێشنیارکراوەکان تاوتوێ دەکرێن.

[1] - Grounded theory (GT)




وێنەی ژمارە 1: مۆدێلی چەمکیی (GT) تاوتوێکردنی شوناسی ئێتنیکی لە ئێران بە پێداگریکردن لە سەر ئاشتی
(98 - 1397)

مۆدێلی سەرەوە مۆدێلی تیۆرییە کە بەرهەمی کۆکردنەوە و شیکاریی داتاکانە. ئابووریی نایەکسان لەو تایبەتمەندییانە بوو کە ئێتنیکەکان لە ئێراندا ئاماژەیان پێ کردبوو. بەشی سەرەکیی پیشە قورسەکانی وەکوو کۆمپانیاکانی پۆڵا و ئۆتۆمبێلسازی لە پارێزگا فارسزمانەکانی ئیسفەهان، ئەلبورز، سیمنان و مەرکەزییە و زیاترین قەبارەی داهاتە ئابوورییەکان تەرخانی ئەم پارێزگایانە کراوە.

ڕەنگە بتوانین بڵێین پاش فارسەکان، ئازەرییەکان / تورکەکان بەتایبەت لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لە سۆنگەی دابینکردنی داهاتە ئابوورییەکانەوە لە قۆناغی دووهەمدان. سەرەڕای بوونی وەها هەلومەرجێک. ناڕەزایەتیی ئازەری / تورکەکان بەرامبەر بە دەسەڵات لە دیکەی شوناسە گشتییەکان کەمتر نییە. هەستی نایەکسانیی ئازەرییەکان / تورکەکان جیا لە بابەتی شوناس و زمان لە دوو مەسەلەدا کورت دەکرێتەوە: یەکەم ئەوەی کە ئەم گرووپە بارودۆخی ئابووریی خۆیان لەگەڵ فارس زمانەکان هەڵدەسەنگێنن و لەو باوەڕەدان

کە پشکی پارێزگا ئازەرییەکان / تورکنشینەکان لە چاو پارێزگا ناوەندییەکانی وەکوو ئیسفەهان، سیمنان، مەرکەزی، قووم، ئەلبورز و تاران زۆر کەمە. بوونی وەها ناکۆکی و ناسازگارییەک بە پێی تێگەیشتنی ئەوان و ڕێژەیی‌بوونی هەلومەرجی ئابووری، ناڕەزایەتیی ئەوانی ورووژاندووە. خاڵی دووهەم کە هۆکاری ناڕەزایەتییەکانی ئەم گرووپە ئێتنیکییە لە دەسەڵاتە ئەم باوەڕەیە کە ڕێکەوتی چێکردنی زۆربەی ئەو پیشەسازییانەی کە لەو ناوچانەدا چالاکن هی سەردەمی حکومەتی ڕابردووە.
لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، لە شارە باشوورییەکانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا بگرە تا دەگاتە پارێزگاکانی کوردستان و کرماشان و ئیلام کەرتی پیشەسازی، گەشەی کارخانە و کارگە و شارۆچکەی پیشەسازی کە داهاتێکی باشی هەبێ و ببێتە هۆی دامەزراندنی گرووپێکی زۆری گەنجانی ئەم ناوچانە، بوونی نییە. هەر بەم پێیە، ئاماری بێکاری لە ناو جەماوەری ئەم گرووپە ئێتنیکییە یەکجار زۆرە و زۆرێک لە هێزە چالاکەکانی ئەم ناوچانە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان پەنا دەبەنە بەر پارێزگا فارس‌نشینەکان بەتایبەت تاران بۆ ئەوەی لە بیناسازی یان لە تەڕەبار و یان لەو کارگایانەی کە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتە کە بە هۆی دژواری کار، خەڵکانی خۆجێیی ئەو ناوچە ئامادە نین لەو کارگایانە ئیش بکەن، کارێک دەست بخەن. بەشێکی دیکەی حەشیمەتی نوێی ئەم ناوچانەش کە زۆربەیان خاوەن بڕوانامەی زانکۆن دەچنە شارە سنوورییەکان و لەوێ بە حەقدەستێکی یەکجار کەمی ڕۆژانە و بە بێ داهاتوویەکی پیشەیی و بیمەیی دەست دەدەنە ئیشی کۆڵبەری و تەنانەت گیانی خۆشیان دەخەنە مەترسییەوە. زۆربەی بەروبوومی کەرتی کشتوکاڵی ئەم ناوچەش بە هۆی نەبوونی کارخانەی پیشەسازی بە بێ بەرهەمهێنانەوە و بە شێوەی خاو لەوێوە دەگوازرێتەوە بۆ پارێزگاکانی تر. وەها بارودۆخێک لە ناو کوردەکاندا کە لە سۆنگەی ئێتنیکی و ئایینیشەوە لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگا جیاوازن بۆتە هۆی ناڕەزایەتی و نایەکسانی لە ناو خەڵکی ئەم ناوچەدا کە ڕۆڵی دەسەڵات بە هۆکاری دروستبوونی ئەم هەلومەرجە دەزانن.
وەک وترا، عەرەب‌زمانەکانی ئێران لە پارێزگاکانی خووزستان، بووشێر و هورمزگان بڵاو بوونەتەوە. نەوتداربوونی ناوچەی نیشتەجێبوونی ئەوان و بوونی بەندەری گرنگیی باشووری ڕۆژاوا و باشووری وڵات لەم ناوچانەدا بۆتە هۆی برەوداربوونی کەرتی بازرگانی و بازرگانی نێودەوڵەتی و جیا لە هێزی کاری ناوچەکە، هێزی کاری ناوچەکانی دیکەش وەردەگرێت. بە پێچەوانەی بوونی وەها هەلومەرجێک، بارودۆخی خەڵکی خاوەن شوناسی گشتیی عەرەب‌زمان زۆر شیاو نییە و ئەمانە لە سۆنگەی ئابوورییەوە هەست بە نایەکسانی و ناڕەزامەندی دەکەن. لە ڕاستیدا، بوونی هەلومەرجی گونجاوی ئابووری و ژینگەیی لەو ناوچانە نەیتوانیوە بارودۆخی ژیانی عەرەب‌زمانەکانی ئەم ناوچە باشتر بکات.
نالەبارترین بارودۆخی ئابووری و زیاترین ناڕەزایەتی لە ناو ئێتنیکە توێژینەوە لە سەرکراوەکان هی گرووپی بەلووچەکانە کە جیا لە بابەتی ئێتنیکایەتی، لە سۆنگەی ئایینزاییەشەوە لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگا جیاوازن. لەم ناوچەشدا هاوشێوەی ناوچە کوردنشینەکان، کەرتی پیشەسازی گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردووە. لە لایەکی تریشەوە، بە هۆی هەلومەرجی ژینگەیی و وشکەساڵی و وشکبوونی ڕووبارەکان و گۆمی هاموون لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، تا ڕادەیەک کەرتی کشتوکاڵیش لەناو چووە. کێشەیەکی دیکەی بارودۆخی نەگونجاوی ئابووریی ئەم ناوچە دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی ناوخۆیی و نەخوێندەواری و کەم‌خوێندەواریی خەڵکی بەلووچ کە بەم هۆیەوە نەیانتوانیوە لە پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگاکەی خۆیاندا دەورێکی ئەوتۆیان ببێ و زۆرینەی پۆستە بەرزە ئیدارییەکان لەم ناوچەدا لە بەر دەست سیستانییەکانە کە لەگەڵ دەسەڵات هاوئایینزان.
لە پاڵ هەموو ئەم بارودۆخانەدا، دوورەدەستی و پەراوێزبوونی ئەم ناوچەش لە پێشنەکەوتنی ناوچەکەدا پشکی

شێری بەر دەکەوێ، چوونکە ناتوانن هەر وا بە ئاسانی لەگەڵ پارێزگاکانی دراوسێی خۆیان پەیوەندی و مامەڵەی ئابووری و دارایی ئەنجام بدەن. بوونی وەها بارودۆخێک وای کردووە خەڵکی ئەم ناوچە و بەتایبەت گەنجەکان ڕوو بکەنە پیشەی مەترسیداری وەکوو قاچاغی کاڵا و گازوایل کە لەم بوارەشدا داخستنی سنوورەکان کێشەی بۆیان ساز کردووە.

بە گوێرەی مۆدێلی چەمکیی ئەم توێژینەوە دەتوانین دوو سناریۆی سەرەکی بۆ ئێران دابڕێژین: سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و لەناوچوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی. لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم بارودۆخەی ئێستا کە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکاندا سەرمایەی کۆمەڵایەتی تووشی لاوازی هاتووە، لە کۆتاییدا دارمانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کەلتووری ڕوو دەدات. بەڵام لە سناریۆی دووهەمدا، سەقامگیریی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێ و دەتوانین ئەم سناریۆیە ناو بنێین سناریۆیەکی دڵخواز. ئەم سناریۆیە وابەستە بە چاکسازیی بنەڕەتی (چاکسازیی لە ژێربنەما و سەربنەمای کۆمەڵگا و یان چاکسازیی بنەڕەتی لە بوارە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، پەروەردە، تەندروستییەکان) و هەروەها گرتنە بەری بڕیارێکی دڵخواز و باش لە لایەن ناوەندەکانی دەسەڵات و ئێتنیکە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا دەبێت.

وەک پێشتریش وترا، سناریۆی ئەم بارودۆخە لە بەردەوامیی ستراتیژی قبووڵکردنی ئەم بارودۆخە ڕوو دەدات. ئەم سناریۆیە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی کەلێنە کۆمەڵایەتی، ئێتنیکی و ئایینییەکان. پەرەسەندنی ئەم کەلێنانە دارمانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و دژومنایەتی و لێکدژیی نێوان گرووپ و چڤاکە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، ناهومێدیی نەوەی گەنج و بلیمەتەکانی کۆمەڵگا لە باشتربوونی بارودۆخی ژیانی خۆیان دەبێتە هۆی بە جێهێشتنی وڵات و ڕۆشتن بەرەو ئەورووپا و ئەمریکا کە لە ئەنجامی ئەمەدا، وڵات بە تەواوەتی ڕووبەڕووی قەیرانی هێزی مرۆیی دەبێتەوە، ئەو هێزانەی کە لە درێژەی چەندین ساڵ خەرجێکی قورسیان خستۆتە ئەستۆی کۆمەڵگا و کاتێ کە وەرزی چنینەوەی بەرهەمی زانستی ئەم کەسانە دەگا، هەر هەموو سەرمایە زانستییەکەیان لەگەڵ خۆیان دەبەن و بۆشایی بوونی ئەم هێزانە زیان و خەسارەتێکی زۆر بە سەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێت.

لە سناریۆی دوهەم کە سناریۆیەکی دڵخواز و باشە، وڵاتی ئێران لە بوارە کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا بارودۆخێکی سەقامگیر و بەردەوامی دەبێت. بە گەڕانەوە بۆ ئەنجامەکانی توێژینەوە، دەتوانین بڵێین ڕەوتی کۆتایی داهاتووی ئێران و ئەوەی کە ئایا ئەم سناریۆی یەکەمە دێتە دی یان کۆمەڵگا بەرەو سناریۆی دووهەم کە هەمان سیناریۆی باشە دەڕوا، لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا ڕوون دەبێتەوە.

| *مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی، پێشنوێژی ئەهلی سوننەی زاهیدان (سیستان و بەلووچستان)* |
|---|
| *ئومێدم بە داهاتووی ئێرانە. بە هەر حاڵ ڕێگەیەکی لە پێشە و دەبێ لێی تێپەڕێت. من وای دەبینم کە زەختە دەروونی و دەرەکییەکانمان ئێمە ناچار دەکا ئاراستەکەمان بگۆڕین. من پێم وایە ئەم بارودۆخەی ئێستا ناتوانێ بەردەوام بێت. مەگەر بە گۆڕانکاری، گۆڕانکارییەک کە ڕەزامەندیی گەلی لێ بکەوێتەوە. دەبێ هەندێ لە سیاسەتەکان بگۆڕدرێن و کۆمەڵێ لە کێشەکان چارەسەر بن.* |

بە شێوەی گشتی دەتوانین ئاسۆی داهاتووی وڵات لە حاڵەتی باش و دڵخواز و هەڵبژاردنی سناریۆی دووهەم بەم شێوە ژێرەوە بکێشینەوە:

ئێران دەبێتە وڵاتێک بە فرەڕەنگیی ئێتنیکی و ئایینییەوە کە ئەم فرەڕەنگییە سەرچاوەی یەکێتی و هاوپەیوەندیی

نەتەوەییە. بڕیارە سیاسی و کەلتوورییەکان لە پێناو گەشەکردنی پەیوەندیی نێوان ئێتنیکەکان لە سەر تەوەری ئاشتیی نەتەوەیی بێچم دەگرێ و سیستەمی سیاسی، بە قبوولکردنی هاوسەنگیی شوناسی ئێتنیکی لە پاڵ شوناسی نەتەوەیی، سیستەمی کۆمەڵایەتیی زنجیرە پلەیی و پۆلێنبەندیی هاووڵاتییان لە سیاسەتدانانی ناوخۆیدا ڕەت دەکاتەوە و دەیفەوتێنێ و ئیرادەی نەتەوەیی لە پێناو نەهێشتنی کەلێن و هەڵاواردن بێچم دەگرێت.
بە مەبەستی وەدیهاتنی ئاسۆی سەرەوە، ستراتیژ و ڕێکاری میکانیزمی لە بوارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، کەلتووری، سیاسی و یاساییەکاندا ئامادە و پێشنیار کراوە کە لە درێژەدا ئەم ڕێکارانە تاوتوێ دەکرێن. شایەنی ئاماژەیە کە سەرچاوەی ئەم ڕێکارانە لە ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ بلیمەتەکان و کۆمەڵگای خۆجێیی وەدەست هاتوون و بە شێوەی ڕێکار و داپەڕ ئامادە کراون.
داپەڕە پێشنیارییەکان
لەم هەلومەرجە نالەبارە دروست بووە کە وەفاداریی سیاسی لە پێش هەر چەشنە بەرنامەداڕشتنێک لە ئێرانە، هێزی مرۆیی بە پێی پێوەرە ناپسپۆڕییەکان ڕێک خراوە و دەبینین کە وڵات تووشی قەیرانی بەدبەڕێوەبەری هاتووە و ئەم بابەتە وێنای یەکپارچەیی نەتەوەیی و هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەتا ڕادەی درووشمی بۆچوونی و بە دوور لە ئۆبژە کۆمەڵایەتییەکان دابەزیوە و لە کۆتاییدا، پێکەوەژیانی ئاشتییانە واتای خۆی لە دەست دەدا و جەوێکی ئەمنێتی باڵی بە سەر زۆربەی چالاکییەکانی پەیوەست بە ئێتنیکەکان و مافە هاووڵاتییەکان دەکێشێت. لەم پێناوەدا، بابەتەکانی ژێرەوە پێشنیار دەکرێ کە لە شیکاریی داتاکانی ئەم توێژینەوە وەرگیراوە.

**وەدیهاتنی دادپەروەریی ئابووری**

لە کەرتی پیشەسازی، زۆربەی بەرهەمهێنانەکانی وڵات لە پارێزگا ناوەندنشینەکاندایە و پارێزگا پەراوێزییەکان کە ناوەندی نیشتەجێبوونیانە لێی بێبەشن و لەم بارەوە ئێتنیکەکان تورک، کورد، عەرەب و بەلووچ هەست بە ناڕەزایەتی و نایەکسانییەکی زۆر دەکەن کە پێشتر بە تێر و تەسەلی ڕوون کراوەتەوە. هەروەها سەبارەت بە نەبوونی کارخانەی بەرهەمهێنان و شارۆچکەی پیشەسازیی لە ناوچەکانی کوردستان و بەلووچستان و دیکەی ناوچەکان قسە کرا کە وەها بارودۆخێک خەڵکی ئەم ناوچەی ناچار بە قاچاغ و کۆڵبەری کردووە، بابەتێک کە زیان بە ئابووری و بەرهەمهێنانی نەتەوەیی دەگەیەنێت. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە دامەزراندنی کارخانەی بەرهەمهێنان لەم ناوچانە، جیا لە باشتربوونی بارودۆخی کەرتی بەرهەمهێنان و ڕێگری لە دەرچوونی پارە لە بازاڕی ئابووریی وڵات بۆ کڕینی شمەکی بیانی، دەبێتە هۆی دروستکردنی هەلی کار بۆ کەسانی خۆجێیی و سوودمەندبوون لە توانای زانستی و کردەیی خەڵکی ئەم ناوچە و ڕەزامەندیی گەنجانی خوێندکاری لێ دەکەوێتەوە و بە پیشەی فەرمی لە ناوخۆی وڵات، ئاسایش گیان و دارایی ئەم گرووپی خەڵکانە دەپارێزرێت.
هەڵبەت بە تەنیا سوودمەندبوونی ئەم ناوچانە لە جیازاتی پیشەسازی ناتوانێ هەستی یەکسانی دروست بکا، چوونکە ئەم هەستی ناڕەزایەتییە لە ناو خەڵکانی ناوچە ئازەرینشین / تورکنشین و عەرەبیشدا هەیە کە ڕادەی ناڕەزایەتی لەم ناوچانەشدا سەرنجڕاکێشە. بێگومان هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ یاسای ڕێژەیی کە بە پێی ئەوە مرۆڤەکان هەمیشە خۆیان لەگەڵ گرووپە باڵادەستەکان بەراورد دەکەن و ئەگەر لە چاو باڵادەستەکان کەمتر سوودمەند بن، ئەوە هەستی ناڕەزایەتی لە ناویاندا بێچم دەگرێت. سەبارەت بە تورک و عەرەب، ئەگەرچی هەلومەرجی ئابووریی ئەوان لەگەڵ کورد و بەلووچ بەراورد ناکرێ، بەڵام بە هۆی ئەوەی خۆیان

لەگەڵ فارس زمانەکان هەڵدەسەنگێنن و بارودۆخی ئابووریی خۆیان لە هی ئەوان بە کەمتر دەزانن، هەست بە نایەکسانی لەواندا دروست دەبێ، ئەوە کلە حاڵێدایە کە دانیشتووانی هەندێ لە ناوچە نەوتدارەکانی باشوور (کە شوێنی نیشتەجێبوونی عەرەبەکانە) بە هۆی نەبوونی گەشەی ئابووری دەناڵێنن. هەڵبەت ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە لە ناو خەڵکانی ناوچە فارس نشینەکاندا هیچ ناڕەزایەتییەک بوونی نییە و ئەوان لە خۆشگوزەرانیی ڕەهادان. ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی دیمانە ئەنجامدراوەکان کە لەگەڵ خەڵکانی ئەو ناوچانەش ئەنجام درا بوونی ناڕەزایەتی لەم بەشانەشی پیشان دەدا و لە ناوچە دوورەدەستە فارسزمانەکانیشدا، گوێپێنەدانی پێویست بۆتە هۆی هەژاری و بێکارییەکی زۆر. بەڵام ڕاستییەک هەیە کە پارێزگاگەلێکی وەکوو ئیسفەهان، مەرکەزی، سیسمنان، کرمان، ئەلبورز و ... لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بارودۆخی ئابوورییان تا ڕادەیەک باشترە. خاڵێک کە زیاتر لە هەمووان سەبارەت بە گرووپە ئێتنیکییەکانی وەکوو تورک و عەرەب لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا وەدەست هات و خەڵکی ئەم دوو ناوچە زۆریان گرنگی پێ دەدا ئەوە بوو کە ئەوان باشتربوونی بارودۆخی ئابووریی خۆیان زیاتر ئەنجامی سیاسەتە ئابوورییەکانی حکوومەتی پێشوو دەزانن و دەڵێن لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، لە کەرتی پیشەسازیدا ئیمکانیاتی ئابوورییان زیادی نەکردووە. کەواتە پێویستە بەرپرسانی دەوڵەت وێڕای یارمەتیدانی باشتربوونی بارودۆخی ئابووریی ناوچە ئێتنیکییەکان، هەوڵ بدەن دابەشکارییەکەیان دادپەروەرانە و یەکسانانە بێت.

**وەدیهاتنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کەلتووری**

ئەوڕۆکە لێکۆڵینەوەکان لە بوارە جیاوازە زانستییەکاندا ناکارامەیی سیاسەتەکان و ڕوانین لە سەرەوە بۆ خوارەوە و ناوەندتەوەریی دەسەڵات پیشان دەدا و هەر بەم پێیە دەتوانین بڵێین دەوڵەت دەبێ لە زۆرێک لە کاروبارە خۆجێییەکان خۆ بە دوور بگرێ و بەڕێوە بردنی کاروبارەکان بسپێرێ بە خەڵک خۆیان. بەڵام ئەمە بە ئەسپاردنی سەربەخۆیی حیزبی و ئازادی بیر و ڕا و کاری مومکین دەبێ و بەدەر لەم حاڵەتە، هەر چەشنە چالاکییەک تووشی چارەنووسی ناکارامەی شۆڕای ئیسلامیی شار و گوندەکان دەبێ کە پاش پێنج خول، لاوازتر و گەندەڵتر و ناکارامەتر بوون.
کۆمەڵگای ئایینیی ئەهلی سوننە لە مێژووی ڕابردووی خۆیدا هەمیشە ناوەندە ئایینییەکانیان لە بوارە مرۆیی، دارایی و ... خۆیان بەڕێوەیان بردووە و لەم بوارەدا تووشی کێشە نەبوون. لەم پەیوەندییەدا پێشنیار دەکرێ ڕوانگەی کۆنترۆڵکراو و ئەمنێتی لە سەر چالاکییە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سیاسییەکان هەڵبگیرێ و ڕێبەران و خەڵکانی خۆجێیی لە بەڕێوە بردنی کاروباری ئایینیی خۆیان سەربەست بن.
ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی چەکدارانە لە ساڵانی کۆتایی دەیەی 80 و سەرەتاکانی دەیەی 90ـی هەتاوی لە پارێزگاکانی سیستان و بەلووچستان و کوردستان ڕەنگە ئەنجامی هەر ئەم ڕوانگە جیاکارییانە بێت. بوونی ناوەند و پەرستگەی ئایینی و مزگەوتی تایبەتی ئەهلی سوننە لە شاری تاران، لە پاڵ پەرستگەی ئایینە یەکتاپەرستییەکانی دیکە ناتوانێ بۆ هیچ کام لە ئایین و ئایینزاکان کێشە ساز بکا و بێگومان وەدیهاتنی ئەم خواستە 40 ساڵەیەی ئەهلی سوننە لە پێناو چەمکی دادپەروەری و یەکسانیدا دەبێت.
لە ئەنجامە گرنگەکانی دیکەی لێکۆڵینەوە بابەتی زمانی زکماکی و پەروەردە بەو زمانە بوو. بە پێی مادەکانی یاسای بنەڕەتی، ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان دەتوانن بە زمانی خۆیان لە قوتابخانەکاندا بخوێنن و لەم بارەوە نابێ سنووردار بکرێنەوە، بابەتێک کە هەتا ئێستا جێبەجێ نەبووە و لە حاڵەتی یاسادا قەتیس ماوەتەوە. لە ڕاستیدا

کاتێ بۆ ئەم بابەتە ئامادەکاری نەکرا بێ و لە ڕووی ئەمنێتییەوە سەیری زمانی ئێتنیکی بکرێ، وەک ئەوەیە کە یاسایەک بۆ زمانی دایکی دانەنرا بێت. هەڵبەت لەم بوارەدا، لە ساڵانی دواییدا دوو زمان و ئەدەبیاتی کوردی و تورکی لە زانکۆکانی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات دامەزران، بەڵام خاڵێک کە لێرەدا دەبێ سەرنجی پێ بدرێ نەبوونی پشتیوانی لەم بابەتە لە پانتای کار و پیشەیە. بەو پێیەی کە ئامانجی زۆرێک لە بەشداربووانی کونکوور هەڵبژاردنی بوارێکە کە بتوانێ لە داهاتوودا پیشەی ئەوان دەستەبەر بکا، تەنیا بە هۆی بوونی وەها بوارێکی زانکۆیی بێ پشتیوان لە بازاڕی کاردا بۆتە هۆی ئەوەی ئەم بوارانە پێشوازییەکی ئەوتۆیان لێ نەکرێت. کەواتە وا چاکە بۆ بە سوودمەندبوونی وەها ئامانجێ، بابەتی پەروەردە بە زمانی دایکی بگاتە ئاستی نزمتر و بەتایبەت ساڵانی یەکەمی خوێندن.
لە پێناو وەدیهاتنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە بواری زمان دەبێ بە ڕێنومایی زمانناسانی ئێتنیکی و بلیمەتەکان سیاسەتی دروست دابڕێژرێ بۆ ئەوەی هەستی هەڵاواردن نەمێنێت. کاتێک کە هەموو ئیمکانیات بۆ پەرەپێدان و بانگەشەی زمان و ئایینزایەکی تایبەت بە کار دەبرێ و دیکەی کەمینە خاوەن شوناسە گشتییەکان بە ڕوانگەی ئەمنێتییەوە سنووردار دەکرێن و بۆ گەشە و پەرەدان هەلومەرجێکی لەباریان بۆ دەستەبەر ناکرێ؛ سیاسەتی تواندنەوە یان سڕینەوەی شوناسی ئێتنیکی وەبیر دێنێتەوە کە ئەم چەشنە نایەکسانییە بێپاساوە. یاساپەڕێنی و نەبوونی بەڕێوەبەریی دروست، کە دەتوانین سەرچاوەکەی لە گرنگینەدان بە شیاوسالاری بزانین، لە گرنگترین هۆکارەکانی وەدینەهاتنی دادپەوەریی کۆمەڵایەتییە.
ئێران وڵاتێکە بە هەمەجۆری شوناسییەوە و ئەم بابەتە وا دەخوازێ کە دەسەڵات زەمینەکانی ئەنجامدانی کاروباری کەلتووریی تایبەت بە ئێتنیک و ئایینزا جۆراوجۆرەکان بڕەخسێنێ و ئەم گرووپانە بتوانن ڕێوڕەسم و بۆنە ئێتنیکییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و لەم بوارەدا، ئەوان ناچار بە ملکەجی بۆ دەسەڵات نەکەن و سنووردار نەکرێنەوە. بۆ وێنە لە بەڕێوە بردنی جەژن و بۆنە ئایینییەکانی وەکوو جەژنی قوربان یان جەژنی ڕەمەزان ئەهلی شێعە و ئەهلی سوننە زۆر پێکەوە ناکۆکیان هەیە و ئەهلی سوننە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزان دەگرن، بەڵام لە لایەن ئەنجومەنی زانایانی ئایینییەوە هۆشداری بە زانایانی ئەهلی سوننە دەدرێ کە ڕاینەگەیێنن یان لە ڕێوڕەسمگەلی وەکوو نەورۆز، لە هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان و هەورامان هەندێ سنوورداری دەسەپێنرێت. لە هەندێ حاڵەتدا دەسەڵات بۆ بەڕێوە چوونی ڕێوڕەسمگەلی کەلتووری وەکوو "ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی" (21ـی فێبریویێری) و "ڕۆژی جیهانیی کەلتووری بەلووچ" (2ـی مارس) هەستیاری دەنوێنێت. ڕۆژی جیهانیی کەلتووری بەلووچ لە بەلووچستانی پاکستان و لە ئەفغانستان بە شێوەی فەرمی و زۆر تۆخ و پڕڕەنگ ئاهەنگ بەڕێوە دەچێ، بەڵام لە ناوخۆی وڵاتی ئێران، بە هۆی ئاگادارکردنەوەی لاواز و نەبوونی ئاگاداری گشتی لە بوونی وەها ڕۆژێک و هەروەها پێداگریکردنێکی زۆر لە سەر لایەنە ئایینزایی و ماتەمگێرانەکان هەتا گرنگیدان بە بۆنەی شادی و ئاهەنگەکان، ئەم ڕێوڕەسمانە سنووردارن و زۆر کەم بەڕێوە دەچن.
هەڵاواردنی ڕەگەزێتی لە سەر ئاستی دەوڵەتی و لە ناو کۆمەڵگاشدا یەکێکی تر لەو بابەتە گرنگانەیە کە بەشێکی زۆری، جیا لە سنووداریی یاسایی، دەگەڕێتەوە بۆ عورف و بنەما و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان. لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی، بە پێی ئەو باوەڕە عورفی و شەرعییە کە ئەرکی دابینکردنی خەرجی بنەماڵە لە سەر ئەستۆی پیاوە و بەرپرسایەتی و توانا و هێزی کاریی ئەوان زیاتر لە ژنانە، بازاڕی کار و پیشە بۆ پیاوانە و سەرەڕای ڕێژەیەکی زۆری دەرچوونی ژنان لە زانکۆ لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوو، پاش تەواوکردنی خوێندن، چ لە سەر ئاستی ئیدارە دەوڵەتییەکان و چ لە کۆمپانیا تایبەتەکان هەلی کاری گونجاو بۆ ئەوان دابین

نەکراوە و لە ئەنجامدا ئەوان ناچارن بگەڕێنەوە بۆ ژینگەی نەریتیی بنەماڵە و بە پێی بنەما عورفییەکان هاوشێوەی دایکەکانی خۆیان، ئەرکی مێرداری و منداڵداری بگرنە ئەستۆ. لە هەندێ حاڵەتیشدا لە لایەن هەندێ کۆمپانیاوە دادەمەزرێن کە مووچەیان کەمە و لە کارێکی یەکساندا جیاوازیی نێوان مووچەی ئەوان لەگەڵ پیاوانە یەکجار زۆرە.
بێگوومان جووڵە لە ئاراستەی گەشەی هاوسەنگ و بەردەوام پێویستی بە قۆستنەوەی هەموو پتانسێلەکانی ناو کۆمەڵگایە و بە هەند وەرنەگرتنی بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا و پەراوێزخستنیان بە واتای کەڵک وەرنەگرتنی گونجاو لە هێزی مرۆیی ناوخۆییە. لە ڕووی لۆژیکیشەوە ئەمە بەراوردی هەموو توانای هێزی مرۆیی و سەرچاوەی نامرۆییە کە بەرەنجامێکی زێدەتر دروست دەکا و ئێستا ئەم بابەتە لە بواری هەر چەشنە سڕینەوەی کەمینەیی، ئایینی، ئێتنیکی و ڕەگەزێتی دروستە، بە جۆرێکە باسە ئاماژە پێکراوەکانی بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوە پەنجە بەرەو لای ئەو کچ و ژنانە ڕادەکێشن کە لە کۆمەڵگای ئێراندا لە تاقیکردنەوە سەرتاسەرییەکاندا لە ڕکابەرییەکی یەکسان لەگەڵ پیاوان پیشانیان داوە کە نە تەنیا خاوەن بەهرەیەکی کەمتر نین، بەڵکوو زۆربەی کورسییەکانیان زانکۆیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە و لە پێناو کەڵک وەرگرتن لە هەر هەموو تواناکانی حەشیمەتی وڵاتێک، دەوڵەت دەبێ هەوڵ بدا بۆ ئەوەی وەک دەڵێن لە تاقیکردنەوەی دامەزراندن، لە پاڵ ئەو ئیمتیازانەی کە هەتا ئێستا بۆ دامەزراندن بووە، پشک و ئیمتیازی یەکسان لە کاردا بۆ ژنان دەستەبەر بکا و لە ناو کورسییە جۆراوجۆرەکانی وەزارەت، پارێزگاری، فەرمانداری و ... کە هەتا ئێستا هەڵبژاردنی بەڕێوەبەران تاکڕەگەزی بووە پشکێکی گونجاو بدا بە ئافرەتان.
هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی میدیایی و سوودمەندبوون لە بلیمەتە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکڤانانی مەدەنی، گریمانەی ناکارامەیی ژنان وەلا بنرێ هەتا ئەو جێگایەی کە بەڕێوەبەران تەنیا بە هۆی بەهرەی تاکەکان و بە بێ هیچ چەشنە ڕوانگەی ڕەگەزێتی، هێزەکانی خۆیان دەستنیشان بکەن.
چەمکی هاووڵاتیی پلە دوو و پلە چەندم لەو باسانە بوو کە بەشداربووانی دیمانە قسەیان لە سەر دەکرد و لە لایەن کۆمەڵگای ئێتنیکەکانەوە ئەم هەستە درکی پێ دەکرا. دەتوانین ئەم بارودۆخە وەک هۆشدارییەکی جیدیی بۆ سیاسەتدانەرانی کەلتووری سەیر بکەین و پێشنیار دەکرێ بۆ سڕاندنەوەی ئەم چەمکە لە پانتای زەینی کۆمەڵگا و ئێتنیکەکانی ئێران، کەلێنە ئابووری و کەلتوورییەکان بگاتە کەمترین ئاستی خۆی. لەم پێناوەدا ڕێکارەکانی ژێرەوە پێشنیار دەکرێت:
1. گەشەی هەمەلایەنەی ناوچە بەشخوراوەکان بە یەکەمایەتیدانانی ئێتنیکەکان و کەمینە ئایینزاییەکان؛
2. گەشەی بەرنامەڕێژیی هاوبەشانە بە کەڵک وەرگرتن لە دەفرایەتیی کەلتووری و فرەڕەنگیی ئێتنیکەکان؛
3. کەمکردنەوەی ناوەندگەرێتی و دابەشکردنەوەی دووبارەی هەلە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان؛
4. بەرنامەڕێژی لە خوارەوە و گەشەی پێچەوانە، بە جۆرێک کە دابەشکردنی سەرچاوەکان لە ناوچە سنوورییەکانەوە دەست پێ بکا و بەرەو ناوەند کۆتایی پێ بێ؛
5. چاکسازی لە سیستەمی ئیداری و زنجیرە پلەیی کارگێڕیی وڵات بە پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوەبەرانی خۆجێیی.

**وەدیهاتنی دادپەروەریی سیاسی**

بە باوەڕی بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوە، حیزبە سیاسییەکان لە ئێراندا زیاتر لە کاتی هەڵبژاردنەکان و بۆ ماوەی دوو هەفتە سەر هەڵ دەدەن و پاش کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، لە ناو دەچن. هەر ئەم حیزبانەش زیاتر لە پێناو جۆرێ بیری پێکهاتەیی کەڵان چالاکی دەکەن و لە ناوچە ئێتنیکییەکان حیزبێکی تێدا نییە کە دەنگی داخوازیی شوناسی خەڵکانی خۆیان بن. ڕەنگە بتوانین بڵێین گرنگترین هۆکاری نەمانی حیزبەکان لە ئێراندا بوونی پانتای ئەمنێتی، چاودێری و کۆنترۆڵی ناوەندە جیاجیاکان کە زۆربەیان لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت و هەروەها تۆڕە بێژمارەکانی فیلتێرینگ بەدەرن. گرنگترین کارکردێک کە حیزبێک دەتوانێ بیبێ، دەربڕینی داخوازیی هاوبیرەکانی خۆیان لە ڕێگەی بنەما دیموکراتیکییەکان و پرۆسەی دانووستانە. کاتێک وەها پرۆسەیەک لە کۆمەڵگادا بوونی نەبێ، دژومنایەتی و توندوتیژی دەبێتە بەدیلی بنەما دیموکراتیکییەکان و دانووستان و بێچمگرتنی وەها پانتایەک دەتوانێ ڕەواداریی ڕژیم تووشی کێشە بکات. کەواتە پێویستە دەسەڵات وێرای وەلانانی پانتای ئەمنێتی و میلیتاریستی لە سەر ئاستی کۆمەڵگا، جیا لە چالاککردنی حیزبە مۆڵەتدارەکان و تەرخانکردنی میدیای زۆر بۆیان، پانتای حیزبی بەرەو گرووپە ئێتنیکییەکانیش بگوازێتەوە بۆ ئەوەی داخوازییەکانی ئەوان بە شێوەی تەواو دیموکراتیکانە و تەنیا لە ڕێگەی پرۆسەی دانووستانەوە بخرێتە ڕوو و چارەسەر بکرێت.
لە ئاستی کارگێڕیشدا حکوومەتێک دادپەروەرە کە بە لابردنی سنووردارییەکان، هەلی بەشداریی یەکسان و ئازاد بۆ خەڵک لە بوارە سیاسییەکاندا بڕەخسێنێ و بە پێی بەهرە و لێهاتوویی تاکەکان دەسەڵات و پۆستی سیاسییان لە ناودا بەش بکات. لەم بوارەدا، ناڕەزایەتیی ناناوەندنشینەکان ئاشکرا بوو و کورد و بەلووچ و عەرەب وتیان کە لە ماوەی تەمەنی پتر لە 40 ساڵی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە پۆستە سیاسییە یەکەمەکانی وەکوو سەرۆکایەتی هێزی جێبەجێکار و یاسادانەری و داد، وەزارەتە دەوڵەتییەکان، پارێزگار و باڵوێزی وڵات هیچ کەس لە هاوزمانەکانیان هەڵنەبژێردراوە.
لە ڕوانگەی هەندێ لە بلیمەتە توێژینەوە لە سەرکراوەکان، ئەوەی لە بەستێنی سیاسیدا سەرکەوتنی لێ دەکەوێتەوە نزیکبوونەوە لە بوارە هزرییە هاوبەشەکان لە بری ئێتنیکییەکان.

| |
|---|
| *باقر سەدری نیا، ئەندامی لێژنەی زانستی و مامۆستای زانکۆ خەڵکی تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات)* |
| *فاکتەرە هزرییەکان دەبنە هۆی پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی دیکە نە فاکتەرە ئێتنیکییەکان. بیرکردنەوە ئامرازی پەیوەندی لەگەڵ خۆمان و وڵاتانە. ئەمە خاڵێکی گرنگە.* |

**وەدیهاتنی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی**

خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی دوو ڕەهەندی مادی و مەعنەویی لە خۆ دەگرێت. ڕەهەندی مادەی پێداگری لە سەر دابینکردنی خواستە بنەڕەتییەکان، خۆراک، پۆشاک، پیشە، خانوبەرە و تەندروستی و دەرمان و ڕەهەندی مەعنەوییەکەشی بریتییە لە خوێندەواری و پەروەردە، لەشساغی، پشتیوانی یاسایی لە کۆی خەڵک و سوودمەند بوون لە مافە مرۆیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانە.
بە پێی داتاکانی ئەم توێژینەوە، دەستڕاگەیشتن بە نەخۆشخانە و ناوەندی تەندروستی و دیکەی خزمەتگوزارییە

پێویستەکان لە بەشی تەندروستیی ناوچە ئێتنیکییە توێژینەوە لە سەرکراوەکان زۆر نالەبار و نادادپەروەرانەیە، بە جۆرێک کە دیمانە لەگەڵکراوان لە کوردستان و بەلووچستان و باشوور زیاتر ئاماژەیان بەم بابەتە دەکرد و دەیانوت لە هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان، نەخۆشخانەکان ناتوانن سادەترین نەشتەرگەری و چاودێری پزیشکی ئەنجام بدەن و کەسی نەخۆش ناچارە مەودایەکی 3 – 4 کاتژمێری و یان زیاتر هەتا ناوەندی پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات ببڕێ کە لە هەندێ حاڵەتدا جەستەی نەخۆش لە نیوەی ڕێگەدا دەگەڕێنرێتەوە. هەروەها بە سەردانی نەخۆشخانەکانی شاری تارانیش دەتوانین ئاپۆرەی قەرەباڵغی ئەو نەخۆشانە ببینین کە خەڵکی شارە جیا جیاکانن کە بە هۆی بێبەشیی ناوچەکەیان پەنایان بۆ ئەم شارە هێناوە و خۆیان و بنەماڵەکانیان لە حەوشەی نەخۆشخانە یان شەقامەکانی دەوروبەری نەخۆشخانە ڕۆژ دەکەنەوە.

| *پیاوێکی گەنجی عەرەب، لە وشکەمەنی فرۆشی خەڵکی شاری مەشهەد* |
| --- |
| *من هیچم لە کۆمەڵگایەکی دیکە ناوێ، چوونکە ئەگەر داوای شتێک بکەم، زیاتر بێهومێد دەبم. من خەڵکی ئابادانم، بەڵام لە بەر بێکاری لەم شارەم، ناچار بووم لە شوێنێکی دیکە داهات دەست بخەم.* |

هێشتا باشوور و سیستان و بەلووچستان و هەروەها ناوچە سنوورییەکان و بەتایبەت گوندەکانی ئەو دەوروبەرییانە گازکێشی نەکراون و بە هۆی نەبوونی گاز، لەم ساڵانەی دواییدا، لە قوتابخانەکانی کوردستان و بەلووچستان بە هۆی کەڵکوەرگرتن لە زۆپای نەوتی کارەساتی زۆر گەورە ڕووی داوە کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی کۆمەڵێ منداڵ و مامۆستا و ئاسەواری سووتمان لە سەر جەستەی زۆرێک لە قووتابیان ماوەتەوە. سینەما و پارک و کاتی پشوو لە شارە سنووری و سنوورەکانی ئێراندا هیچ واتایەکی نییە. ژێربنەما گەشەیی و پیشەسازی و جادەییەکان لە ناو کەمینە و سنوورەکاندا زۆر ناستاندارد و کارەساتخولقێنە و جادەکانی ئەو ناوچانە بۆتە کوشتارگە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بە بەڕێوەبەرییەکی دروست و بە بێ هەڵاواردنی ئێتنیکی – ئایینزایی بەتایبەت لە بواری تەندروستی و پەروەردە و بە ڕەچاو گرتنی لانیکەمی سنووری ناوچەیی و ژێربنەما جادەییەکان بە جیدی پێداچوونەوە بە پێوەرەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بکرێتەوە و بۆ ڕێگری لە زیانی قەرەبوونەکراو، کەمایەسییەکانی ڕاست بکرێتەوە و بۆ ئەم مەبەستە داپەڕی گونجاو بگیرێتە بەر.

دەوری ڕاگەیاندنە گرووپییەکان لە هاوپەیوەندێتی شوناسی (بوونی دادپەروەریی میدیایی نێوانئێتنیکی)

ڕاگەیاندنە نیشتمانییەکان بانگەشە بۆ ئەو شوناسە گشتییە دەکەن و پیشانی دەدەن کە لە سۆنگەی ئایینزایی و سیاسییەوە پەسندکراوی دەسەڵاتە و لەم پێناوەدا، کەمینە ئێتنیکی – ئایینزاییەکانی ئێران لە سیاسەتەکانی ناوەندی دەنگ و ڕەنگی نەتەوەیی هیچ پێگەیەکیان نییە. ناوەندی دەنگ و ڕەنگی نیشتمانی، کە ڕەواڵەتە ئۆبژەییەکەی تەلەڤیزیۆن و میدیاکانی دەوڵەتە، ئەو جۆرەی کە شیاوە شوناسی ئێتنیکی پیشان نەداوەتەوە، بە جۆرێک کە ناتوانین بە هیچ چەشنێک ناوی نەتەوەیی لە سەر کاناڵە ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنە ناوخۆییەکان ببیین. لە ڕاستیدا، میدیا پارێزگاییە دامەزراوەکانیش زیاتر لە ماکێتی کەلتوور و ژیانی ئێتنیکەکان دەچێ و ئەو جۆرەی کە دەبێ ڕەنگدانەوە و وەڵامدەری خواستە کەلتوورییەکانی ئێتنیکییەکان بێ نییە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ڕاگەیاندنەکان دەبێ بە پێی ئەرکی خۆیان، لە پێناو یەکگرتوویی ئێتنیکی و یەکدەستی و هاوپەیوەندی ناوەڕۆکی میدیایی بەرهەم بێنن. بۆ ئەم مەبەستە کاربەدەستان دەتوانن ئەو کارانە بەرهەم بێنن کە جەخت لە سەر پێشینەی مێژوو و کەلتووری هاوبەشی ئێرانییەکان بکەنەوە، کەڵک لە بلیمەتە ئێتنیکییە میدیاییەکان لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگ بگیرێ و لە سیاسەتی لێکچوواندن و ئایینزایی پەتی خۆ بە دوور بگیرێت. هەروەها

پرسە کەلتوورییەکان بە سیاسی نەکرێن و بۆ هەموو ئێتنیکەکان ڕوانگەی یەکسان بوونی هەبێ و ڕێز لە نەریت و ڕفتارە کەلتوورییەکانی ئێتنیکەکان بگیرێ بۆ ئەوەی لە سەر ئەم بنەمایە ئێتنیکەکان زیاتر بناسرێن و مەودای نێوان شوناسە ئێتنیکییەکان کەم بکرێتەوە. بێگومان ڕاگەیاندنەکان بۆ دروستکردنی پانتایەک بۆ پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانەی ئێتنیکی وەک کۆڵەکەی بنەڕەتی دێنە ئەژمار، بەڵام هەتا ئەوڕۆ، میدیا گشتییەکان و لە سەروویانەوە تەلەڤیزیۆن نەیتوانیوە خواستی گشتیی خەڵک بەدی بێنن و هەر ئەم بابەتە خەڵکی بەرەو میدیا ئۆنلاینەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هان داوە. لە لایەکی تریشەوە فیلتێرینگ و بەرەنگاربوونەوەی ڕەقامێزانە لەگەڵ میدیاکان، لە لایەن هەندێ لە ڕەوتە هزرییەکانەوە، پیشاندەری پاوانە بوونی زانیاری و ڕێگری لە گەڕانی ئازادانەی زانیارییەکانە. لەم پێناوەدا پێشنیار دەکرێ لە بری بەرەنگاربوونەوەی میدیاکان و داخستنی دەلاقە زانیارییەکان، بە سینگ فراوانییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بابەتە بکرێ و نە تەنیا پانتای میدیایی ئۆنلاین ئازاد بکەن، بەڵکوو هەلی هاتنی کەرتی تایبەت و حیزبە سەربەخۆکان بۆ ناو بواری میدیایی تەلەڤیزیۆنی دابین بکەن و مۆڵەتی دامەزراندنی کاناڵی تایبەتیش بدرێ بۆ ئەوەی میدیا تایبەتەکانیش لەگەڵ میدیای نیشتمانی بەرنامە بەرهەم بێنن و بڵاوی بکەنەوە. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕکابەری تەندروست و گەڕانەوەی متمانی گشتی بۆ میدیای نەتەوەیی.

**بەستێنسازی بۆ لێکنزیککردنەوەی ئایینزا و ئایینەکان لە ئێران**

بەشێک لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە لە هەر دوو شوێنکەوتووانی ئەهلی شێعە و ئەهلی سوننە ئاماژە بە وەلانانی هزری ئایینی لە سیستەمی سیاسی فەرمی و گرتنە بەری هەلومەرجی حکوومەتی سکۆلار دەکەن. لەو ئاسەوارە گرنگانەی کە ئەم بابەتە دەتوانێ هەیبێ وەلانانی هەر چەشنە پێپاشتربوون و ئیمتیاز بە پێی هزری ئایینییە و ئەو بەهرە مرۆییانە بە کار بهێنرێن کە بە پێی زانست و پسپۆڕی کەسەکانە.
ڕێکارە پێشنیارییەکان لە لایەن زۆرینەی بلیمەتە توێژینەوە لە سەرکراوەکانە بۆ ئەوەی "دیمۆکراسی ئایینزایی زۆرینەیی" سوودی لێ وەربگیرێت.

| |
|---|
| *باقر سەدری نیا، ئەندامی لێژنەی زانستی و مامۆستای زانکۆ خەڵکی تەورێز (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات)* |
| *ئایینزای فەرمی نابێ جۆرێ گەڵاڵە بکرێ کە هەندێ خۆیان لە کەمینەدا ببیننەوە و ئایینەکانی تر هەست بە بێبڕێزی یان سەرکوت بکەن.* |

کەڵک وەرگرتن لە دەفرایەتیی دیموکراتیکی یاسایی و جێبەجێکردنی مادە ڕاگیرکراوەکانی یاسای بنەڕەتی یەکێک لەو خاڵانەی کە لە بەشی ئەنجامەکان زۆر قسەی لە سەر کرا گەڕانەوە بۆ مادە جیاوازەکانی یاسای بنەڕەتی بوو و وترا کە زۆرێک لە داخوازییە وتراوەکانی گرووپە ئێتنیکییەکان دەتوانین بە گەڕانەوە بەم مادانە بیاندۆزینەوە. بابەتی ئازادییە ئایینی و ئایینزایی و مرۆییەکانی نووسراوی مادەکانی دوازدەهەم، سێزدەهەم، چواردەهەمی یاسای بنەڕەتی پەروەردە بە زمانی دایکی و لە مادەی پازدەهەم و دیکەی مادە پەیوەندیدارەکان بابەتی یەکسانیی ئێتنیک و نژادە جیا جیاکان و لە مادەی نۆزدەهەم و زۆر مادەی دیکە باس لە جۆرێ توانای پەنگراو و پتانسییەلە دیموکراتییەکانی یاسای وڵات بۆ وەدیهێنانی مافەکانی کەمینە ئێتنیکی

و ئایینزاییەکان دەکات. بەڵام ئەو بابەتەی کە بۆتە هۆی ناڕەزایەتیی ئەم گرووپانە و ئەنجامی وەدەستهاتووی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ڕاگیرانی ئەم یاسایانە لە سەر ئاستی کتێبە یاساییەکان و جێبەجێ نەبوونی ئەم یاسایانە لە درێژەی تەمەنی چل ساڵەی شۆڕشی ئیسلامییە کە لە هەندێ حاڵەتدا توندیی ئەم ناڕەزایەتییانە تا ئەو ڕادە زۆر بووە کە بەرەو جۆرێ قەیران و دارمانی کۆمەڵایەتی دەچێت. بە جەماوەریکردنی کاروبارە کەلتوورییەکانی ئێتنیکەکان کلیلی چارەسەری کێشەکانە. لە درێژەی سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان بە ئاراستەی هزری و سیاسی جۆراوجۆرەوە هاتوونەتە سەر کار و ڕۆشتوون، بەڵام هیچ کامیان جەسارەتی قسە کردن لە سەر مادە ڕاگیراوەکان نەکردووە و بۆ جێبەجێکردن و بە کردەیی کردنی هیچ هەوڵێکیان نەداوە و دەوڵەتی ئێستاش بۆ ئەم مەبەستە هەنگاوێکی ئەوتۆی نەهاویشتووە.

| |
|---|
| *موحسین سوودمەند، دەروونناس و ڕاوێژکار خەڵکی ئەردەبێل (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)* |
| *پەروەردە بە زمانی دایکی دەتوانێ بچەسپێنرێت. دەبێ بخرێتە ئەستۆی خەڵک خۆیان. ئەمە مافە و لە یاسای بنەڕەتیدا ئاماژەی پێکراوە. دەسەڵات یان وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنان ڕێگە بدا ئەگەر پێشوازی لێ کرا، خولی بۆ دابنێت.* |

وەک وترا، زۆرێک لە داخوازیی ئێتنیک و ئایینزا جۆراوجۆرەکان لە ئاراستەی ئەم مادانەدان و زۆرێک لەو ستەمانەی کە دەکرێ ئەنجامی هەڵسوکەوتی سەلیقەیی بەڕێوەبەرە ناکارامەکان بووە. کەواتە پێویستە لە هەلومەرجی ئێستای وڵات و بوونی جۆرەکانی قەیران، وەک یەکێ لە ڕێگە چارەکان لە بواری داخوازیی ئێتنیکەکان و گەیشتن بە ئاشتی و ئاشتیی بەردەوام لە ناو ئێتنیک و ئایینزا جۆراوجۆرەکان، دیسان بچنەوە سەر مادە دیموکراتیکە یاساییەکان و بە تاوتوێکردنی یاسا، وێڕای دژایەتی کردنی ڕوانگە سەلیقەییەکانی هەندێ لە تاکەکان و هەندێ ناوەند، لە پێناو هێورکردنەوەی بزاڤە ناڕەزایەتییەکان و بزووتنەوە ئێتنیکی و ئایینزاییەکان نەرمی نوێنییەک دروست ببێت.
ئەمە پوختەی کتێبی "لە سنوورەوە هەتا سنوور توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران" کە دەقە تەواوەکەی بە زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی لە لایەن چاپخانەی مێهری چاپ کراوە و ئێستاش ئامادەیە.

**سەبارەت بە نووسەر**

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر، براوەی خەڵاتی «ناmooس» لە زانکۆی یاسای لەندەن لە بنیاتی مافەکانی ژنان **(IKWR)** و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانی ئاشتی بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە**. توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیکەکان و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەزێتی (جێندەر) و منداڵان بووە. وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی ئەستەنبۆڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

- **ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا** (ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ داب و نەریتی مزۆپۆتامیا)؛ (Etkim press (Istanbul, Turkey 2009

**-بە ناوی نەریت** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران) کە لە لایەن Uncut Voices Press-Frankfurt و وەشانخانەی شیرازە چاپ کراوە؛

- **زایەڵەی بێدەنگی** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) بڵاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛

- **ماڵێک لە سەر ئاو** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە / هاوسەرگیری کاتی لە ئێران) کە دەقە فارسییەکەی لە لایەن وەشانخانەی شیرازە بڵاو بۆتەوە و وەشانخانەی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە؛

- **ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری سپی لە ئێران) بە ئینگلیزی و فارسی کە وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛

- توێژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تاڵانی منداڵی** بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕی منداڵانی لە تاران تاوتوێ کردووە و لە ساڵی 1398ـی هەتاوی ڕوونوێنی کرا؛

- دەقی ئینگلیزی و فارسی دەقی **شاری قەدەغەکراو** (توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران) کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

- و توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنوورەوە هەتا سنوور** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران) کە 5 ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

-دوایین توێژینەوەکانی نووسەر سەبارەت بە **خەتەنەی پیاوان** و **جۆرەکانی کاری منداڵان لە ئێران** خەریکە چاپ دەکرێت.

توێژینەوەکانی لە ماڵپەڕی خۆیان دەست دەکەوێت: www.kameelahmady.com

## سه ر چاوه کان:


- Bowen. Kyle. (2015). Identity politics Online Communities in Iran.
- http://smallmedia.org uk revolutiondecoded a RevolutionDecoded _Ch4_Onlin eCommunities.pdf
- Eriksen. T H (1993) Ethnicity and Nationalism: Antropological Perspectes London: Pluto_Fanon. F. (1967) Black Skin White Masks. New York: Grove
- ——— (1993). Erincity and nationalisim. London: Pluto press.
- Glazer, N. & Moynihan D. (eds) (1975). Ethnicit: Theory and Experience. Cambridge: Harvard University Press.
- Gosh. Biswajit. (2009). NGOs, Civil Society and Social Reconstruction in Contemporary India. Journal of Developing Societies, 25. p. 22.
- آذری، مهرداد (1361) آذربایجان و نغمه‌های تازه استعمارگران. تهران: هفته.
- اباذری، یوسف (۱۳۹۳) جامعه بازار درگیری وضعیت اجتماعی کشور (کتاب چکیده‌ها) تهران: شورای اجتماعی کشور، ص 203-208.
- اسمیت، آنتونی. (1383). ناسیونالیسم، نظریه، ایدئولوژی، تاریخ (ترجمة منصور انصاری)- سنندج: دانشگاه کردستان.
- اشرف، احمد. (1378)، هویت ایرانی در سی ایرانیان خارج از کشور (جلد دوم نت و تجدد). بولتن فرهنگی معاونت امور بین الملل اقدامات فرهنگ و ارشاد اسلامی تهران.
- امیراحمدی، هوشنگ (1377). قویت و امنیت (ترجمة حصن شفیعی). فصلنامه مطالعات راهبردی، 1(2)، ص 207-234.
- اوز کریملی، اورموت، (1383). نظریه های ناسیونالیسم (ترجمه محمد علی صادقی ). تهران: تمدن ایرانی (وابسته به موسسه مطالعات ملی).
- برتون، رولان، (1396). قوم شناسی سیاسی ترجمه ناصر فکوه). تهران: نی.
- تاجیک، محمدرمضا. (1379). روشنفکر ایرانی و معمای هویت ملی. فصلنامه مطالعات ملی، 5، ص 159-176.
- توحیدفام، محمد، (1382). فرهنگ در عصر جهانی شدن. تهران: روزنه.
- جلایی پور، حمیدرضا. (1372). کوردستان، علل تداوم بحران آن پس از انقلاب اسلامی. تهران: مؤسسه چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه.
- حق پناه، جعفر، (1382) روند تدوین سیاست‌های قومی در جمهوری اسلامی ایران. فصلنامه
- مطالعات راهبردی، 6 (91)، ص 462 – 542.
- دوران، بهزاد و محسنی، منوچیر. (1382) هویت؛ رویکردها و نظریه ها. مجله علوم تربیتی و روان شناسی (ویژه نامه هویت)، ج 1(1) مشهد: دانشگاه فردوسی.
- دیاکونف، میخائیل. (1383). تاریخ ایران باستان (ترجمة روحی ارباب ). تهران: علمی و فرهنگی- : رضایی، مریم و تقوایی، مسعود. (1385). جایگاه شهرهای کوچک در تعادل بخشی توزیع فضایی جمعیت. فصلنامه جمعیت، 67 و 68، ص 1 – 18.
- روح الامینی، محمود (1368) زمینه فرهنگشناسی تهران: عطار.

- زیباکلام، صادق و مقتدایی، مرتضی. (1393). احزاب سیاسی و نقش آن در توسعه سیاسی ایران: مطالعه موردی انتخابات. فصلنامه تخصصی علوم سیاسی، 10 (29)، ص 7-28.
- سیادت، موسی، (1374). تاریخ خوزستان از سلسله افشاریه تا دوران معاصر. قم: مؤلف.
- طامه، مجید، (1396) برنامه صبح به خیر ایران شبکه یک صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران، 21 اسفند 1396.
- عبداللهی، محمد و حسین بر، محمد عثمان (1381). گرایش دانشجویان بلوچ به هویت ملی در ایران. مجله جامعه شناسی ایران، ص 101 – 126.
- عبداللهی، محمد و قادرزاده، امید. (1388). هویت جمعی غالب کردها در کشورهای ایران و عمران نامه علوم اجتماعی، 17 (36)، ص 1-25.
- مولر، گراهام. (1372)، قبله عالم (ترجمه سیاسی خیر تهران برتر. کریمی مله، علی، (1388)، آینده شناسی هویت‌های جمعی تهران تهران: مؤسسه مطالعات علمی.
- گورونگ، شن. (۱۳۸۱). دموکراتیک سازی مناسبات بین المللی گزارشی گفتگو. 1 (2)، ص 36 – 44.
- گل محمدی، احمد. (1386) جهانی شدن فرهنگ، هویت. تهران: نی.
- ــــــــــــ. (1381). نگاهی به مفهوم و نظریه های جهانی شدن. فصلنامه مطالعات ملی، 3 (11)، ص 18.
- ماتیل، الکساندر، (1383). خاور میانه: دایرة المعارف ناسیونالیسم (ترجمه کامران فانی و محبوبه مهاجر). تهران: کتابخانه وزارت امور خارجه.
- میر محمدی، معصومه سادات. (1390). مقایسه صلح پایدار در اندیشه انسان محور تانت و صلح عادلانه در اندیشه متفکران شیعی معرفت ادیان، 2 (4)، ص 117 - 146.
- ماڵپەڕی زانیاری بەخشینی ئەهلی سوننەی ئێران. (1394ـی ئێران). ڕووخاندنی مزگەوتی ئەهلی سوننە لە تاران. بڕوانە http://sunnionline.us/farsi/2015/07/3914 (ڕێکەوتی دەستپێڕاگەیشتن: 98/1/10).
- هەواڵدەریی ئیلنا. (1396ـی هەتاوی). حەسەن ڕۆحانی: ئابووریمان ڕادەستی دەوڵەتێک کردووە کە هەم چەکی هەیە و هەم میدیا.
- بڕوانە https://www.ilna.ir-3/503574
- هەواڵدەریی ئیلنا. (1396ـی هەتاوی). حەسەن ڕۆحانی: ئابووریمان ڕادەستی دەوڵەتێک کردووە کە هەم چەکی هەیە و هەم میدیا. بڕوانە www.khabaronline.ir/news/679394 (ڕێکەوتی دەستپێڕاگەیشتن: 97/11/16).
- هەواڵدەریی خبرآنلاین. (1393). خەڵکی ئێران لە چ کەرتگەلێکدا ئیش دەکەن؟ / پیشەسازیترین پارێزگاکان بناسن. بڕوانە www.khabaronline.ir/news/375259 (ڕێکەوتی دەستپێڕاگیشتن: 97/12/27).
- هەواڵدەریی فرارونیوز. (1394). مستەفا مەلەکیان: خۆگەرەکیی مێژوویی ئێرانییەکان. بڕوانە https://fararu.com/fa/news/250360 (ڕێکەوتی دەستپێڕاگەیشتن: 97/11/16).
- "دەوڵەتی سێبەر" چییە؟ (1396). بڕوانە www.isna.ir/news/96031005923 (ڕێکەوتی دەستپێڕاگەیشتن: 97/11/22 )
- تۆڕی ئاگاداریی راه دانا. (1397). هونەری نەوەی ئەمڕۆ لە ڕوانگەی سەعید جەلیلی. بڕوانە http://www.dana.ir/news/1389632 (ڕێکەوتی دەستپێڕاگەیشتن: 97/11/18 )
- ویکیپێدیای فارسی https://fa.wikipedia.org

وڵاتی ئێران خاوەنی فرەخوازیی شوناسی و فرەڕەنگیی ئێتنیکی و ئایینزایی زۆرە و نەبوونی نۆڕمی هاوبەش و هەڵاواردنی ئێتنیکی بۆتە هۆی ئەوەی هاوپەیوەندی و یەکدەستیی نەتەوەیی زیانی پێ بگا کە وەها بارودۆخێک دیاردەی ئێتنیکخوازی لێ دەکەوێتەوە.
فرەیی و فرەڕەنگیی شوناسی ڕاستییەکی ناو زۆربەی کۆمەڵگاکانی ڕابردووە و هەتا ئێستاش دەیبینین و لە سەردەمی هاوچەرخدا، هاوکات لەگەڵ دیکەی گۆڕینە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان فرەڕەنگیی و فرەیی شوناسی زیاتر بووە و لە سەرچاوە کۆنەکانی وەکوو نژاد، ئایین، ئایینزا و نەتەوە، شوناسخوازییە نوێکانی ڕەگەزێتی، هۆگریی سێکسی، شێوازی ژیان، گرووپی نیمچە ئایینی و دیکەی فاکتەرەکان خوازیاری بە فەرمی ناسین.

